## یەکەم:- چەمکی کۆنی بە بازارکردن:

1- بەپێی ئەم پێناسیە واتایی تەقلیدی بەبازارکردن :- بریتیە لە چالاکی مرۆیی تایبەت بەتاکەکان و بەکارهێنان و گۆڕینەوە لەسەر بنچینەی بەها بۆ تێرکردنی ئارەزووکان و پێداویستیەکانی تاکەکان لە کەل وپەل و خزمەتگوزاری.

2- بەکارهێنانی کرداری گۆڕینەوە بۆ تێرکردنی ئارەزوەکان و پێداویستیەکان بەلایەنی کەمەوە دوولایەن هەبێت ئەوانیش بەرهەمهێن و بەکاربەر،وە پێشکەشکردنی کالا و خزمەتگوزاری بە بەکاربەرەکە

- هەروەها پێویستە لەکرداری گۆڕینەوە ئەم مەرجانە ڕەچاو بکرێت:-
  1- هەردوو لایەن ئارەزوی جێ بەجێکردنی ئەم گۆڕینەوەیان هەبێت.
  2- هەردوو لایەن خاوەنی کالاَو شتومەکەکە بن کە بەهای هەبێت لە ڕوانگەی لایەنی بەرامبەر.
  3- هەردوو لایەن توانایان هەبێت لەسەر جێ بەجێکردنی گەیاندن و گواستنەوە لەسەر پێدنی (دورة تسلم).

## دووەم :- جیاوازی نێوان فرۆشتن و بازاڕگەری (تسويق)

- ڕەنگە تێکەڵی بکات هەندێ کەس لەنێوان کاری فرۆشتن و کاری بازاڕگەری وای دادەنێت کە چەمکی بازاڕگەری هاوتایی چەمکی فرۆشتنە بەڵام ئەمەش ڕاست نی یە ... فرۆشتن تەرکیز دەکاتە سەر هەڵسوکەوتی بەرهەمەکە و فرۆشتنی بەکار هێنەر بەڵام بازاڕگەری گرنگی زۆری هەیە وە پێکدێت لە چەندین چالاکی لەوانە پلان بۆ (کەل و پەل - نرخ دانان  دابەشکردن - پڕوپاگەندە کردن) (الترويج) ئەو خشتەیەی خوارەوە هەندێ جیاوازی ئەو دوو چەمکە ڕوون دەکاتەوە.

| ز | فرۆشتن | بازاڕگەری ( تسويق ) |
|---|---|---|
| 1 | گرنگی بە بەرهەم دەدات | گرنگی بە پێداویستی دەدات |
| 2 | یەکەم جار بەرهەم ئینجا بیرکردنەوە لەسەر چۆنیەتی ساغ کردنەوەی بەرهەمەکە(واتە دەست پێدەکات دوای کرداری - بەرهەم هێنان لەگەل دەستەبەر کردنی قازانج) | دەست پێدەکات بەدیاری کردنی پێداویستی بەکاربەران ئینجا بیرکردنەوە لە بەرهەم هێنانی بەپێی ئەو پێداویستیە(واتە دەست پێدەکات پێش کرداری بەرهەم هێنان بەدیاریکردنی بەکاربەر چی دەوێت) |
| 3 | ئامانجی کارگێڕی زیات کردنی قەبارەی بەرهەم | ئامانجی قازانجە لە ماوەیەکی درێژ |
| 4 | پلانی بە بازاڕکردن لە ماوەیەکی کورت | پلانی بە بازاڕکردن لە ماوەیەکی درێژ |
| 5 | جەخت لە پێویستی لایەنی فرۆشیار دەکاتەوە | جەخت لە پێویستی لایەنی کڕیاران دەکاتەوە |
| 6 | بەرپرسە لە کارگێڕی فرۆشتن بە هەڵبژاردنی باشترین پێشەکی بۆ فرۆشتن و ڕاهێنانیان و دیاری کردنی ناوچەی فرۆشتن | بەرپرسە لە کارگێڕی بە بازاڕکردن واتە کرین کە هەڵدەستێت بە پلان دانانی بەرهەمەکان لە داڕشتن و نرخاندن و دابەشکردن و گەڕانی بازاڕ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | تەرکیزکردن ← | هۆکار ← | ئامانجەکان |
| فرۆشتن | بەرهەمەکان ← | فرۆشتن و دابەشکردن ← | قازانج بەهۆی زۆربوونی قەبارەی |
| بەبازاڕکردن | پێداویستی کڕیارەکان ← | تەواوکردنی چالاکی بەبازاڕکردن ← | قازانج بەهۆی رازیبوونی بەکاربەر |

**( التوجه بالتسويق )**

**التوجيه بالبيع والتوجه بالتسويق**

**سێیەم: پێشکەوتنی چەمکی بە بازاڕکردن :-**

چەمکی بە بازاڕکردن وە پێشکەوتنی ئەم چەمکە تێپەڕدەبێت بە سێ قۆناغی سەرەکی بەدوای یەک دا هاتوون

1- **قۆناغی ئاراستەی بەرهەمهێنان ( 1900 – 1930 )**

2- **قۆناغی ئاراستەی فرۆشتن (1930 – 1950 )**

3- **قۆناغی ئاراستەی بە بازارکردن (1950 – تاوەکو ئەمڕۆ)**

**أ- قۆناغی ئاراستەی بەرهەمهێنان ( 1900 - 1930 )**

ئەم قۆناغە بە زۆربوونی داواکاری خستنەڕووی کەل وپەل دەناسرێ . وە تەرکیز دەکات بە گرینگی دان لەسەر زیادکردنی بەرهەمهێنان بۆ گرینگیدان بەپێویستیەکانی تاکەکان کێشەی کەم و کوڕی بەرهەمهێنان بوو. وە گرینگدان بەم پێویستیانە... وە پاشان لێرەدا هیچ گرینگی بە بازاڕکردن نەدەدرا. وە کەم و کوریەکانی ئەم قۆناغە کە تەنها تەرکیزی لەسەر بەرهەم دەکرد... تەکیزی نەدەکردە سەر پێویستیەکانی گۆراو بۆ کڕیارەکان.. وە لەسەر منافسیەکان وە تەرکیزی نەدەکرد لەسەر بەرهەمهێنانی خزمەتگوزاری نوێ کرداری (تسویق) کردنی کەل و پەل و دابەشکردنی بەسەر چالاکی دیاریکراو جێ بەجێ دەکرد وەك بەشی فرۆشراو بەسەر فرۆشیاران وە چاودێری کردنیان. فەلسەفەی ئەم قۆناغە **بەبازاردەکرێ هەرچەند بەرهەم بهێندرێ (تسويق مايمكن انتاجة)** باو بوو.

**ب قۆناغی ئاراستەی فرۆشتن** (1930 1950)

ئەم قۆناغە ڕێژەیەکی زۆر پیشەسازی لەخۆ دەگرێ و خستنەڕووی لە بەرهەمەکان لە بەرامبەردا داواکاریان زۆر کەمی کردووە ئەمە لەساڵی 1929 دروست بوو گرنگی یان دا بەلایەنی فرۆشتن فەلسەفەی ئەم قۆناغە **بەبازاڕدەکەین هەتا بکرێ بفرۆشرێ_( تسويق ما يمكن بيعه)** گرنگی بە ئیدارە فرۆشتنی ئەم قۆناغە بەوە دەناسرێت کە فرۆشتنی زۆر وای لە کڕیار کرد هەمیشە بکڕێت.

**ج قۆناغی ئاراستەی بەبازارکردن** (1950- **تا ئەمرۆ**)

فەلسەفەی ئەم قۆناغە **بەرهەم دێنین کەبتوانین بەبازاڕی بکەین (انتاج ما يمكن تسويقة)**. زانین لەسەر داواکاری و ویستی بەکارهێنەری ئەوکاتە بەهەم دەهێنرێت هەموو لایەکی کۆمپانیا بەشدارە لەوەی دێتە بەرهەم ئەم قۆناغە بەوە جیا دەکرێتەوە خێرایی لە داهێنان و بردنە پێشی بەرهەمەکان و ڕەزامەندی بەکارهێنەر بەدەست بهێنێت.

یەکێك لەلایەنە باشەکانی ئەم قۆناغە (خێراییە لە داهێنانی بەرهەمی نوێ بۆ گۆڕینی ئارەزووەکانی بەکاربەران وە زیادکردنی هێزی منافەسە لەپێناو سەرنج ڕاکێشانی بەکاربەران و وە دەستکەوتنی ڕەزامەندیان وە ئەوەی یارمەتی پێشکەوتنی ئەم قۆناغە دەدات بریتیە لە هۆیەکانی تەکنەلۆژی و ئابووری و کۆمەلایەتی.

## چەمی نوێ بە بازاڕکردن

فەلسەفەی نوێی ئەمڕۆ بۆ بە بازاڕکردن سەری هەڵدا کە ناسراوە بە چەمکی نوێ بۆ بە بازاڕکردن بووە هۆی دڵنیاکردنەوە لەسەر ئاراستە **بەرەو بەکاربەر**. وە گرنگی کاری ڕێکخستن تەواو لەنێوان هەموو **لایانەکانی بە بازارکردن** لەپێناو بەدی هێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراو وە بەم جۆرە بەکاربەری کۆتایی یان بەکارهێنەری پیشەسازی بەپێی ئەم شەمکە بریتیە لە بەرێوەبەری سەرەکی بۆ کۆمپانیا وە بریتیە لەخاڵی سەرەتایی و کۆتایی لە پلان دانانی سیاسی و دەرکردنی بریاری گرنگ .

- **بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە چەمکی نوێ بۆ بە بازاڕکردن لەسێ بیرو ڕای سەرەکی خۆی دەنوێنێت ئەمانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:-**

1- هەموو کردارەکانی کۆمپانیا پشت دەبەستێت لەسەر چەمکی **(بەرەو بەکاربەر)** بەو مانایەی هەرکەسێك لە ڕێکخراو کار دەکات لە ئاستە جیاوازەکانی کارگێڕی پێویستە گرنگی بە بایەخی بەکاربەر بدات وە هەوڵی جێ بەجێکردنی هەموو ئەو کارانە بدات لە تێرکردنی لە ئارەزووەکانی بەکاربەران.

2- کاری ڕێکخستن و تەواوکردن لە نێوان هەموو **لایەنەکانی بەبازارکردن** بەو مانایەی هەموو ئەم لایانە (پلان دانانی بەرهەمەکان  نرخ دانان دابەشکرد  فرۆشتن  پرۆپاگەندەکردن ) پێویستە لەژێر بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەری بە بازاڕکردن بێت .

3- وەرگرتنی ئەم دوو تەوەرەی پێشوو ئاراستە بەڕووی بەکاربەر وە ڕێکخستنی لایەنەکانی بە بازاڕکردن کە هاوبەشی دەکات لە بەدی هێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراو وە بە تایبەت ئەو پەیوەندیەی هەیە بە ماوەیەکی درێژ وەك ( قازانج و گەشەکردن ).

- **پێویست دەکات جێ بەجێکردن بە باشترین شێوە بۆ ئەم چەمکی بە بازاڕکردنی نوێ یە هەندێ مەرج دەگرێتەوە بەپێی ئەو خاڵانەی خوارەوە:-**

1- بونیادنانێکی تەواو لە لایەن کارگێڕی باڵا بۆ فەلسەفەی چەمکی نوێ بۆ بە بازاڕکردن کە بەم هۆیەوە ئەم فەلسەفەیە ببێتە بنچینە بۆ هەموو بڕیارەکانی دەرچوو لە ڕێکخراو.

2- دروستکردنی سیستەمێکی نوێ بۆ زانیاری  بە بازاڕکردن بە مەبەستی زانینی ویست و ئارەزوەکانی کڕیارەکان وە بەکارهێنانی ئەم زانیاریانە بۆ پلان دانان و چالاکی بە بازاڕکردنی جۆراو جۆر.

3- دووبارە ڕێکخستنی ڕێکخراو بە شێوەیەك لێکۆڵینەوە بکات لە پەکخستنی تەواو بۆ هەموو لایانەکانی بە بازاڕکردن و بە بازاڕنەکردن (التسويق و غير التسويق) .

4- ئامانجی کۆتایی ڕیکخراو لەم چەمکە بریتیە لە دروست کردنی پەیوەندیەکی باش و درێژخایەن لە گەڵ هەموو کڕیارەکان کە مامەڵەیان لەگەڵ دا هەیە وەلە بە کاربەرانی کۆتایی . دابین کەرانی کەرستەی سەرەتایی (الموردين) و دابەشکەران و فەرمان بەرەکان وە دامەزراوەی تر.

5- ڕێکخراو هەوڵدەدات لەم چەمکە بە وەرگرتنی فەلسەفەی بەرهەمهێنان و بە بازاڕکردن بەپێی داوایی کڕیارەکان وە بە تایبەتی لە سایەی گەشەکردنی گەورەی تەکنەلۆژیا و زانیاریەکان وە بەکارهێنانی لە داڕشتن و نەخشە کێشانی بەرهەمەکان وە گەشە پێدان بە شێوەیەکی بەردەوام.

6- لە کۆتایدا دەوەستێت لەسەر وەرگرتنی ئەم چەمکە وە جێ بەجێکردنەکانی لەسەر مەودایی ڕۆشنبیری بە بازاڕکردن لەبەڕێوەبەرانی هەڵساو لەسەر جێ بەجێکردن وە هەروەها لەسەر جۆری چالاکی و قەبارەی ڕێکخراو .

پێناسەی چەمکی نوێ بۆ بە بازاڕکردن:- **بریتیە لە ئەرکێکی کارگێڕی لە ڕێکخراو لە دیاری کردنی ( نرخ  بەرهەم  پرۆپاگەندە  دابەشکردن ) وە ئاسانکردنی بەکارهێنانی وە گۆڕینی (ئالوگۆڕی) لەکات و شوێنی گونجاو وە بدی هێنانی ئارەزوەکانی کڕیارە جیاوازەکان وە بە تایبەتی چەماوەی خاوەن ئامانج و چاودێری کار لە بەدی هێنانی قازانجەکانی دارایی یان کۆمەڵایەتی لەم ڕێکخراوە بە کەمترین تێچوون بە کوالێتی دیاری کراو یان کوالێتی پێویست .**

- **لەم پێناسەیەدا دیاری دەکەین پێکهاتەکانی سەرەکی لە چالاکی بە بازاڕکردن ؟**

1- ماڤ هەموو ڕێکخراوێکی یاسایە لە کۆمەڵگا مومارەسەی چالاکیەکانی کات .

2- چالاکی مرۆڤی ڕێکخراو هەڵدەستێت لەسەر توێژینەوە و دراسە و پلان دانان و ڕێکخستن وە ئارستەکردنی چاودێری .

3- هەندێك ئەرکی سەرەکی هەیە وەك توێژینەوەکان ( پلان دان  دابەشکردن  نرخ دانان  پڕوپاگەندەکردن) هەروەها ئەرکێکی یارمەتیە وەك گواستنەوە قەرزکردن و پێداچوونەوە.

4- ئامانجی سەرەکی بریتیە لە ڕەزامەندی جەماوەری خاوەن ئامانجی ئێستا یان دواڕۆژ.

5- بەهای زیاد کە دەیبەخشێت بە بازارکردن بەڕێکخراوەکە پێکدێن لە ( گەڕاوەکان) لە دارایی یان کۆمەڵایەتی.

## <u>بەرپرسیارەتی کۆمەلاّتی بۆ بە بازاڕکردن</u>

**دەستەوارەیەکە دەربارەی ئەرك و چالاکی بۆ گواستنەوەی بیرۆکەکانی کۆمەڵاتی لە بازاڕ بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا ئەمەش لە پێناو پاراستیان وە بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی ژیانیان یان هانیان دەدات لە وازهێنان خو (عادات)ی خراپ یان ئاراستەکردنیان بە ئاراستەیەکی ڕەفتاری خوازراو** ئەگەر چی ئەم داوایە لە لایەن یاسا دەرچوو بێت وەك جگەرە کێشان دەبێتە هۆی مردن یاخود گیراوەی جفان بۆ منداڵان .

- **بە بازاڕکردن و پاراستنی بەکاربەر:-**

چەمکی پاراستنی بەکاربەر بریتیە لەوەی کە بەکاربەر بەهەڵەدا ببردرێت لە مواسفاتی کەل و پەل یان داتاکانی پێویست بۆ زانینی چوستی توانایی خزمەت گوزاریەکەی یان مەرجەکانی فرۆشتن یان شوێنەکانی کڕین .

**مەبەست لە پاراستنی بەکاربەر بریتیە لە گرێنتی بەدەست هێنانی مافەکانی لەلایەن بەرهەمهێنەکان و فرۆشیارەکان بە هەموو جۆرەکانی ئەگەر بازرگان بن یان بەرهەمهێنی پیشەسازی یان پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بن یان بلاّوکەرەوەی بیرۆکە بن ئەمەش لە چوار چێوەی چالاکی بە بازاڕکردن_**. بەمانایەکی فراوانتر بریتیە لە بابەتی ئالوگۆڕکێی کالاّو خزمەتگوزاری و فکرە لە چوارچێوەی سیستەمی گشتی کۆمەڵگا.

- **پرسیار:- دەتواندرێت پاراستنی بەکاربەر بەدی بهێندرێت لەڕێگایی بەرجەستە کردنی ئەم مافانەی خوارەوە بۆ بەکاربەر**

**1- مافی بەکاربەر لە دڵنیایی.**

**2- مافی بەکاربەر لە زانیاری.**

**3- مافی بەکاربەر لە هەڵبژاردن.**

**4- مافی بەکاربەر ڕێپێدان بە سکاڵاکردن.**

## بوارەکانی پاراستنی بەکاربەر

1- **بوارەکانی پاراستنی بەکاربەر لە قۆناغی پێش بەرهەم هێنان.**

2- **بوارەکانی پاراستنی بەکاربەر لە قۆناغی بەرهەم هێنان.**

3- **بوارەکانی پاراستنی بەکاربەر لە قۆناغی بە بازاڕکردن کە بەهۆی ئەمانەی خوارەوە دەبێت:-**

- **وەسفکردنی دروست لەڕاگەیاندن دەربارەی بەرهەم بەڕاستگۆیی. بۆیە پێویستە ئەم ڕوونکردنەوانە بگرێتەوە( مواسەفاتی بەرهەم  تایبەتمەندیەکانی  قەبارە و کێش  چۆنیەتی بەکارهێنانی  شوێنەواری باش و شوێنەواری خراپ بەکارهێنان  مەرجەکانی پاراستن )**
- **ڕاستگۆیی لە پێهەڵدان وە قەدەغەکردنی بەڵێنی ناڕاست یان دەرخستن و پیشاندانی درۆینە.**
- **گرینگی و پێویستی نرخ دانانی دروست بۆ کاڵاکان وە پابەندبوون بەڕێگاکانی نرخ دانان بۆ ئاسان کردنی بەراورد لەسەر کڕیارەکان.**
- **سیستەمی دابەشکردن . پێویستە گرەنتی کەل و پەل بگەیێنێتە شوێنی پێویست وەك کەل و پەل.**
- **گرینگی دان بە گرەنتی و چاودێری کەر بۆ کەل و پەل.**
- **گرینگی دان بە قوتو و بەرگ دەبێ دووبارە بوونەوە یان لێکچوون لە نیشانەی بازرگانی.**
- **گرینگی دان بە هاوسەنگی و پێورەکانی.**
- **گرینگی دان بە زانیاری بە کڕیارەکان کە توانایی هەبێت لە بەراوردکردن و هەڵبژاردن.**
- **گرینگی دان بە ناچارکردنی فرۆشیارەکان بە دانی خزمەتگوزاری و چاککردنەوەی دوای فرۆشتنی کەل و پەلی یەدەگ .**

## گرینگی بە بازاڕكردن لە كۆمەڵگا

1- بە بازاڕكردن زۆر پێویستە بۆ سوود بینین لە قازانجی و باشی بەرهەمەكانی گەورە كە دەردەكەوێت لە كەم كردنەوەی نرخ.

- بەرز بوونەوەی نرخی ئەو كالاْنەی كە كەمن و نزم بوونەوەی ئەو كالاْنەی كە ڕێژەیان زۆرە.

2- بە بازاڕكردن گرینگیەكی گەورەی هەیە لە جێ بەجێكردنی داهێنان و لەدەركەوتنی كار وە داهێنانی نوێ بۆ تێركردنی پێداویستیەكانی بەكاربەران.

3- بەبازاڕكردن ئاستی بژێوی ژیانی تاكەكانی وڵات بەرزدەكاتەوە بە تەركیز كردنی ئارەزوەكانی ئێستا یان لە داهاتوودا .

4- بە بازاڕكردن ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە بلاْوكردنەوەی ڕۆشنبیری .

5- دۆزینەوە و پەیداكردنی زۆر هەلی كار كە بوونی چالاْكی بە بازاڕكردن لە ڕێكخراو پێویستی بە دامەزراندنی كرێكار لە هەندێ بوواری تر یان بواری جیاواز كە نەوەستاوە تەنیا لەسەر ئەو بوارە تایبەتیانە بۆ تەواوكردنی چالاْكی بە بازاڕكردن لەوانە ( پیاوانی فرۆشتن  ڕاگەیاندن  ڕیكلام  لێكۆڵێنەوە ) بەڵكو لە شوێنی تری ناو كارگێری وەكو نەخشە كێشان بەرهەم هێنان وە هتد.....

6- بە بازاڕكردن بەشدارە لە بەرز بوونەوەی توانەی هۆیەكانی گواستنەوە و گەیاندن .

7- داگیركردنی بازاڕەكانی نێو دەوڵەتی بەهۆی دۆزینەوەی هەلی بە بازاڕكردن كە ئەمەیە شێوازێكی ڕاستەوخۆ ( وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ ) یان لە ڕێگایی شێوازێكی نا ڕستەوخۆ.

8- بەرانگار بوونەی منافەسەی كۆمپانیاكانی بیانی یان فرە نەتەوە لەناو بازاڕەكانی نیشتمان .

## ئاما نجی بە بازاڕكردن

1- گەورەكردنی پشكی بازاڕ بۆ ڕێكخراو .

2- دەستە بەركردنی ژمارەیەكی دیاری كراو لە قازانجی بەدەست هاتوو لە كرداری فرۆشتن .

3- ئاستێكی بەرز لە ڕەزامەندی بەكاربەران .

4- پاراستنی ناوەندی ڕكابەریەتی .

5- پێشبینی ویست و ئارەزووەكانی كۆمەڵگا خواستەكانی دواتر تێركردنی .

6- گەورەكردنی هەڵبژاردنی زۆر بۆ كالاْكان .

7- گەورەكردنی كوالێتی ژیان .

## بنەماکانی بە بازاڕکردن

1- **بەرنامەو پەیڕەوێکی زۆر ورد**:- بریتیە لە ئاراستە کردنی سەرجەم سەرچاوەکانی بەرەو بەکاربەر ئەم ئاراستە کردنە لە پلان دانانی بە بازاڕکردن وە لەم هەنگاوانە بەکاربەر گرنگی بە دامەزراوە دەدات لەبەر ئەوە ڕێکخراو هەڵدەستێت بە پلان دانان - بە بازاڕکردن وە لەم هەنگاوە بەکاربەر گرنگی بەدامەزراوە دەدات لەبەر ئەوە ڕێکخراو هەڵدەستێت بە پلان دانان لە پێناو ڕەزامەندی و تێرکردنی بە زانینی چ سەرنجی ڕادەکێشێت لە کەل و پەل و خزمەتگوزاری .

2- **گەڕان بەدوای قازانج و مانەوە لە بازاڕ**:- دامەزراو لە بەردەم منافەسەی بە هێزو ئابووری کراوە وە پارێزگاری لە کڕیارەکان کە لە پێکهاتە گرنگ و کاریگەر لە بەدی هێنانی قازانجەکان وە گرنتی .

3- **دابەش کردنی بازاڕ**:- بازاڕ دابەش دەبێت بەپێی بەرهەمەکان و خزمەتگوزاریەکان بۆ بازاڕەکانی ناوخۆ و نێو دەوڵەتی و بازاڕی هاو ڕەگەزی تا ڕەچاوی گونجانی ستراتیجی و داتاکانی بکات بەڕێگایەکی باش .

4- **تێکەڵ کردنی بە بازاڕکردن**:- تێکەڵی بە بازاڕکردن پێویستە دیزانی نەخشەی مەزیجی بە بازاڕکردن بکەین کە دەگەڕێتەوە بۆ ( بەرهەم  نرخ  دابەشکردن  ڕیکلام ) بە ڕێگایەك کە دایدەپۆشێت بە پێویستیەکان و داوکاریەکانی بازاڕ( أ. مرۆڤەکان   ب. ڕێگایی ماددی   ج. کرداری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ).

## بەشی دووەم

## البيئه التسويقيه

### 1- چەمكی ژینگە

(ژینگە بریتیە لەكۆمەڵێك پێكهاتە و هێز و هۆكار كە دەكەوێتە ناوە و دەرەوەی سنوری ڕێكخراو لە كۆمەڵگایەكی دیاری كراو كە كاریگەری ڕاستەقینەی هەیە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ و ناڕستەوخۆ لەئەدای بۆ هەمووڕێكخراوەكان بەپلەی جیاوازبۆ هەموولایەنەكانی دەرەوەی ڕێكخراوكە پەیوەندیان لەگەڵ ڕێكخراودا هەیە .

- پرسیار:- ئەگەر سەیری ئەم چەمكە بكەین دڵنیات دەكاتەوە لەوەی كە ژینگە پێك دێت لەمانەی خوارەوە.

1- كۆمەڵێك لە ناوە و دەرەوەی ڕێكخراو.

2- كاریگەری ئاڵوگۆڕكراوی هەیە ( لە نێوان ڕێكخراو ژینگەكەی ) بەو مانایەی ڕێكخراو كاریگەری دەبێت لە هەمان كات بە گۆڕانكاری ژینگە كە لە دەوروبەریەتی.

3- پلەی كاریگەر بوون كاریگەری جیاوازە جیاوازیەكەی بەپێی توانایی ڕێكخراوە لە كۆنترۆڵكردنی لە سەر گۆڕانكاریەكانی ژینگە وە پلەی نزیك بوونەوە لێیەوە.

4- گۆڕانكاریەكانی ژینگە = ژینگەی ناوەوەی ڕێكخراو + ژینگەی دەرەوەی ڕێكخراو.

5- گومانی تیادا نی یە كە گۆڕان لە ژینگە بەردەوامە وە دەتوانێت هەلی نوێ بدۆزێتەوە وە هەروەها ئاگاداركردنەوەی نوێ بۆ ڕێكخراو وە لەوانەیە گۆڕانكاری ڕووبدات بەشێوەیەكی لەسەرخۆ چاوەڕوانكراو وە لەوانەیە گۆڕانكاری ڕووبدات بەشێوەیەكی لەناكاو وە لێرەدا شتێكمان بۆ بەدەر دەكەوێت **ژینگەی بە بازاڕكردن = بەهەل + ئاگاداركردنەوە.**

### 2- مەبەست ژینگەی بە بازاڕكردن

( مەبەست لە **ژینگەی بەبازاڕكردن** بریتیە لە پێكهاتە و گۆڕانكاری ( سیاسی  یاسایی  ڕۆشنبیری  كۆمەلأیەتی  ئابووری  تەكنەلۆژی  منافسە ) وە هەروەها سەرەڕای ( بارودۆخ و توانایی ) كار لە ناوەوەی ڕێكخراو و كاریگەری هەیە لەسەر ئاستی چوستی و توانایی كردارەكانی بە بازاڕكردن بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ )

- **دەتوانین پێناسەكانی ڕابردوو كورت بكەینەوە بۆ ئەم خالأنەی خوارەوە .**

1- ژینگەی بەبازاڕكردن لە ڕێكخراو درێژدەبێتەوە لەناوەوەی ڕێكخراو بۆ دەرەوە ئەوەی دەوری داوە لەگۆڕانكاری جیاواز.

2- ئەم ژینگەیە بەگۆڕانكاری و هۆكارەكانی كاریگەری هەیە لەسەر مەودای هێنانەوە ئامانجەكانی ڕێكخراو لەسەر ئاستی ئەدائی چالأكی جیاواز وە تێچوونەكان.

3- ژینگەی بە بازاڕکردن کاریگەری هەیە لەسەر چوستی و توانایی ئەدائی بە بازاڕکردن بەجێهێنراو لە چالاکی تێکەڵ (مزیج)ی بە بازاڕکردن لە هەنگاوەکانی باشی و خراپی ( پلاندانان - نرخ دانان  دابەشکردن - ڕیکلام )

4- ئامانجی ڕێکخراو لە دۆزینەوەی ژینگەی بە بازاڕکردن بۆ گەیاندن و دەرچووەکانی ( مخرجات) وە نەخشەکێشان بۆ بەکاربەرەکانی.

5- سەرنج دانی ڕێکخراو بۆ ژینگەی بە بازاڕکردن لەسەر هەل بەڵکو ئاگادارکردنەوەش دەگرێتەوە.

- **بیانووەکانی ( پاساوەکانی ) توێژینەوەی ژینگەی بە بازاڕکردن ؟**
- تیۆری سیستەم :- هەر سیستەمێك بریتیە لە بەشێك لە سیستەمی فەرمی ( رەسمی ) دیراسە و پیلان دانان بۆ هەرسیستەمێکی لقی پێویستە دراسەیەکی مشتەرەك بکرێت لەگەڵیدا ( ڕیکلام کردن  کۆکردنەوەی زانیاری ) دەربارەی بازاڕ .
- دراسەی ژینگەی بە بازاڕکردن :. مانای دۆزینەوەی بارێکی گونجاو لە نێوان خاوەنداریەتی توانایی سامان کە گۆڕانکاری دەرەکی دێتە پێش ( هەل و ئاگادارکردنەوە )
- سەرنەکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لە کارەکانی ڕێکخراو:. لە ئەنجامی سنورداریەتی زانیاری وە توێژینەوەی ژینگە بوارەکانی ڕێکخراو زۆرترین توانای هەبێت لە سەر جێگیرکردنی گۆڕنکاریەکانی دەوروبەری وە نەهێشتن و لابردنی دڵیانەبوون کە ڕێگرە کرداری پلانی بە بازاڕکردن.
- توێژینەوەی ژینگەی و گۆڕانکاریەکانی:. وادەکات ڕێکخراو زۆرترین توانای هەبێت لەسەر دەرکردنی بڕیاری ستراتجی دروست وە ئەمەش بەهۆی وەستان لەسەر زانیاری و شیکردنەوەی بە شێوەیەکی ورد لە گۆڕانکاریەکانی ژینگە.

**3- ژینگەی بە بازاڕکردن تمیز دەبێت**

1- باری نادڵنیایی :- کاریگەری لەسەر توانای بەڕێوبەرانی بە بازاڕکردن هەیە لە دەرکردنی بڕیاری سەرکەوتوو لە زۆربەی بارەکان بەهۆی سنورداریەتی زانیاری وە گۆڕان بەشێوەیەکی خێرا.

2- ئاڵۆزی :- بەهۆی چەندیەتی و هەمە جۆری گۆڕانکاریەکان کە ژینگە لە خۆدەگرێت وە خێرایی لە گۆڕان لە سەر ڕێکخراو کەدبێتە هۆی دروست بوونی ( مرونە) وە وەڵام دانەوەی گۆڕانکاریەکانی ژینگەیی:.

3- پێویستە لەسەر بەڕێوبەرەکانی بە بازاڕکردن بەرپسیارێتی شیکاری ژینگە بکەن پێش هەر بڕیارێکی بە بازاڕکردن لەپێناو ئەنجامی سلبی لەسەر ڕێکخراو ( کارەکانی ڕێکخراو ).

4- کرداری شیکردنەوەی ژینگەیی:. واتا پێشبینی کردن وە لەوانە لە ژینگەی بە بازاڕکردن مەودای کاریگەری (ئیجابی یان سلبی) لەسەر ڕێکخراو.

## 4- پێشبینی کردنی ژینگەیی

**1- گەڕان( بەدواداچوون )ی ژینگەی :-**

أ- چاودێری ژینگەی دەرەوەی ڕێکخراو بەمەبەستی پێشبینی کردنی گۆڕانکاریەکانی ژینگە کەلەوانەیە بەدەست بهێنرێت وە دوایی وەربگیرێت لە ئاگادارکردنەوەکان .

ب- توانایی ڕێکخراو لە ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکاریەکان ( مقابەلە ) و ڕووداوەکانی ناخۆش و هەستیار وە لەوانەیە لە داهاتوودا ئاراستەی کارەکانی بکرێت وە گۆڕان دروست بێت لە شێوازی کارەکانی پێش ئەوەی منافەسەکان سەرکردایەتی بکات لە بازاڕ.

**2- چاودێری ژینگەیی:.**

أ- تێبینی کردنی ڕێگاکانی ژینگەیی وە پەرەسەندنی لەئاراستەکردنی ژینگەیی بەهۆی زنجیرەیەك ڕووداو چالاکی کەدەدۆزرێتەوە بەگشتی لە ماوەی کرداری ( گەڕان(بەدواداچوون)ی ژینگەیی ).

ب- ڕەنگە ڕێکخراو بدۆزێتەوە گۆڕانکاریەکانی ژینگەیی بەڕێکەوت لەدەرەوەی سنوری چالاکی سەرەکی کە کاریگەری هەیە لەسەر داهاتوو( سلبي و ئيجابي ).

ج- پێویستە بوونی چاودێری نزیك بێت لە ژینگە بۆ زانینی توانایی بەدەست هێنانی گۆڕانکاریەکان.

**3- پێشبڕکێی هەوالگیری:.**

ا- یارمەتی دەدات لەسەر زانین و تێگەیشتنی سروشتی پێشبڕکێی بە بەراوردکردنی ئەمەش بۆ زانینی ئەوەی کە چەند هێزی هەیە و لەگەڵ خاڵە بێ هێزەکانی.

ب- پاشان کۆکردنەوەی داتا و زانیاری دەربارەی منافسیەکان لە بەرهەم هێنانیان بۆ سوود بینین لە دەرکردنی بڕیاری دروست و کاریگەر.

ج- یارمەتی ڕێکخراو دەدات لەسەر لادانە کتوپڕەکان لەوانەیە منافسەکان پێی هەڵبستن.

## 5- تاییە تمەندیەکانی ژینگەی بە بازاڕکردن

**1- ئازادی بەکاربەر لە هەڵبژاردن:.**

سەربەخۆیی بەکاربەر لە ئازادی هەڵبژاردنی ڕێگایەك کە داهاتەکەی خەرج دەکات لەڕووی جۆری خزمەت گوزاری کە دەیکڕێت وە کات و شوێنی کڕینەکەی وە ئەمەش دیاری دەکات کە ڕێگای خەرجکردنی پارەی بەکاربەر بۆ کالاّ و خزمەتگوزاری جۆری بەرهەم بهێنرێت وە لەڕووی باشی و نرخ وە هەر وەك ئازادی پێشکەوتنی هاندەر لەسەر دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تر.

**2- پێشبڕکێ :-** پلەی کێبڕکێ جیاوازە کە ڕێکخراوێك ڕووبەڕووی دەبێتەوە و دیکات لەکۆمەڵگایەکی تر پشت بەستن بە سیستەمی سیاسی و ئابووری باو و کێبڕکێ ژمارەیەك قازانج دەدۆزێتەوە وە لە

وانەش چاككردنی چووستی و توانانیی وە نهێشتن و لابردنی دەست بڵاوی و بەرز نەكردنەوەی نرخ و پڕوپاگەندە كردن (ترویج)و داهێنانەكان . وە پیشكەش كردنی خزمەتگوزاری نوێ و باشترین خزمەتگوزاری بە بەكاربەر.

3- **<u>بوونی پاڵنەری قازانج</u>** :- قازانج پاڵنەركی بنچینەیە لە ڕێكخراو بۆ كاركردنی تایبەت ، بەلاَم ڕێكخراوی گشتی هەوڵدەدات بۆ بەدی هێنانی ئامانجەكانی نەتەوەیی كە پێشەنگە لە ئامانجی قازانج ، بەلاَم ئەمە واتایی دوور خستنەوەی قازانج ناگەینێت لە نێوان ئامانجەكانی ڕێكخراوی گشتی واتا بوونی پاڵنەری قانزاج لە گەڵ پلەی منافەسە دەبێت . كارگێڕی هەڵدەستێت بە گەڕان بە ڕێگای توێژینەوە لە ڕێگای نوێ بۆ زیاد كردنی دەرچووەكانی (مخرجات) كە بەدستی دەكەوێت لە هەر یەكەیەكی داخل كراو وە بەكارهێنانی باشترین ڕێگا وە چاككردنی ڕێگاكانی تر .

4- **<u>دەست تێوەردانی حكومەت</u>** :- هەبوونی دەست تیوەخستنی حكومەت هەقیقەتێكی ڕاستە هەتا لە دەوڵەتەكانی سەرمایە داری ئەم دەست تێخستنە بە چەند شێوازێكی جیاواز دەبێت وەكو دیاری كردنی بوارەكانی وەبەرهێنان وە ئامادە بوونی بەرامبەر بەسەرمایەی تایبەت وە دیاری كردنی نرخ و ڕێكخستنی هاوردن و هەناردن و دیاری كردنی داهاتەكان و بووارەكانی منافەسە وە ممارەسەی حكومەت لەم دەست تێخستنە بە هۆی ڕێگای جیاوازەوە وەك یاساكان وە یاسا دەركردنی سیاسەتی باج و سیاسەتی نەقدی .

## 6- <u>پێكهاتەكانی ژینگەی بە بازاڕكردن</u>

- ژینگەی بە بازاڕكردنی ڕێكخراو پێك دێت لە دوو پێكهاتەی سەرەكی ئەمانەی خوارەوە :-

1- <u>ژینگەی بە بازاڕكردنی تایبەت</u> :-


واتا دەبردرێت لە ژینگەی ڕاستەوخۆی ڕێكخراو كە بریتیە لە دەربڕینی دەربارەی هێز كە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بەڕێكخراو كە كاریگەری هەیە لەسەر توانایی خزمەت كردنی كڕیارەكان وە ئەم ژینگەیە پێك دێت لە ڕێكخراو و كڕیارەكان و ڕێكخراوەكانی بە بازاڕكردن و كێبڕكێكاران و جەماوەری گشتی .

2- <u>ژینگەی بە بازاڕكردنی گشتی</u> :-

پێك دێت لە ژمارەیەك هۆكار كە كاریگەری بە هێزی هەیە لەسەر چالاكی بە بازاڕكردن كە ممارسەی ڕێكخراو دەكات یان خۆی دەنوێنێت لە هۆكارەكانی دیموگرافی و ئابووری وە هۆكارەكانی ڕۆشنبیری كۆمەلاَتی تەكنەلۆژی وە سیاسی و یاسایی .

- ڕێكخراو دەتوانێت دیزاینی ستراتیجی بە بازاڕكردن بكات بە شێوەیەكی گونجاو كە بە سەربەستی پێكهێنانی مەزیجی بە بازاڕكردن بۆ تێركردنی پێداویستیەكانی كڕیارەكان و داواكاریان وە مەزیجی بە بازاڕكردن و بوونی داوایی بەردەست كردنی چوار ئەنزیمەی (سیستەم) كارگێڕی دەكات دەست پێدەكات

لەسیستەمی بە بازاڕكردن كە بەكار دەهێندرێت لە پلانی بە بازاڕكردن پاشان جێ بەجێكردنی ئەم پلانە بە هۆی سیستەمی تایبەت بە ڕێكخستن و جێ بەجێكردنی چالآكی بە بازاڕكردن وە لە كۆتایی دا سیستەمی تایبەت بە ڕێكخستن. بەلآم سیستەمی چاودێری هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندنی ئەنجامەكانی چالآكی و جێ بەجێكردنی ئەو ئەنزیمە ڕێكخراو دەتوانێت صبتی چالآكی بكات وە خۆشی بگونجێنێت لەگەڵ ژینگەی بە بازاڕكردن .




**ئەم نەخشەیە ژینگەی بە بازاڕكردن لە ڕێكخراودا ڕوون دەكاتەوە**

- **گرنکترین پێکهاتەکانی پێکهێنانی ژینگەی تایبەت ئەمانەن :-**

1- دابین کەرانی سەرچاوەی کەرستەکان (الموردون) .

2- نێوەندەکان (الوصطاء) .

3- ڕێکخراوەکانی دابەشکردنی ماددی ( المنضمات التوزیع والمادي ) .

4- بریکارەکانی خزمەت گوزاری بە بازاڕکردن (عملاء الخدمات التسویقیة) .

5- دامەزراوەکانی دارایی ناوەند ( مؤسسات المادي الوصط ) .

6- کریاڕەکان (العملاء) .

7- کێبڕکێکاران (المنافسون) .

1- سەرچاوەی کەرستەکان :- ڕێکخراو پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر کەرستە و خزمەتگوزاری دەبێت لەهەر دەروازەیەك وەك کەرستەی خاو و سوتەمەنی بۆ ئەوەی کەل و پەل و خزمەتگوزاری بەرهەم بهێندرێت وە پێویستیەکانی لەسەرچاوەی کەرستەکان بکرێت و ئەوانەی سەرچاوەی کەرستەکانن کاریگەریان هەیە لەسەر بەرهەمهێنانی ڕێکخراو . ئایە لە تێچوونی گشتی بەرهەم یان لەکاتی بەرهەمهێنانی کەرستە خاوەکانی داواکراو وە لێرەدا دراسە و شیکردنەوە بۆ جۆرەکانی سەرچاوەی کەرستەکان و کاریگەریان لەسەر کرداری بەرهەمهێنان وە بە بازاڕکردن کارێکی زۆر گرنگە بۆ چالاکی ڕێکخراو و مەزیجی سەرچاوەی کەرستەکان کارگەری دەبێت بە نرخ و کەرستەی باشی کەل و پەل و خزمەتگوزاری داواکراو سیاسەتی بەرهەم پێویستە کارگێڕی بە بازاڕکردن دڵنیا بێت لە بەرجەستەکردنی مدخەلاتی داواکراو بۆ پێشکەش کردنی بەرهەم یان بۆ زیاد کردنی قەبارەی فرۆشراوەکانی داهاتووی بەڵام نەك بە بڕ (الکمیة) بەڵکو بە باشی نرخ و کات و مەرجی گونجاو .

2- نێوەندەکان :- ناوەندەکانی ڕێکخراوەکانی کار یارمەتی دەدەن لە دەست کەوتنی کڕیارەکان ناوەندەکان ئەوانەن کە دوو جۆرن ( بریکارەکان و بازرگانان ) وە ئەوانەن بریتین لە

- کۆمەڵێك ناوەند بریکارن کە کرداری دابەشکردنی کەل و پەل و خزمەتگوزاری دەگرنە ئەستۆی خۆیان بە گەیاندنی بۆ بەکاربەری کۆتایی یان کڕیاری پیشەسازی
- کۆمەڵێك ڕێکخراو هەیە کە کاردەکات بۆ ئاسان کردنی کرداری گۆڕینەوە (التبادل) نموونە کۆمپانیای ( گواستنەوە  دڵنیایی  خزمەتکردن  بانکەکان  بریکارەکانی ڕاگەیاندن  ڕێکخراوەکانی ئاسانکردن  کاری بە بازاڕکردن ) وە پێویستە کارگێڕی بە بازاڕکردن چالاکی ناوەندەکان شیبکاتەوە و دراسەی هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر هەر چالاکیەك وە کارگێڕی لەسەر چالاکی ڕێکخراو .

3- ڕێکخراوەکانی دابەشکردنی ماددی :- ڕێکخراوەکانی کار هەڵدەستێت بەدابەشکردن و جوڵاندنی کەل و پەل لە شوێنەکانی بەرهەمهێنانی بنچینەیی بۆ ناوچەکانی بەکاربردنی کۆتایی یان پیشەسازی وە لێرەدا کۆگایی گەورە هەیە ( المخزن ) کە ڕێکخراوەکانی دابەشکردن خاوەنداریەتی دەکەن و هەڵدەستن بە خەزنکردنی کەل و پەل لە

ناویاندا پێش گواستنەوەیان بۆ ناوچەكانی بەكاربردن وە بڕیار دەدات كۆمپانیا بە باشترین شێواز بۆ دابەشكردنی مامەڵكردن لەگەڵ ئەم ڕێكخراوانە كە دامەزراوەكانی گواستنەوە پێك دێت وەك لۆری و هێڵەكانی فڕین و ڕێگای ئاسنی وە كاری گەری لەسەر كرداری بە بازاڕكردن لە ڕێكخراوەكان یان كۆمپانیاكانی تایبەت بە كۆكردنەوەی كەل و پەل و شمەك وە كاریگەری هەیە لەسەر عاملی تێچوون و كات و بەرواری تەسلیم كردن وە دڵنیایی هەڵبژاردنی بە باشترین شێواز .

4- بریكارەكارەكانی خزمەت گوزاری :- وەك ڕێكخراوێك هەڵدەستێ بە خزمەت گوزاری بە بازاڕكردن لە دامەزراوەكان و توێژینەوەكانی بە بازاڕكردن و ڕاگەیاندن و هۆكارەكانی كارەكان و دامەزراوەكانی دی وە ڕاوێژكاری بە بازاڕكردن كە یارمەتی ڕێكخراو دەدات لە كرداری ( الترويج ) ڕیكلام كردن بۆ بەرهەمەكانی وا دەكات كە كۆمپانیا كۆمەڵێك بڕیار دەربكات كە ڕەنگ دانەوەی ئەم خزمەت گوزاریانە بێت بۆ هەڵبژاردنی كۆمپانیایەكی گونجاو بە پێی پێوانەیی باشی خزمەت گوزاریەكە و نرخ و ئاستی (اداء) بۆ ئەو كالآیانە و گومانی تیادا نی یە كەئەم بە بازاڕكردنە كاریگەری هەبێت لە بڕیارەكانی ڕێكخراو .

5- دامەزراوەكانی دارایی ناوەند :- دامەزراوەكانی دارایی دەگرێتەوە وەك بانكەكان و بنكەكانی كۆمپانیای دڵنیایی و متمانە كە كاریگەری دارایی كارلێكەری هەیە و یارمەتی دەدات لە كەمكردنەوەی مەترسی لەسەر ڕێكخراوەكانی كار و دامەزراوەكانی بە بازاڕكردن كاردەكات لەسەر مقارەنەی (اداء)بۆ ئەم ڕێكخراوانە بە هۆی كرداری متمانە یان پلەی متمانە كە بەدەستی دەكەوێت لەبەر ئەوە ڕێكخراوەكان هەوڵ دەدەن پەیوەندییان بەهێز بكەن لەگەڵ دامەزراوەكانی دارایی .

6- كڕیارەكان :- كارگێڕی بە بازاڕكردن لە ڕێكخراوەكان پێویستی بە دراسەی بازاڕی كڕیارەكانەوە هەیە بە شێوەیەكی تەواو وە كارگێڕی دەتوانێ جیاوازی لە نێوان پێنج جۆر لە بازاڕ كاربكات وە ئەمەش بەم شێوەی لای خوارەوە دەبێت :-

- كارگێڕی دەتوانێ جیاوازی لە نێوان پێنج جۆر لە بازاڕ كاربكات كە بریتین لەمانە ؟

1- كڕیارەكان :- ئەوانەن بەشێوەی تاكەكان و خێزان ئەوانەی كەل و پەل و خزمەت گوزاری دەكڕن بۆ بە كاربردنی كەسی .

2- كڕیارەكانی پیشەسازی :- بریتییە لەو ڕێكخراوانەی كە كەل و پەل یان خزمەت گوزاری دەكڕن بۆ داخلٚ كردنی لە كرداری بەرهەم هێنان و ئەمەش بۆ دەسكەوتی قانزانج و بەدیهێنانی ئامانجەكانیان .

3- كڕیارەكانی دووبارە فرۆشتنەوە :- بریتییە لەو ڕێكخراوانەی كە كەل و پەل یان خزمەت گوزاری دەكڕن بۆ دووبارە فرۆشتنەوەیان بۆ دەست كەوتنی قازانج .

4- كڕیارەكانی حكومی :- بریتین لەو بریكارانەی حكومت كە ئەوانەن كەل و پەل و خزمەت گوزاری دەكڕن بۆ خەڵك .

5- **كڕیارەكانی نێو دەوڵەتی :-** بریتییە لەو كڕیارانەی كە لەدەرەوەی وڵات یان كڕیاری بیانی یان بەرهەم هێنەرانی فرۆشیاران و حكومیەكان دەگرێتەوە وە وڵاتەكانی تر .

7- **كێبڕكێكاران :-** هەر ڕێكخراوێك ئاراستەی ژمارەیەكی گەورە لە پێشبڕكێكاران دەگرێت كە ئەوان كەل و پەل و خزمەت گوزاری هاوشێوەیان جێگیرە و بەرهەم دەهێنێت واتا بارودۆخی كێبڕكێ دەبێت بە بەردەوامی بۆ گەورە كردنی بەرهەم لە ڕێكخراو كەل و پەل و خزمەت گوزاری. كێبڕكێ وادەكات ڕێكخراو ناوەندێكی دیاری بێت لە بازاڕ و پێویستە لەسەر ڕێكخراو ئەوە بزانێ منافەسەكانی چی دەكەن و چالاكیەكانیان چی یە و بەرهەمەكانیان لە بازاڕ چی تمیز دەبێت و نرخیان چۆنە و هۆكارەكانی تریان چی یە و پێویستە بزانێت خزمەت گوزاریەكانیان چۆنە واتا لێكۆلینەوەی پەیكەری منافەسە لە تێڕوانینی ئابووری و بە بازاڕكردن و لەگەڵ نەریتی منافەسەكان .

- **ژینگەی بە بازاڕكردن پۆلین دەكرێت بۆ چی ؟ باسی بكە ؟**

= ژینگەی بە بازاڕكردنی گشتی یان ناڕاستەوخۆ .

ژینگەی گەورەی هەرە جۆرن كاریگەریان هەیە لەسەر چالاكیەكانی ڕێكخراو جا ئایا لە بڕیارەكانی بە بازاڕكردن یان بەرهەم هێنان ئەم ژینگەیە پێك دێت لە هێزی دەرەكی كە تەنیا كاریگەری نی یە لەسەر ڕێكخراو بەڵكو لەسەر ئەوانەش كەئیشی لەگەڵ دەكات و دەتوانین ئەم ژینگە یە پۆلین بكەین بۆ ئەمانە لای خوارەوە:.

1- **ژینگەی ئابووری :-** كاریگەری هەیە لەسەر سەركەوتن یان سەرنەكەونتی ڕێكخراوەكە كە كاریگەری لەسەر داواكردن و خستنەڕوو وە كار لەسەر كۆمپانیاكاندا دەكات لە ڕووی ئابووریان .كە كاریگەری دەبێت لەسەر كارەكانی و دەبێت گرنگی كاریگەری ژینگەی بە بازاڕكردن بخرێتەڕوو لەسەر كۆمپانیاكان و گەشەكردنی ئابووری و بێكاری و گۆڕانكارییەكانی لە داهاتی ڕاستەقینە وە هەروەها بازاڕ پێویستی بە هێزی كڕینی خەڵكە وە كۆی هێزی كڕینی تاكەكان و وەزیفەی سەرەكی داهاتی ئێستا دەنوێنێت وە هەروەها نرخ و متمانە و گۆڕان لە شێوازی (استهلاك)ی بۆ تاكەكان .

2- **ژینگەی دیموگرافی :-**

ژینگەی دیموگرافی چەند پێكهاتەیەكی هەمەجۆر دەگرێتەوە كە لەوانە :-

ڕەوتی دانیشتوان و پێكهاتەی تەمەنی ئەمەش وا دەگەیەنێت گۆڕانكاریەكان بەسەر ژینگەی كۆمەڵگادا دێت و كاریگەری هەیە لەسەر ڕەوتی تاكەكان وەك شوێن و كۆچكردن و دابەشكردنی وەزیفی لە دانیشتوان و قەبارەی خێزان و باری كۆمەلایەتی و ئاینی و ئاستی فێركاری دەربڕنی و دراسەی تایبەتمەندیەكانی جوگرافی ئەو فەرمانانەی كەشێوەكانی گۆڕان لە كۆمڵگا دیاری دەكات و مەودای كاریگەر لەسەر جۆر و قەبارەی داواكراو وە زۆر بوونی داهات لەوانەیە كاریگەری هەبێت لەسەر بە شێوازكردنی خزمەت گوزاری و ڕۆشنبیری و تەندرووستی وە ئەم گۆڕانكاریانە كاریگەری هەیە لەسەر زۆرێك لە بوارەكانی كەل و پەل (استهلاك)ی

## 4- ژینگەی ڕامیاری و یاسایی

ژینگەی ڕامیاری و یاسایی کاریگەری هەیە لەسەر ڕێکخراوەکانی بازرگانی بۆ نمونە یاساکانی ڕێکخراوی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان و پەیوەندی لەنێوان پێشبینی سیاسی و چالاكی ڕێکخراو وەك یاسای تایبەتکراوی ڕێکخراوەکانی کەرتی گشتی و یاساکاری وەبەرهێنان لە پرۆژەی نویٚ و کاریگەری لەسەرکرداری بە بازاڕکردن و چالاكی وەبەرهێنان لە دەوڵەت .

## 5- ژینگەی تەکنەلۆژی

تەکنەلۆژی کاریگەری هەیە لەسەر ڕێکخراوەکان و کەرتی کارەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ. وە ژینگەی تەکنەلۆژی هەلی بە بازاڕکردن دروست دەکات هەروەها ئاگادارکردنەوەش . تەکنەلۆژیا کلیلی یان بڕبڕەی سەرکەوتنی ڕێکخراو لەمامەڵەکردن لەگەڵ وەبەرهێنەرەکانی تەکنەلۆژی . وە هەروەها پێویستە لەسەر خاوەن بازاڕەکان دراسەی کاریگەری ژینگەی تەکنەلۆژی لەسەر بڕیارەکانی بە بازاڕکردن بکەن لە ڕێکخراوی جیاواز.

## 6- ژینگەی کۆمەلأیەتی و ڕۆشنبیری

ژینگەی کۆمەلأیەتی پێك دێت لە هەموو ڕێکخراوەکان و تاکەکان و بایەخیان و ڕفتاریان. ناسینی تاکەکانی کۆمەڵگا کێن ؟ وە چۆن بژێویان دابین دەکەن ؟ کە دەگرێتە خۆ لایەن گرتن و هاوژینی بەکاربەران . وە فەلسەفە یان دابونەریتیان . وە چ بایەخێکە لەپێناویدا دەژیت و ژینگەی کۆمەلأیەتی و ڕۆشنبیری کاریگەری هەیە لەسەر بڕیارەکانی بە بازاڕکردنی تایبەت بە ڕێکخراو وەك بڕیارەکانی داڕشتنی بەرهەمەکان یان نرخ یان تەواوکردنی دابەشکردن پڕپاگەندەکردن ( الترويج ) وەك زۆر بوونی کاری ڕۆژەکانی هەفتانە وە کاریگەری لەسەر ئامرازەکان و قەزای کاتی بەتاڵ وە زۆربوونی کاری ئافرەت بۆ زۆربوونی پشت بەستن لەسەر واجباتی خێرا وە گەست و گوزار و خزمەتگوزاری ئاسوودەی . **نەریت** کاریگەری هەیە لەسەر شێوازی استهلاکی کۆمەڵەکان وە کاریگەری هەیە لەسەر دابەشکردنی داهاتی ڕاستەقینە . واتا ڕۆشنبیری کلتور وا دەکات کۆمەلگا شێوازێکی دیاریکراوی هەبێت لەژیان و پەیوەندییەکانی کۆمەلأیەتی و مەودای توانا یان گونجاندنیان لەگەڵ ژینگە وە چالاکی بە بازاڕکردن تاڕادەیەکی گەورە کاریگەر دەبێت بەم کلتورە ڕەنگدانەوەیە لەشێوەی بایەخ و داب و نەریت وە هەروەها لەسەر کەل و پەل و خزمەت گوزاری بەکاربەر وە بڕەکەی و کاتی بەکاربردنی .

## بەشی سێیەم

## تێكەڵی بە بازاڕكردن

### 1- چەمكی تێكەڵی بە بازاڕكردن

تێكەڵی بە بازاڕكردن بریتییە لەدەربڕین دەربارەی كۆمەڵێك چالاكی سەرەكی كە دراسەی كەل و پەل دەگرێتەخۆ كە دەگونجێت لەگەڵ پێویستیەكان و ئارەزووەكانی بەكاربەران پاشان نرخ دانانی بە نرخی گونجاو وە پڕوپاگەندەكرن لەسەری پاشان گەیاندنی بۆ شوێنەكانی فرۆشتن بە ئامانجی تێركردنی پێداویسییەكانی و ئارەزووەكانی بەكاربەر وە بەدیهێنانی قازانجێكی مناسب (گونجاو).

- پێكهاتەكانی تێكەڵی بە بازاڕكردن

پێكهاتەكانی بە بازاڕكردن پێك دێت لەمانەی خوارەوە:.

1- بەرهەم شێوەی جیاوازی هەیە (كەل و پەل - خزمەتگوزاری - بیرۆكە).
2- نرخ دانان ( pricing )
3- دابەشكردن ( place )
4- پڕوپاگەندەكردن ( promotion )

### 1- چەمك و پێناسەی بەرهەم

ووشەی بەرهەم بە چەمكە فراوانەكەیەوە ئاماژە دەكات بۆ هەموو كەل و پەل یان خزمەتگوزاری یان بیرۆكە سیاسەتی پلان دانانی بەرهەمەكان پشت دەبەستێت بەزانین لەسەر ئارەزوەكان و پێداویستیەكانی بەكاربەر بەمەبەستی ئاراستەكردنی بەرهەمەكان بە پێی ئەم ئارەزوانە وە بەرهەم بریتیە لە دڵی تێكەڵی بە بازاڕكردن وە بریتیە لە دەربڕین دەربارەی سیاسەتی ڕێكخراو بۆ تێركردنی پێداویستیەكانی و ئارەزوكانی بەكاربەران . لەبەر ئەوە بەكاربەر سەیری بەرهەمەكان ناكات سەبارەت بە كۆمەڵێك مواسەفاتی هونەری و مەودای هەست پێكراوی بەڵكو سەیر دەكات لە بەدەست هێنانی لە سوودەكانی تێركردنی پێداویستیەكانی ئارەزوەكانی و مەودای هەست پێنەكراو.

### 2- ستراتیجیەتی بەرهەمەكان لە ڕێكخراوەكان كە بەشدارە لە هەموو لایەنەكانی پەیوەستە بە :-

أ- دیاری كردنی جۆرەكانی كەل و پەل و خزمەت گوزاری و بیرۆكە كە ڕێكخراوە پێشكەشی دەكات بەكڕیارەكان.
ب- هەڵسان بە دراسەكردنی یان گەشەپێدانی ئەم بەرهەمانە و زیاد كردنی شێوازی جۆراوجۆر یان جۆری نوێ كە بەدەست دەهێنرێت ئامانجەكانی ڕێكخراو لە تێكردنی پێداویستیەكان و ئارەزوەكانی كڕیاری جیاواز .
ج- بەرەو پێش بردن و داهێنانی نوێ كە بگونجێت لەگەڵ پێشكەوتن لە كۆمەڵگا و ژینگەی دەوروبەر.


3- **مەودای بەرهەم :-**

( کۆتلەر و ارمسترونج) سەیری بەرهەمهێنانیان کردووە ( کالاّ و خزمەتگوزاری ) بە هۆی سێ مەوداوە :-

1- **جەوهەری** :- بریتیە لە کۆمەڵێك سودی سەرەکی کە بەکاربەر ئامانجیەتی لە پاش کڕینی بەرهەم .

2- **بەرهەمی ڕاستەقینە** :- ئاماژە دەکات بە کۆمەڵێك مەودای تایبەت بە باشی و خراپی وە سیمای جیاواز و مۆدێرن و نیشانە وە بەرگ کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گواستنەوەی کەل و پەلی جەوهەری بۆ بەکاربەر .

3- **دەستە بەرکردنی کەل و پەلی تەواو** :- ئاماژە دەکات بۆ جەوهەری کەل و پەل سەرەڕای کۆمەڵێك خزمەتگوزاری.




**ئەم شێوەیە مەودای بەرهەم روون دەکاتەوە**

4- **هێڵی بەرهەمەکان :-**

بریتیە لە کۆمەڵێك بەرهەم کە پیوەستن و لە نێوانیان دا پەیوەندیەکی دیاری کراو هەیە کە ئەم پەیوەستیە لە نێوانیان دروست دەبێت بە پێی ئختباری بەرهەم هێنان یان بە بازاڕکردن ئەم بەرهەمانە ڕەنگە :-

أ- تێرکردنی یەك پێداویستی بۆ بەکاربەر یان بەیەکەوە بە کاری دەهێنێت .

ب- بۆ یەك جۆر دەفرۆشرێت بۆ بەکاربەرەکان . ج- بەشدارە لە یەك شێوازی دابەشکردن .

د- دەکەوێتە ژێر یەك ئاستی نرخ . هـ- بەشدارە لەیەك شێوازی بەرهەم هێنان .

و- دروست دەكرێت لە هەمان كەرستەی خاو .

- هەر رێكخراوێك زۆر هێڵی بەرهەم هێنانی هەبێت پێی دەوترێت فرەیی بەرهەمەكان .

5- **تێكەڵەی بەرهەمەكان :-**

بریتییە لە كۆمەڵێك هێڵی بەرهەم كە لە ژێری جۆرەكانی پلە پلە كراوە . یان بریتییە لە هەموو بەرهەمەكان كە رێكخراو بەرهەمی دەهێنرێت لە هێڵی جۆراوجۆر

- تێكەڵی هێڵی بەرهەمەكان بۆ هەر دامەزراوەیەك پێكدێت لە چوار مەودای سەرەكی كە بریتین لە :-

( 1- فراوانی 2- درێژی 3- قوڵی 4- گونجان )

فراوانی تێكەڵی بەرهەمەكان كە ژمارەی هێڵی بەرهەمەكان بریتییە لە ( 6 هێڵ )

درێژی تێكەڵی بەرهەمەكان كە بریتییە لە كۆمەڵێك جۆر كە هەموو هێڵەكانی لێ پێك دێت ( ژمارەی هێڵەكان 6 وە 19 جۆر )

قوڵی تێكەڵی بەرهەمەكان لە رێگای كۆكردنەوەی هەموو شێوەكان كەلێی پێك دێت هەموو جۆرەكانی پێكهاتوو لە هەموو هێڵەكانی بەرهەم هێنان .

گونجانی تێكەڵی بەرهەمەكان ئاماژە دەكات بۆ پلەی پەیوەستی و گونجاوی لە نێوان هێڵی بەرهەمەكان

بە زانینی ئەم چوار مەودایە لە تێكەڵی هێڵی بەرهەمەكان یارمەتی دروستكەری بڕیاری بە بازاڕكردن دەدات لە پلان دانانی ستراتیجی بە بازاڕكردنی گونجاو بۆ هەر بەرهەمێك .

اتساع مزيج الخطوط

| ز | 1 منظفات غسيل | 2 معاجين اسنان | 3 الصابون | 4 مزيل الرائحة | 5 القهوة | 6 حفائظ الأتفال |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | تيد | كرست | كامى | سيكريت | فولجرز | بامبرز |
| 2 | جوى | كومبليت | لافا | شور | | لفز |
| 3 | تشير | جليم | زست | | | |
| 4 | اوكسيدال | | كوست | | | |
| 5 | داش | | | | | |
| 6 | ايرا | | | | | |
| 7 | سولو | | | | | |

طول خط المنتج

6- **خولی ژیانی بەرهەم :-** ئەم چوار قۆناغەی خوارەوە دەگرێتەوە

1- **قۆناغی پێشکەش کردن :-** ئەم قۆناغە جیا دەکرێتەوە بە مانەی خوارەوە :-

أ- بە کەمی قەبارەی فرۆشراوەکان .

ب- کەمی خاڵەکانی فرۆشتن .

ج- بەپشت بەستنی بەرهەم بە پێشکەش کردنی یەك نموونە یان ژمارەیەکی کەم لە نموونەی بەرهەم لە ناوەڕۆکی کەتەکانی بازاڕ لەم قۆناغەدا .

د- تەرکیز کردن لەسەر هەڵمەتی ناوبانگی بۆ بەرهەم وە خۆ پێناساندنی یان پێناساندنی بەرهەم بەکڕیار( بەکاربەر ) .

هـ- یەکێك لە سیاسەتی نرخ دانان یان سیاسەتی نرخی نزم یان سیاسەتی نرخی بەرز .

2- **قۆناغی گەشە کردن :-** ئەم قۆناغە جیا دەکرێتەوە بەم قۆناغانەی خوارەوە :-

أ- ناسینی بەرهەم لەلایەن بەکاربەران و وە زۆر بوونی و بلاّو بوونەوەی لە بازاڕ.

ب- داخلکردنی چاککردن لەسەر بەرهەم وە باش کردنی خاڵەکانی لاوازی دۆزراوە لە قۆناغی پێشکەشکردن.

ج- هاتنە ناوەوەی بەرهەمی نوێ بۆ لایەنی بەرهەم هێنانی بەرهەم وە هەروەها زیاد بوونی پێشبڕکێ .

د- گۆڕانی ڕێکخراوە بلاّوکردنەوەی پێناسەی بۆ پێشبڕکێ.

هـ- گەشە کردنی قەبارەی فرۆشتنەکان بەشێوەیەکی زۆر .

و- گەڕان بەدوای دابەش کردنی دەروازەی نوێ بۆ دەست بەسەرداگرتنی گەورەترین بەش لەبازار.

3- **قۆناغی پێگەیشتن:-** ئەم قۆناغە جیادەکرێتەوە بەم خالآنەی لای خوارەوە :-

أ- دەست پێدەکات کاتێك کە فرۆشتنەکان زیاد دەکات بە تێکرایەکی کەم .

ب- ئەم قۆناغە برێتیە لە درێژترین لە خولی ژیانی بەرهەم .

ج- بەهێزی و زۆر بوونی پێشبڕکێ و تێربوونی بازار (خستنە ڕوو  داواکردن ) ( العرض > الطلب) .

د- بەرزبوونەوەی تێچوونی بە بازاڕکردن وە نزم بوونەوەی نرخ .

هـ- زۆرجار هەندێك ڕێکخراو هەڵدەستێت بە گەشە پێدانی هەندێك لایەنی بەرهەم بۆ دیاری خولی ژیانی.

و- هەڵوێستە کردن لەسەر پێهەڵدان و پڕوپاگەندەکردن بۆ بەبیرهێنانەوە .


4- **قۆناغی دارمان یان لە ناو چوون :-** بەم قۆناغانەی لایی خوارەوە جودا دەکرێنەوە

أ- دەستپێدەکات لەکاتێك دا کە تێکڕای گەشەکردنی فرۆشتنەکان دەوەستێت وە پاشان قەبارەی فرۆشتەکان ڕادەکێشێت بۆ کەم بوونەوە بەشێوەیەکی گەورە و بەردەوام .

ب- هەڵوەشاندنەوەی میزانیەی پڕوپاگەندەکردن بەشێوەیەکی گەورە لە لاوازی ئەم قۆناغە.

ج- بە بیستنی سیاسەتی نرخی نزم وەكو هۆكارێكی سەرەكی بۆ سنوردانان لە نزم بوونەوەی زۆر لە قەبارەی فرۆشتنەكان.

د- كشانەوەی دامەزراوە لە بازاڕ وە خاڵەكانی فرۆشتن كە كاریگەریەكی دیاری كراوی هەیە لەم كەم كردنەوەی تێچوونەكانی بە بازاڕكردن .




سنوات دورة حياة المنتج

وە لەسەر هەموو پێویستە تێبینی ئەوە بكرێت كە تێكرایی شێوازی ( نمط ) نیە لەماوەی قۆناغێكی دیاری كراو لە چوار قۆناغە وە هەروەها گرنگی نیە كە هەموو بەرهەمەكان تێپەرێت بەم قۆناغە.

7- **بەرهەمی نوێ :-**

هەندێك كەس كە سرنجی بەرهەمی نوێ دەدەن لەسەر هەموو داهێنانێكی بنچینەیی لە بوواری بەرهەمەكە جا ئایە لەسەر شێوەی بەرهەمی جێگرەوە یان بەرهەمێكی نوێ كە تەواوكەری بەرهەمی سەرەكی بێت یان زیات كردنی ڕێگای نوێ لە جیاكردنەوەی بەرهەمی ئێستا یان ڕودانی گۆڕانكاری ڕواڵەتی یان جەوهەری لە باش كردن و چاككردنی ئەدای ئەم بەرهەمانە . هەروەها هەموو بەرهەمێك وە بەكار بەرێك سرنج دەدات بۆ پێناسەی بەرهەمی نوێ بەشێوەیەكی جیاواز كە یەكەمیان بەوە پێناسە دەكرێت ئەو كەل و پەلەیە یان خزمەتگوزارییە كە پێشتر بەرهەم نەهێندراوە یان ماڵەی پێوە نەكراوە . لەكاتێك دا دووەمیان بەوە پێناسە دەكرێت ئەو كەل و پەلەیە یان خزمەتگوزارییە كە دەیكرێت یان بەكاری دەهێنێت بۆ یەكەم جار . وە بەم شێوەیە بۆ چوون و دیاریكردنی سەرنجی جیاواز دەبێت بەرەوە چەمكی بەرهەمی نوێ وە هەروەها بە واتایەكی فراوان بۆ ئەم چەمكە هەموو لایانەكانی رابووردوو دەگرێتەوە بە مانایەی كە بەهەمی نوێ بریتیە

لە هەر كەل و پەلێك یان خزمەتگوزاریەك كە دەڕوات لەگەڵ پێشكەوتن وە گۆڕان لەگەڵ ئارەزوەكانی بەكاربەری ئێستا وە بەكاربەری نوێ رادەكێشێت بۆ دامەزراوە .

## قۆناغەكانی پێشكەوتنی بەرهەمی نوێ

قۆناغەكانی پێشكەش كردنی بەرهەمی نوێ دابەش دەبێت بۆ ئەمانەی خوارەوە :-

1- گەڕان بەدوای بیرۆكە بۆ بەرهەمی نوێ .

2- هەڵسەنگاندنی بیرۆكەی پێشنیازكراو .

3- لێكۆڵینەوەی ئابووری و هوونەری .

4- تاقیكردنەوەی بەرهەم .

5- پیشكەش كردنی بەرهەم بۆ بازاڕ.

6- بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن .

### 8- گەشە پێدانی بەرهەمی ئێستا :-

مەبەست لە گەشە پێدانی بەرهەمی ئێستا یان جێ بەجێكردنی هەندێك گۆڕانكاری و رێكخستن لەسەر بەرهەمەكان لە ژێر تێبینیەكانی كڕیارەكان وە داوا دەكات گەشە پێدان یان گۆڕینی هەندێك مواسەفاتی كەل و پەل یان گۆڕانكاری لە پێكهاتەكەی یان گۆڕانكاری لە قەبارەكەی ، شێوەكەی یان ڕەنگ . ئەمەش بە ئامانجی زیاد كردنی پلەی ڕەزامەندی كریارەكان بۆ بەرهەم وە ئامانجەكانی بە بازاڕكردن و بۆ دامەزراو وە كرداری گەشە پێدانی بەرهەمی ئێستا وە دەستپێدەكات بە بیرۆكە كە دەست دەكەوێت لە پێشنیازەكانی كریارەكان وە لە زۆربەی بارەكە پاشان دراسەكردنی بیرۆكەكە و هەڵسەنگاندنی وە ئەگەر بیرۆكەكە بگونجێت لەگەڵ توانا و سامانی دامەزراوە ئەوە بیرۆكەكە پەسەند دەكرێت و یان بەرهەم دیاری دەكرێت وە گەشەی پێدەدرێت و دەخرێتە بازار بە شێوەیەكی نۆی .

- ( مستهلك = یەكەم بە كاردەهێنرێت )
- ( عملاء = بەكاربەر )

### 9- جیاكەرەوەی بەرهەم :-

ئامانجی جیاكەرەوەی بەرهەم بۆ جیاكردنەوەی كەل و پەل لە كەل و پەلی لەو چوو لە بازاڕ وە لەم بارەوە دەبێت پیت یان ووشە یان ژمارە یان ڕەمز یان وێنە بەكاردەهێندرێت وە نیشانەی بازرگانی شێوەی وێنە یان ڕەمز وەردەگرێت كە دەلالەت دەكات لەسەر كەل و پەلەكە كە ناتوانێت دەربیبڕێت وەك وێنەی هەڵۆ یان

نیشانەی سێ هەرەمەکە وە هەروەها ناوی بازرگانی پێکدێت لە ووشە یان پیت یان ژمارەکە دەتوانێت دەری ببڕێت وەك ( تویتا  کیا  ماسریدیس ) وەك ناوی بازرگانی کە لە بواری ئۆتۆمبێل بۆ ئۆتۆمبێلی سوار بوون . وە ڕەنگە پێکبێت لە نیشانەی بازرگانی لە ناوی بازرگانیەکەی یان بەکارهێنانی نیشانەی جیاکەرەوە لە جیاتی ناوی بازرگانی وە لە هەندێ باردا جیا دەکرێتەوە هەموو بەرهەمەکانی دامەزراوە نیشانەی کۆمەڵەی کەل و پەلی وەك مواد غزایی .

- لە جیاکەرەوەی بەرهەمەکانی دامەزراو سنووری جۆراوجۆری پێدەگات وەك ئەمانەی خوارەوە :.
  1- ئاسانکردنی کرداری گواستنەوەی کەل و پەل وە پروپاگەندە کردن و ڕیکلام کردنی .
  2- پاراستنی بەکاربەر لە کرداری کڕینی بۆ زانینی سەرچاوەی کەل و پەل وە هاوچەشنی یەکەکانی بەهۆی نیشانەی جیاکەرەوە بۆ کەل و پەل .
  3- ئاسانی چاودێری و سەرپەرشتی لەسەر بازاڕی کەل و پەل کە نیشانەی بازرگانی جیاکەرەوەی هەیە .
  4- پشگیری و پەرەپێدانی هۆیەکانی پەیوەندی (اتصال) .
- لەگەڵ ئەم سوودانەش هەندێك جار جیاکەرەوەی بەرهەمەکانی نا پەسەند و گران و ئاڵۆز دەبێت بەتایبەتی لەم بوارانەی لای خوارەوە :-
  1. بچووکی قەبارەی بەرهەم لە کەل و پەلی دیاریکراو کە ناتوانێت دابینی بکات.
  2. گرانی جیاکەرەوەی هەندێك بەرهەم وەك هەندێك جۆری سەوزە و میوە
  3. هەندێك منتج ناتوانێت جیاکەرەوەی کوالێتی خراپ وە بەرامبەر کردنی بە منتجاتی کوالێتی بەرز هەروەها بۆ پاراستنی ناو و ناوبانگی .
  4. نهێنیەکانی هەندێك لەدابەشکەران بۆ کڕینی کالاْ نەتوانێت لێکی جیابکەنەوە بە نیشانە تایبەتیەکانی.
  5. هەندێك بەرهەم هێنەرەکان ناتوانن کەڵك ببینن لە جیاکەرەوەکانی وەك نەرمی نواندن لە نرخ .

## 10- دابەشکردنی بەرهەمەکان :-

ڕێگا و شێوازی هۆیەکانی بە بازاڕکردن وە بەرهەمەکان بە زۆر جۆری جیاواز. وەلێرە دا تەنها یەك ستراتیجیەتی بە بازرکردن نی یە کە ببێت بۆ هەموو جۆرەکانی بەرهەمەکان . بۆ نموونە ( دروست نیە بە بەکارهێنانی ستراتیجیەتی بە بازاڕکردن پاککەرەوەی کیمیاوی بۆ بە بازاڕکردنی جل و بەگ ) .

- بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پێویستیە هەڵسان فکرە و بە بازاڕکردن بۆ توێژەر چەند پۆڵێنێکیان دانا بۆ جۆرە جیاوازەکانی بەرهەم بە پێی پێوانی جیاوز وەك ئەمانەی لای خوارەوە :-
  1- پۆڵینکردن بەپێی درێژی مانەوە .
  2- پۆڵینکردن بەپێی گرنگی بەرهەمەکان .
  3- پۆڵینکردنی بەپێی مەبەست لە کڕینی .

أ- پۆلێنكردن بە پێی تەمەن و درێژی مانەوەی :-

یەكەم. كەل و پەلی خۆڕاگر (درێژی مانەوەی) بریتیە لەو كەل و پەلانەی كە پێویستیەكانی تێر دەكات یان ئارەزوەكانی بەكاربەر وەك سیارە و سەلاجە بۆ ماوەیەكی تەمەن درێژ .

دووەم. كەل و پەلی كوت خایەن (خۆ نەگر) بریتیە لەو كەل و پەلەی ڕاستەوخۆ بۆ بەكاربردن كە بەكارهێنانی زۆر ناخایەنی لە مەودایەكی كورتدا كە كەمترلە سالێك .

ب- بەپێی بایەخی بەرهەمەكان :- ئەم پۆلێنە جیاواز دەبێت بەپێی ژینگەی دەوربەر وە ئاستی داهات و پلەی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا لە كۆمەلگا .( یەكەم. بەرهەمی پێویست - دووەم. بەرهەمی جوانكاری).

ج- بەپێی مەبەست لەكڕین :- دابەشكردن بەپێی مەبەست لە كڕین و جۆری كڕیار قبول كردنی لەنێوان ئەندامانی بە بازڕكردن بەو شێوەی كە بەرهەم پۆلێن بكرێت بە گوێرەی بازاڕی دیاری كراو وە ڕونی لە ئامانجەكان جیاواز دەبێت ستراتیجی و لایەنەكانی بە بازاڕكردن بەكارهێنەر وە دابەش دەبێت بۆ ئەمانەی لای خوارەوە :-


یەكەم. كەل و پەل و خزمەتگوزاری (استهلاك)ی:- شێوازی ڕاگەیاندن لەو بارەیەوە پێویستە بەگشتیتی و پێویستی بەكار هێنانی وە هۆیەكانی پەیوەندی فراوانی بلاو بوونەوە.

دووەم. كەل و پەلی خزمەتگوزاری (انتاج)ی :- كاریگەر دەبێت بە فرۆشتنی كەسی زیاتر لە لایانەكانی ڕاگەیاندن .

- ئەم دابەشكردنە سنوردانێت لە ماوەی سیاسەتی بە بازاڕكردن بۆ ئەم كەل و پەلانە .

1- ئامرازەكانی كارەبایی لە مالەكان وەك كەل و پەلێكی (استلاك)ی بەلآم لە كارگە وەك كەل وپەلێكی (انتاج)ی .

2- خزمەتگوزاری چاكسازی بۆ بەكاربەر بریتیە لە خزمەتگوزاری (استهلاك)ی بەلآم بۆ ئامێرەكانی كارگە بریتیە لە خزمەتگوزاری (انتاج)ی .




11- **<u>کەل و پەل و خزمەتگوزاری ( استهلاك )ی</u>** :-

**بەو جۆرە پێناسە دەکرێت کە بریتیە لە لەو بەرهەمانەی کە دەیکرین کە مەبەستی تێرکردنی پێداویستیەکانی تاك یان خێزان وە مەبەستی بەکاربردنی کۆتایی وە بۆ بەکارهێنانی کەسی نەك بۆ دووبارە فرۆشتنەوە**

- **بەکاربەر رازی دەبێت لەسەر کڕینی دوو جۆری سەرەکی :- زۆر گرنگە........**

1- **کەل وپەل :- بریتیە لەشتی هەستپێکراو ( بەرجەستە ) کە بەکاربەر دەیکڕێت بە مەبەستی بەکاربردنی کۆتایی .**

2- **خزمەتگوزاری وەك چالاکی کە هەوڵدەدات بۆ تێرکردنی پێویستیەکە بەهۆی لایانەکانی هەست پێنەکراو بۆ نموونە ( خزمەتگوزار فێرکردن  فڕین  چاککردنەوە ) .**

- كەل وپەلی بەكاربەر (استهلاك)ی :- بريتيە لەو كەل وپەلەی كە بەكاربەری كۆتايی بۆخۆی دەيكرێت يان بۆ كەسانی تر بۆ ئەوەی بەكاری بهێنين بۆ تێركردنی پێداويستيەكانی خێزانەكەی يان كەسانی تر.
- جياكەرەوەكانی بازاڕی كەل وپەلی بەكاربەری (استهلاك)ی كە كاريگەری هەيە لەسەر ستراتيجی بەبازار كردن.

1- بلاْوبوونەوەی جوگرافی فراوان لەگەڵ (متعاملين) بەكارهێنانی ڕيكلام لەسەر نطاقی فراوان وە داواكردنی سياسەتی نرخ دانان هاوسەنگ لەنێوان فيئاتی داهاتی جياواز.

2- سەردەمی نوێ لەگەڵ بەكاربەری داهات و پشت دەبەستێت بەسەر سۆزی هاندەر وەكاريگەر دەبێت بەوە لەسەر هەڵبژاردنی ديزاينی گونجاو بۆ شێوەی (قتوو  ڕەنگ  ناوی بازرگانی  كاری پڕوپاگەندەكردن ).

3-بەهای مشتريات ڕێژەيان بەهاكەی كەمە لەيەك جاردا كە بەدەست هێنانی قازانجێكی كەمە وە بەرهەمهێنەر يان دابەشكار پشت دەبەستێت لەسەر گرنتی دووبارە بوونەوەی كڕيار وە ئەوە پەيوەستە بە قەبارەی تێربوونی بۆيە ستراتيجيەتی بە بازاڕكردن هەڵدەدات بۆ درووست كردنی وێنەيەكی گونجاو وە دروستكردنی باوەڕپێكردن بۆ كەل وپەل و بەرهەم يان دابەشكار.

- جۆرەكانی كەل وپەلی بەكاربەری كۆتايی يان كەل وپەلی بەكاربەر (استهلاك)ی:-

دابەشدەبێت بەپێی تايبەتمەندی و هەڵسوكەوتی كڕين بۆ بەكاربەران وە بڕی ڕەنجی بەكاربەران بۆ دەست كەوتنی كەل وپەل (سلع الميسرة  السلع التسويق  السلع خاصة - السلع الأضطرارية) . ئەم دابەشكاريە پەيوەستە بە ژينگە وە بەكاربەر لەناودا دەژيت وە هەروەها داهات و چينی كۆمەڵ

1- <u>السلع الميسرة</u> :- بريتييە لەو كەل و پەلی كە بوونی دەبێت لە ڕووی شوێن و كات بۆ بەكاربەر لە هەموو كۆگا و بازاڕێكی نزيك دەست دەكەوێت بەردەوام پێوستيمان پێی دەبێت بێ ماندووبوون لەگەڵ گەڕان بەدوای يان پلاندانان بۆ كڕينی وە دووبارە دەبێتەوە كڕنيی . وە ئاسان دەست دەكەوێت . <u>فرۆشتنی ژمارەيەكی زۆر بە بەكاربەران وە بە بڕی بچووك وە بە قەبارەی بچووك</u> . **وەك** ( الخبز  مواد البقالة  الصحف  المشروبات  معلبات  خضروات ) .

- جۆرەكانی ( أنواع السلع الميسرة ).

أ- <u>سلع المعتادة</u> :- بەكاربەر دەيكرێت بەشێوەيەكی بەردەوام وەك ( مواد البقالة  معجون الاسنان ).

ب- <u>سلع شراء الفوري (راستەوخۆ)</u> :- بريتييە لەو كڕيارانەی كە پلانی بۆ دانراوە يان بەكاربەر ڕەنجێكی كەم بەكاردێنێ لە پلان دانانی بۆ كڕين نموونە (المشروبات الغازية).

ج- <u>سلع الاضطرارية</u> :- بەكاربەر بير ناكاتەوە لەژێر بارودۆخی ئاسايی دا وە دابەش دەكرێت لە شوێنی نزيك بۆ بەكاربەر بۆ دەست كەوتن لەسەر لەكاتی پێويستدا وەك ( مظلة الامطار  بعض الادوية) .

2- <u>السلع التسوق</u> :- ( السلع الانتقائة )

برتییە لەو کەل و پەلەی کە بەکاربەر بڕیار نادات لە کڕینی تەنها دوای جێ بەجێکردنی یان بەراوردکردنی پێویست لە نێوان جۆرەکانی خراوەڕوو لە بازاڕ . ئەمەش بە مەبەستی جیاکردنەوە لە نێوان نرخ و تایبەتمەندی کواڵێتی خزمەت گوزاری پێشکەشی کە بەو هۆیەوە دەستی بکەوێت بەکاربەر لەسەر باشترین مەرجەکانی خراوە ڕوو نموونە ( الادوات کهربائیة  الثاث  الملابس ) . بەڵام بەکاربەر کاتێکی درێژ بە کاردێنێ لە کرداری توێژینەوەی بوراوردکردن لە کاتی کەل و پەلی میسرة وە نرخەکەی بەرزترە کەل و پەلی میسرة .

3- <u>السلع الخاصة</u> :- بریتییە لەو کەل و پەلەی کە تایبەتمەندی جیاکار و دیاری هەیە. تێر دەکات ئارەزوو پێداویستی بۆ هەندێك لە بەکاربەران وەك ئارەزوو لە ( تمیز و هەڵسەنگاندن ) بەکاربەر پلانێکی باش دادەنێت لە پێناو دەست کەوتنی ئەم کەل و پەلە وە چاوەڕوانی دەکات بۆ ماوەیەکی یان ڕەنج و سامان بە کاردێنێ لە پێناو دەست کەوتنی لەسەری .

- بڕیاردانی کڕین لە لایەن بەکاربەر حەزێکە بۆ خۆ هەڵکشان .
- بەراورد ناکات لەگەڵ جێگرەوە تەنها ئەگەر مارکە و جۆری زۆر لەو نزیك بێت

**4- <u>السلع الاضطرارية</u>** :- ئەو جۆرە کەل و پەل و کالایانە دەگرێتەوە کە کڕیار بیر لە کڕینیان ناکاتەوە لە کاتی ئاسایی دا تەنها لە کاتی زۆر پێوسیت دا نەبێت . ( وە بریتییە لەو کەل و پەلانەی کە بەکاربەر بیر لە کڕینیان ناکاتەوە لەژێر بارودۆخی ئاسایی هەر کاتێك پێویستی پێبوو دەیکڕێت . لایەن و بنچینەی دابەشکردنی جیاواز. ) .

وەك (بعض انواع الادویه  بعص الخدمات التامین علی الحیاه  خدمات العیادات النفسیه  معدات دفن الموتی  بعص انواع الخدمات الصبیه المتخصصه )

## ئەم خشتەیە  روون دەکاتەوە جۆرەکانی کەل و پەلی بەکاربەری کۆتایی

| السلع الميسسرة | السلع التسوق | السلع الخاصة | السلع الأضطرارية |
|---|---|---|---|
| 1- قربة من المستهلك .<br>2- ثمنها زهيد نسبياً .<br>3- عدد كبير من المتاجر.<br>4- صغر قيمة الصفقة .<br>5- انخفاض هامش الر بع .<br>6- تعدد منافذ التوزيع.<br>7- الأعلان ضرورة.<br>8- سرعة دوارن المخزون. | 1- يقارن المستهليك عند الشراء .<br>2- تباع في مراكز تسوق .<br>3- منافذ توزيع اقصر.<br>4- قلة معدل الدوران .<br>5- الأرتباط بالمسيقية .<br>6- تعت مد ع لى البـ يع الشخصي.<br>7- تـ ستخدم سيا سات التشكيل. | 1- لها خـ صائص معـ نة تنفرد لها<br>2- ا ستعداد لـ يذل الجـ هد والمال للعصول عليها .<br>3- يخـ طط المـ ستهلك للشراء<br>4- الماركة مصعة البيع .<br>5- ا ستعداد المـ ستهلك للأنتضار .<br>6- توزيع وحيد او وكيل.<br>7- استخدام الأعلان.<br>8- تـ سعر وفـ قاً لا قدرات الشرائية للمستهلكين. | 1- كايتم التفكير في شراء في الضروف العادية .<br>2- الحاجة الملحة لها<br>3- مختلفة المنافذ و اسس التوزيع. |

- **خزمەتگوزاری (استهلاك)ی :-** بریتیە لە چالاکی هەست پێنەکراو کە ئامانجی بۆ تێرکردنی ئارەزوو وە پێویستی تایبەت بۆ بەکاربەری کۆتایی وەك (گواستنەوە  فڕین  گەشتوگوزار  خزمەت گوزاری التأجیر  خزمەتگوزاری چاکردنەوە  چاکسازی خزمەت گەوزاری دەنوێنێت نیوەی خەرجی خێزانی)
- لێرەدا ژمارەیەك بەرهەم هەیە دەکەوێتە نێوان کەل وپەل و خزمەتگوزاری وەك چێشتخانە کەل وپەل پێشکەش دەکات وەك خۆراك لە هەمان کاتدا خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات .

**کەل و پەلی میسرة :-** (1) نزیکە لە بەکاربەر(2) نرکەی ڕێژەیانە یەکسانە (3) ژمارەیەکی زۆر لە فرۆشیار هەیە (4) بچوکی بەهاکەی (5) نرخی قانزاج (6) زۆری لایەنەکانی دابەشکردن (7) اعلان پێویستە(8) خێرایی سورانەوەی کە بەبازارکراوە .

**کەل و پەلی تسوق :-** (1) بەراوردی دەکات بەکاربەر لەکاتی کڕین (2) دەفرۆشریت لە ناوەندەکانی شوێن (3) لایەنەکانی دابەشکردنی کەم ترە (4) کەمی خێری سورانەوە لە کۆگا (5) پەیوەستە بە وەرزەوە (6) پشت دەبەستێت لەسەر فرۆشتنی کەمی (7) بەکارهێنانی سیاساتی تەشکیلی .

**کەل و پەلی خاصة :-** (1) تایبەتمەندی دیاری کراوی هەیە (2) بەکاربەر ئامادە بە بەکارهێنانی ڕەنج و سامان بۆ دەست کەوتنی (3) بەکاربەر پلان دادەنێت بۆ کڕین (4) مارکەیەکی زۆر گرنگە بۆ کڕین (5) بەکاربەر ئامادەیە بۆ چاوەڕوانی (6) دابەشکردنی تەنیایی یان بریکار (7) بەکارهێنانی ڕیکلام (8) نرخ دادەنێت بەپێی تواناکانی کڕینی بۆ بەکاربەر.


**کەل وپەلی ناچاری :-** (1) بیرناکرێتەوە لە کڕینی لەبارودۆخی ئاسان (2) کە پێشبینی زۆرت هەبوو ئینجا دەیکڕیت (3) لایەن و بنچینەی دابەشکردنی جیاوازە.

- **تایبەتمەندیەکانی خزمەتگوزاری (استهلك)ی :-**

1 - هەست پێنەکراوە:- ناتوانین ببینین یان دەستی لێبدەین پێش کڕین

2- ناتوانین خەزنی بکەین دەبێتە هۆی سود نەبینی لە چالاکی پەیوەست بە خزمەتگوزاری وە دەبێتە زەرەرێکی ڕاستەقینە بۆ بەرهەمهێنەرەکان وەك (فڕین و ڕۆیشتنی فرۆکە لەکاتی خۆی بێ بوونی ژمارەی کورسیەکان).

- كەل و پەل و خزمەتگوزاری (الانتاجيه):- بريتيه لەو كەل وپەلی كە بەرهەمهێنەركان دەيكڕن بۆ بەكارهێنانی لە ڕووبەروو بوونەوەی پێویستیەكانی دامەزراوە. جا ئايە بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمە يان خزمەتگوزاری تريان بۆ يارمەتی دانە لە ئاسانكردنی بەرهەمهێنان .
- كڕيار كەل وپەلی (انتاج)ی گرنگی دەدات بە جياكەرەوەكانی ئەو كەل و پەل.
- كەل و پەلی (انتاج)ی دابەش دەكرێت بە پێی مەبەست لە بەكارهێنانی.




- جۆرەكانی كەل وپەلی (انتاج)ی :-

دابەش دەبێت بە پێی مەبەست لە بەكارهێنانی كرداری بەرهەمهێنان بۆ كەل وپەلی (رئس مالي و انتاجي و مهماتي) كار پێكردن.

1- سلعة الرئسماية :- بريتيە لە كۆمەڵێك كەل وپەل و ئامێری سەرەكی كە دامەزراو بەكاری دەهێنی بۆ بەرهەمهێنانی كەل و پەلی تر بەڵام بەشداری ناكات لە پێكهاتەكەی وە دابەش دەبێت بۆ ئەمانەی خوارەوە.

ـ پێكهێنان :- بريتيە لە بەشێكی سەرەكی لە أصول جێگیر لەدامەزراو وە بەشداری ناكات لە بەرهەمهێنانی كەل وپەل بەڵكو يارمەتی دەدات لە بەرهەمهێنان وە جيادەكرێتەوە بە بەرزی نرخەكەی وە بە بەردەوام بوونی لەكرداری بەرهەمهێنان بۆ ماوەيەكی درێژ.

- مەترسی بە بازاڕكردنی پەيوەستە بە پێشكەوتنی تەكنەلۆژيا وەك (موليدەيی كارەبايی - ئامێرەكانی چاپكردن  شەمەندەفەری هێڵی ئاسنين  فرۆكە).

- دەركردنی بڕیار بۆ كڕین دەبێت لەلایەن كارگێڕی بالاّ بێت لە دامەزراوە لە فرۆشتنی پشت دەبەستێت لەسەر فرۆشتنی كەسی بە پلەی یەكەم . دەبێت دابەشكردنی بەكارهێنانی بریكاری تەنیایی بێت بەلاّم لە سرنج ڕاكێشی بچی تركیب و وە گرنتی ڕاهێنان و چاكسازی و چاككردنەوە و وە متمانە.

2- **معدات (كەل وپەل و ئامێر)** :- بەشداری ناكات لە پێكهێنانی بەرهەمی كۆتایی وە بەكاردەهێندرێت لە ئاسانكردنی چالاكی بەرهەمهێنان وەك (ئامێرەكانی نووسین  نووسین  حساب  پێوان  ئامێری تاقیكردنەوە  بزوێنەری بچووك) . ئەم ئامێرانە پێویستیان بە خەرجیەكی كەمە وە جیا دەكرێتەوە بە كورتی تەمەنی (انتاج)ی وە دابەشكردنی لەسەر ئاستێكی فراوان بۆ دابەشكردنی یارانی پیشەسازی (نێوەندەكان).

2-مواد :- بریتیە لەو كەل وپەلی كە دەكڕدرێت بۆ بەكار هێنانی ڕاستەو خۆ لە بەرهەمهێنانی كەل و پەل و خزمەت گوزاری دەگرێتەوە .

ا- كەرستەی خاو :- بریتیە لەو كەل وپەلی كە كرداری (انتاج)ی لەسەر تەداخولی ناكرێت كە دەردەهێندرێت لە كێڵگە و دارستان و دەریا و ئۆقیانوسەكان . ٭(دەفرۆشرێت بە بڕێكی زۆر وە كڕینی دووبارە دەبێتەوە لە ماوەیەكی كەم ) .

2- كاڵەی نیوە دروست كراو :- بریتیە لەو كەرستەی كە بەكاردەهێندرێت دوای جێ بەجێكردنی پیشەسازی لەبەرهەمهێنانی بەرهەمیتر٭ وەك (كەرستەی كیمیاوی و تەختەدار و كاغەزی چاپكردن)

٭دەفرۆشترێت بەپێی مواسەفاتی دیاری كراو یان بەپێی ئەو مواسەفاتەی كە كڕیاری پیشەسازی دیاری كراو داوادەكات .

3- الاجزاء :- ٭بریتیە لەبەرهەمی تەواو دروستكراو كە بەشدارە لە پێكهێنانی كەل و پەلی تر بەپێی ئەنجامدانی گۆڕانكاریەك لەسەر٭وەك (تایەی ئۆتۆمبێل  گسكی كارەبایی  مانتۆڕی ئاو  پاتری)

٭ ڕاستەو خۆ دەفرۆشرێت بۆ بەكارهێنەرانی بەلاّم نرخ و خزمەت گوزاری لە پێكهاتەی سەركی دەژمێردرێت لە ستراتیجیەتی فرۆشتنی لەكاتێك دا (اعلان و تمییزی) كەل وپەل ڕۆڵێكی كەمی هەیە .

4- مهمات تشغیل :- ٭بەكاردەهێنرێت بۆ ئاسانكاری لە كاتی هەڵسان بە كرداری بەرهەم هێنان بەلاّم بە بەشێك دانارێلە كرداری بەرهەم هێنان . ٭وەك ( قەڵەم  كەل و پەلی پاك كردنەوە )

٭ زۆربەی ڕێكخراوەكان بە جۆرە جیاوازەكانیانەوە هەڵدەستن بە كڕینی ئەم كەرستانە بەشێوەیەكی بەردەوام.

٭ دەفرۆشرێت لە زۆربەی شوێنەكانی فرۆشتن وە بوونی نابێت هەمووی تەنها لەلای یەك فرۆشیار لەبەر ئەوە هەركەسێ پێویستی پێبوو لای فرۆشیار دەستی دەكەوێ وە دەیكڕێت هەر كاتێ پێویستی پێی بوو . ٭ دەست دەكەوێت لەبازاڕ بە بەردەوامی ئەمەشیان وەك ( كەل و پەلی میسرة ) یە بۆ بەكاربردن ٭ بە شێوەیەكی گشتی

**دابەش دەبێت** بۆ كەرستەی تایبەت بە **چاكسازی** یان كەرستەی تایبەت بە **چاككردنەوەی** یان كەرستەی تایبەت بە **كارپێكردن** .

**الخدمات الانتاجیة** :- بریتییە لە بەرهەم هێنانی هەست پێنەكراو كە دامەزراوی پیشەسازی و بەرهەم هێنان دامەزراوەكانی پیشەسازی بەكاری دەهێنێت ⋆وەك ( خزمەت گوزاری یاسایی  ئەمن و ئاسایش ).

⋆ دەكرێت دامەزراو تماهد بەو خزمەت گوزاریانەبكات بۆ هەندێك دامەزراوی تایبەت بەرامبەر بە چالاكیەكی دیاری كراو .

## نرخ دانان ( تسعیر )

ب- هەندێك تێگەیشتن هەیە كە پەیوەستە بە تێگەیشتنی نرخ دانان .....

1- **سوود** :- بریتییە لە صفات كە وەسفی شتێك دەكات وە توانای پێدەدات بۆ تێركردنی پێداویستیەكانی بەكاربەر .

2- **بەها** :- بریتییە لە پێوەری چەندێەتی بۆ زانینی یەكسانی شتەكان وە بەهۆی یەكسانی ئەم پێوەرە دەتوانێت ئاڵوگۆڕی شتە یەكسانەكان بكەین لەگەڵ یەكتر .

3- **نرخ** :- بریتییە لەبەهای شتێك كو دەردەبڕدرێت بە یەكەی پارە لەماوەیەكی كاتی دیاری كراو .

4- **بەنرخ كردن** :- بریتییە لە هونەری وەرگێڕانی بە ها بۆ یەكەی دراو لە ماوەیەكی كانی دیاریكراودا . لەرێگەی كرداری پلان دانان وە جێ بەجێكردنی وە هەموار كردنی نرخ بە شێوەیەكی ستراتیجی كە لە كارە گرنگەكانە كە پێویسە لەبەر چاو بگیرێت بەڵام لەڕاستیدا لە تێڕوانینی تەسكدا نرخ بریتییە لە تێچووی ماددی ڕاستەوخۆ بە كارهێنانی بۆ بە دەست هێنانی كەول پەل .

- **تێبینی** :- كۆمەڵێك تێچوون هەیە بە نسبەت بەكاربەر بریتین لە :-

1- تێچووی هەڵی جێگیرەوە :- بریتییە لە تێچووی كات كە بەكاربەر خەرجی دەكات بۆ بەدەست هێنانی بەرهەمەكان كە توانای بەرهەم هێنانی تری هەیە .

2- تێچووی كۆششی ماددی :- بریتییە لە تێچووی كۆششی ماددی كە بەكاربەر خەرجی دەكات لە پێناو بەدەست هێنانی كەل وپەل .

3- تێچووی دەرونی :- ئەم تێچوونەش پەیوەستە بە درێژی ئەم ماوەیەی كە بەكاربەر چاوەڕوانی دەكات بۆ بەدەست هێنانی كەل و پەل یان بریتییە لە مامەڵەی خراپ لەگەڵ بەشێك لە كرێكارانی ڕێكخراو مامەڵەی كارگێڕی بە بازاڕكردن وە هەوڵ دەدات كە ئەم تێچوونە لە سنوورێكی كەم دابێت .

ب- ئامانجی نرخ دانان :-

1- ئامانجی قازانج كردن :- پێك دێت اە مانەی لای خوارەوە :-

أ- گەڕانەوەی بەرهەم .

ب- گەڕانەوەی فرۆشراوەكان.

ج- گەورە كردنی قازانج .

2- ئامانجی فرۆشتن :- پێك دێت لەمانەوەی لای خوارەوە :-

أ- زیاد كردنی ژمارەی یە كەكانی فرۆشتن .

ب- زیاد كردنی بە های یە كەكانی فرۆشتن .

ج- زیاد كردنی بەشی بازاڕ ( واتا زۆرترین بەكاربەر كەل و پەلەكانی كۆمپانیا بەكارببەن لەو بارانەی ئەو كۆمپانیایانەی هەمان كاردەكەن ).

3- ئامانجی مانەوە :- هەوڵ دەدات بۆ مانەوە بۆ كاتێكی دوورو درێژ

4- ئامانجی زیادكردنی تدفقاتی نقدی ( وەرگرتن ) پێك دێت لە مانەی لای خوارەوە :-

أ- تدفقاتی نقدی داخیلی .

ت- تدفقاتی نقدی خاریجی .

5- ئامانجی پاراستنی باری ئێستای ڕێكخراو :-

أ- بەپێی نرخەكانی ڕكابەرەكان .

ب- بەپێی جێگیری نرخەكان .

ج- بەپێی بەشی ئێستای لە بازاڕ .

د- تێڕوانینی خەڵك بەرامبەر بە كەل و پەل .

6- ئامانجی پارێزگاری كردن لە ئاستی جودەی بەرز :-

ـ ڕێكخراو بەردەوام هەوڵ دەدات كواڵێتی كالأكان بەرز بێت لەبەر كێبڕكێی كاران و ڕاكێشانی بەكاربەر بۆ خۆی .

ج- ئەو هۆكارانەی كاریگەریان هەیە لە بڕیارەكانی نرخ دانان :-

1- ئامانجی ڕێكخستن و بە بازاڕكردن .

2- ئامانجی نرخ دانان .

3- پێکهاتەکانی تێکەڵی بە بازاڕکردن لەوانە ( بەرهەم  قازانج  دابەشدردن )
4- تێچوون .
5- ڕکابەری .
6- بۆ چوونی کەناڵەکانی دابەشکردن ( رجال بیع ).
7- بەرو پێشبردنی کڕیارەکان .
8- هۆکارەکانی یاسایی و ڕێکخەری .

**د- هەنگاوەکانی کرداری نرخ دانان :-**

1- دیاری کردنی ئامانجی نرخ دانان :- پێویستە ئامانجی ڕێکخراوی نرخ دانان دیاری بکرێت وە ڕوون و یەکسان بێت لەگەڵ ئامانجی گشتی ڕێکخراو .

2- دیاری کردنی خواست :- یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکان کە پەیوەستە بە نرخ دانانەوە لە باری ئاسایی پەیوەندیەکی پێچەوانەی هەیە لە نێوان هێندەی خواست و نرخ واتا کاتێك نرخ بەزردەبێتەوە هێندەی داواکراو کەم دەبێت بەلاَم کاتێ گۆڕانکاری ڕوودەدات لە نرخ ئەوا خواستەکەش نەرم دەبێت ئەگەر ئەم گۆڕانکاریەش ڕوونەدات ئەوا لەم کاتەدا خواست ( اعادة مرونة ) واتا یەکسانە لەگەڵ نرخ .

3- دیاری کردنی تێچوون و داهاتەکان :- دوو جۆرە تێچوونمان هەیە ( جێگیر و گۆڕاو ) :-

تێچوونە جێگیرەکان :- ئەو تێچوونانەن کە ناگۆڕێن وبە زیاد کردنی یەکەکانی بەرهەم هێنانی کورسی تێچوونەکەی ناگۆڕێت ئەگەر سەدان دانەش بەرهەم بهێنین .

4- شیکردنەوەی نرخی ڕکابەرکان :- ڕێکخراو هەڵدەستێ بە دانانی هەندێ کەس کە شارەزیی و زیرەکیان زۆرە لەبواری بە بازاڕکردن بە ئامانجی چاودێری کردن و شیکردنەوەی نرخەکانی نموونەی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕکابەرەکان وە هەندێ جار ڕێکخراو هەڵدەستێ بە فرۆشتنی یانسیبات وە دابەش کردنی دیاری بۆ ڕاکێشانی بەکاربەر بە ئامانجی ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕکابەران .

5- هەڵبژاردنی سیاسەتی نرخ دانان :- بریتییە لە کۆمەڵێك بنەما و ڕێسا و ئاراستە کە پێویستە بۆ هەنگاوەکانی نرخ دانان و پلان دانانی لە هەموو قۆناغەکان لە قۆناغەکانی کار .

**ه- جیاوازی نرخ دانان ( تمیز التسعیر ):-** جیاوازی هەیە لە هەڵسەنگاندنی نرخی کەل و پەل لەگەڵ کەل و پەلێکی تر لە نەحیەی جۆری و مارکەیی و باشی و جیاوازی دەکرێت لەسەر ئەم بنەمایانەی لای خوارەوە :-

1- لەسەر بنەمای شوێن ( علي اساس المكان ) :- نرخی کەل و پەلەکان دەگۆڕێت بە پێی شوێن وەك ( شوێنە ڕاقیەکان ) نرخی کەل و پەل بەرزە بەلاَم هەمان کەل و پەل لەو شوێنانەی ئاستی بژێوی ژیان نزمە نرخی کەل و پەلەکەش نزمە .

2- لەسەر بنەمای کات ( علي اساس الزمان ) :- نرخی تایبەت بە کەل و پەل پەیوەندی هەیە بەو کاتەی کە کەل و پەلەکەی پێشکەش دەکرێت لە بازاڕ .

3- لەسەر بنەمای بەکاربەر ( على اساس المستهلاك ):- هەموو بەکاربەرێك ئارەزووی پێداویستی تایبەتی هەیە وەك کەل و پەلی تایبەت دەکرێ وە جیاوازی بەرز لەکاتی هەبوونی کەل و پەل و پێداویستی ئاسایی

4- لەسەر بنەمای جۆری کەل و پەلەکان ( علي اساس نوعية السلع ) :- هەبوونی کەل و پەلێکی دیاری کراو لە ژینگەیەکی دیاریکراو نرخێکی تایبەت هەیە وە هەمان ئەو کەل و پەلەیە لەشوێنێکی تر نرخێکی ئاسایی هەیە وەك ( خواست لەسەر ئۆتۆمبێلی سوور و سپی ) .

و- ڕێگاکانی هەڵبژاردنی نرخ دانان :-

1- نرخ دانان لەسەر بنچینەی تێچوون :- نرخ یەکسانە = ( تێچوونی بەرهەم هێنان  تێچوونی بە بازاڕکردن  تێچوونی کارگێڕی  هەندێك لە قازانج ) ئەمەشیان ڕێگەیەکی سادە و ئاسانە .

2- نرخ دانان لەسەر بنچینەی خواستی ئاڕاستەکراو :- بە هۆی خواستەوە نرخ دادەنرێت ئەگەر خواست بەرز و گەورە بوو ئەوا دەبێتە هۆی زاد بوونی سیاسەتی نرخ دانان لەبەر ئەوەی پشت دەبەستێ بە کەل و پەلی بە سیاسەتی خواستی ئاڕستەکراو .

3- نرخ دانان لەسەر بنچینەی ڕکابەرایەتی :- لێرەدا سیایەتی نرخ دانان پشت دەبەستێ بە کەل و پەلی جێگیرەوە یان هاوشێوەکانی بەشێوەیەکی گەورە وەك ( چاو و قاوە ).

4- نرخ دانان لەسەر بنچینەی مێژوو :- نرخ دانان پشت دەبەستێ بە ماوە و کاتی لەسەر کەل و پەلەکان هەر چەندە ئەو ماوە کاتییە بەسەردا تێپەڕ دەبێ نرخەکەی دادەنێ بەڵام ئەگەر هاتوو کەل و پەلەکە نوێ بوو ئەوا نرخەکەی بەرزە کەواتە مێژوو کەل و پەلەکان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەسەر بەها و نرخەکەی .

5- نرخ دانان لەسەر بنچینەی خاڵی یەکسان :- واتا خاڵی یەکسانی لەنێوان داهاتەکان و تێچوونەکان هەرچی پەیوەندی هەیە لەنێوان ( هێز و نرخ و قازانج ) .

6- دیاری کردنی نرخەکان :- لەڕێگەی دیاری کردنی کەل و پەل دەتوانێت نرخەکان دیاری بکەین هەروەها زانینی بەرز و نزم بوونەوەی نرخەکان .

## 3- دابەشکردن ( التوزيع )


**دابەشکردن** :- بریتییە لەو چالاکیەی کە بە هۆیەوە دەتوانین بەرهەمەکان لە بازاڕەکانی تایبەت بەم بەهەمانە زیاد بکەین بە هەموو ئاسانکاریەك بۆ بە دەستهێنانی بەرهەمی داواکراو لە شوێن و کاتی گونجاو وە بە هاوکاری کەناڵەکانی دابەشکردن .

- **نرخەکان سیاسەتی دابەشکردنی بەرهەم دوو جۆر بڕیار لە خۆ دەگرێت :-**

1- **بڕیارەکانی پەیوەست بە کەناڵەکانی دابەشکردن .**

2- **بڕیارەکانی پەیوەست بە دابەشکردنی ماددی .**

**ڕوونکردنەوەکەش بەم شێوەی خوارەوە دەبێت.**




⋆ **واتا پەیوەندییەکی جەوهەری هەیە لەنێوان کەناڵەکانی دابەشکردن لەگەڵ ڕێگەی دابەشکردنی ماددی , دەبێت بەرهەم هێنەکان خزمەتگوزاری گواستنەوە و خەزن کردن پێشکەش بکەن . بەلاّم بەپێی داواکاری دابەشکاران وە پێویستە کۆگا دروست بکرێت بۆ بەرهەم و نزیکی لەبازاڕ وە جگە لەو خزمەگوزاریانە دەتوانێت بەرهەم پێشکەش بکەین بە دابەشکاران .**

1- **کەناڵی دابەشکردن :- مەبەست لە کەناڵەکانی دابەشکردن کۆمەڵێك دامەزراوەی بە بازاڕکردنە کە بەهۆی ئەمانەوە هەڵدەستین بەدابەشکردنی کەل و پەل و خزمەتگوزاری لەناوەندەکانی بەرهەم هینان بۆ شوێنی بە بازارکردن و بەکاربردن .**

ـ **پرسیار :- دوو دامەزراوەی بە بازاڕکردن هەیە ؟**

أ- **دامەزراوەکانی دابەشکردن کەدەبنە خاوەنی کەل و پەلەکە . واتا کەل و پەلەکە کەسەکان دەیکڕن لە کۆمپانیاکان و هەڵدەستن بە دابەشکردنیان بۆ نموونە ( بازرگانی تاك□ بازرگانی کۆ)**

ب- **دامەزراوەکانی دابەشکردن کەنابنە خاوەنی کەل و پەلەکە . واتا کەل و پەلەکە لە کۆمپانیا ناکڕن بەڵکو هەڵدەستن بە فرۆشتنی بۆ حیسابی لایەنێکی تر بەرامبەر بە بڕە پارەیەك بۆ نموونە ( دەلاّل □ وەکیلەکان □ العملاء )**

ـ **گرنگی بەکارخستنی کەناڵەکانی دابەشکردن :-**

1- **کەم کردنەوەی تێچوونەکان .**

2-دابەشکارەکان ( دامەزراوەکانی دابەشکردن شارەزایی و کارامەی بەرزیان هەیە دەربارەی هەموو کەل و پەل و هەموو بەرهەمەکان لەلایەنی ( نوێی بەرهەمەکە  بەرهەمی ئێستا  ئەو بەرهەمانەی کە بەرەو لە ناوچوون دەچن ). )

**ــ ڕێگای دابەشکردنی ڕاستەوخۆ و ڕێگای دابەشکردنی ناڕاستەوخۆ :-**

بریتییە لەکرداری گواستنەوەی کەل و پەل و خزمەتگوزاری بەهۆی کەناڵەکانی دابەشکردن لەنێوان بەرهەم هێن و بەکاربەری کۆتایی یان کڕیاری صناعی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشێوەیە .

1- دابەشکردنی ڕاستەوخۆ :- واتا پەیوەندی ڕستەوخۆ لەنێوان بەرهەم هێن و بەکاربەر بەبێ نێوەندکاران . ئەم جۆرە دابەشکردنە گونجاوە لەگەڵ ئەو کەل وپەلانەی کە پیشەسازین یان صناعین وە لەگەڵ بەرهەمە بچووکەکان واتا ئەو کارگانەی کە بەرهەمەکانیان بچووکە وە لەگەڵ ئەو بەرهەمانەی کەتێك دەچن وە ئەو بەرهەمانەی سوودی زۆریان هەیە .

**ــ پرسیار :- سوودەکانی ڕێگای دابەشکردنی ڕاستەوخۆ :-**

1- خێرای گەیاندنی کەل و پەل بۆ بەکاربەر .

2- زیادکردنی پارە بۆ کۆمپانیا کە ناوەندەکان وەری دەگرن واتا ئەو پارەیە دەگەڕێتەوە کە کۆمپانیا دەیدات بە نێوەندەکان

3- نزیکی بەرهەم هێن لەبازاڕ واتا زانینی ئاڕستە و داواکاری ئارەزووی کڕیاران ( العملاء )ی هەمیشەین واتا ئەو کڕیارانە بەردەوامن .

4- کەمکردنەوەی تێچووینی بە بازاڕکردن بەتایبەت ئەگەر هاتوو خواست لەسەر کەل و پەلەکە دیاریکراو بوو .

5- چاودێری کردن و سەرپەرشتی کردنێکی باش لەسەر لایەنی بەرهەم هێن لە دابەشکردنی کەل و پەل وە یارمەتییان دەدات لە پێشبینی کردنێکی دروست لە بارودۆخی خواست لە داهاتوو .


**ــ دابەشکردنی ڕاستەوخۆی کەل و پەل و چەند شێوەیەك لە خۆ دەگرێت**

1- لقی فرۆشتنی خاوەنداریەتی بۆ بەرهەم :- بریتییە لەو بازرگانانەی کە دەبنە خاوەنی کەل و پەلەکە واتا بازرگانی شوێن کەوتوو بۆ بەرهەمەکە وە فرۆشتنی بەرهەمەکە بە بەکاربەر بە ئامانجی زیادکردنی پارە کە نێوەندەکانی دابەشکردن وەریان دەگرێت واتا گڵ دانەوەی ئەو پارەیەی کە دابەشکردنی ناڕاستەوخۆ دامان بە نێوەندەکان وە هەروەها دەرخستنی زیادبوونەکان لەدابەشکردن .


2- **فرۆشتن بە پۆستە** :- ئەو دابەشکردنە پشت دەبەستێ بەڕاگەیاندن و ناساندنی و گەیاندنی کەل و پەل و خزمەتگوزاریەکە بە بەکاربەر بەپێی سیستمێکی دیاری کراوی ڕێکخراو بۆ گەیاندنی ئەو کەل و پەل و خزمەتگوزاریانە بۆ بەکاربەری کۆتایی یان کڕیاری پیشەسازی .

3- **گەڕان بەدوای ماڵەکانی بەکاربەر** :- ئەم دابەشکردنە بەرهەم هێنەر هەڵدەستێ بە بەکارهێنانی کۆمەڵێك پیاوانی فرۆشیار بۆ گەڕان بە ماڵەکانی بەکاربەر وە شوێنەکانی کارکردنیان لەگەڵ پیشاندانی کەل و پەلەکان بۆ فرۆشتن ئەم ڕێگەیە بەدیاری کراوە وە هەروەها ئەم ڕێگەیە بەکاردێت بۆ هەندێك جۆری ( سەوزە و میوە و هەندێك ئامێری ناو ماڵ ).

أ- کەل و پەلی بەکاربردن :-




ب) کەل و پەلی پیشەسازی :-



**المشتري الصناعي**

2- **دابەشكردنی ناڕاستەوخۆ :- واتا پەیوەندی نی یە لەنێوان بەرهەم هێنەر و بەكاربەر بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ بەڵكو ئەم جۆرە دابەشكردنە پشت دەبەستێ بە ناوەندەكان بوشێوەی جیاواز بەم شێوەیەی لای خوارەوە .**

**ا) كەل و پەلی بەكاربردن :-**

1 **بەرهەم هێنەر ⟵ بازرگانی تاك ⟵ بەكاربەر**

2 **بەرهەم هێنەر ⟵ بازرگانی كۆ ⟵ بازرگانی تاك ⟵ بەكاربەر**

3 **بەرهەم هێنەر ⟵ وەكیل ⟵ بازرگانی كۆ ⟵ بازرگانی تاك ⟵ بەكاربەر**

**ب- كەل و پەلی پیشەسازی :-**

**بەرهەم هێنەری پیشەسازی ⟵ وەكیلی پیشەسازی ⟵ بەكاربەری پیشەسازی**

**بەرهەم هێنەری پیشەسازی ⟵ وەكیلی پیشەسازی ⟵ دابەشكەری كەل و پەلی پیشەسازی ⟵ بەكاربەری پیشەسازی**

**بەرهەمهێنەر یەك ڕێگا هەڵبژێرێت بۆ گواستنەوەی كەل و پەل بۆ بەكاربەر یاخود ڕێگەی زیاتر هەڵدەبژێرێ بەڵام ئەمەش بەپێی سروشتی ئەو كەل و پەلەی كە مامەڵەی لەگەڵ دەكات .**

**ـ بەكارهێنانی ئەم جۆرە دابەشكردنە ناڕاستەوخۆ باشترە لەم بارانەی خوارەوە :-**

1- **بوونی ئارەزوو لە تایبتمەندی و دایەشكردنی كارەكان وەك تایبتمەندی بەرهەمهێنان وە تایبەتمەندی دابەشكردن لە فرۆشتنی كەل و پەل بۆ بەكاربەری كۆتایی .**

2- **ئەو دەروازانەی ( كەناڵ ) كە كەل و پەلەكانیان دەفرۆشن یەشێوەی جوگرافی پێویستە ئەم كەناڵانە مامەڵە بكەن لەگەڵ نێوەندەكان .**

3- **لەكاتێكدا دابەشكردنی نا ڕاستەوخۆ بەشداری دەكات لەكەم كردنەوەی تێچوونی بە بازاڕكردن لە كەل وپەل.**

**ـ ئەو هۆكارانەی كاریگەریان هەیە لە دیاركردنی دەروازەكانی دابەش كردن**

**یەكەم. جۆری كەل و پەل :-**

لەکاتێکدا کەل و پەلی ( میسرة) واتا ئەو کەل و پەلەی بەئاسانی دەست دەکەوێت ئەم کەل و پەلانە گونجاوە کە شێوازی دابەشکردنە ناڕاستەوخۆ بەکاردێت وە پێویستی بە بوونی نێوەندەکان هەیە لەنێوان بەرهەم هێن و بەکاربەر بەڵام کەل و پەلی تایبەت وا گونجاو ترە شێوازی کورت ( ڕێگای کورت ) یان هەبوونی یەك ناوەند بەکاردێنێت لەدابەشکردنیان لە زۆربەی بارەکان وە کەل و پەلی پیشەسازی وا باشترە دابەشکردنی ڕاستەوخۆ یان ڕێگای کورت بەکاربهێنرێت چونکە ئەم کەل پەلانە پێویستیان بە خزمەتگوزاری دوای فرۆشتنیان هەیە.

دووەم. قابیلیەتی کەل و پەلەکە بۆ تێچوون :-

ئەو کەل و پەلانەی قابیلیەتی تێچوونیان هەیە وەك ( ماست  سەوزە و میوە ) وا باشترە دابەشکردنی ڕاستەوخۆ یان ڕێگای کورت بەکاربهێنرێت بەڵام ئەو کاتانەی کە کەل و پەلەکە بە شێوەیەکی خێرا تێك ناچێت دەتوانێت زۆر ڕێگا بۆ دابەشکردنی کەل و پەلەکە بەکاربهێنێت بەتایبەت ڕێگەی ناڕاستەوخۆ یان ڕێگەی درێژ واتا بوونی ناوەندی زۆر لەنێوان بەرهەم هێن و بەکاربەر .

سێیەم. تەرکیزکردنی کریارەکان:-

لەکاتی تەرکیزکردنە سەر کڕیارەکانی کەل وپەل لەناوچەیەکی دیاری کراو ئەمەش هانی بەرهەمهێنەر دەدات بۆ پەیوەندی کردنی ڕاستەوخۆ بە بەکاربەرەکان لەکاتی دابەش کردنی کەل وپەل چونکە بەئاسانی ئارەزو و پێداویستیەکانی کڕیارەکان دەزانێت بەڵام لە مامەڵەی بڵاو بونەوەی کریارەکان لە چەند ناوچەیەکی جوگرافیای جیواز ئەوە لەم ماوەدا پۆیستە بەرهەمهێنەر پشت ببەستێت بە ناوەند یان کۆمەلێك ناوەند وەك (بازرگانی کۆ یان بازرگانی تاك) ئەمکارەش دەبێتە ئەڵقەیەکی پەیوەندی لە نێوان بەرهەمهێنەرو بەکاربەری کۆتایی

چوارەم. توانایی بەرهەمهێنانی دامەزراوە:-

لەوکاتانەی کە توانایی دامەزراوە زۆرە وەك توانایی هونەری و توانای کارکردن بەڕێژەیکی گەورە پێویستە دامەزراوە پەیوەندی بکات بە ژمارەیەکی گەورە لە دابەشکاران وە پشت ببەستێت بە ناوەندەکان لە دابەش کردنی بەرهەمەکان بەڵام ئەگەر توانایی دامەزراو دیاری کراو بوو بەرهەمهێنەر تەنها پشت دەبەستێت بە بازرگانی کۆ بۆ بەدەستهێنانی یارمەتی دارایی و خزمەتگوزاریەکان کە پێشکەش دەکات .

پێنجەم. توانایی دارایی دامەزراو:-

لەو حاڵەتەی کە دامەزراوە توانایی زۆرە دەتوانێت لقی فرۆشتن بۆ بەرهەمهێنان بکاتەوە وە بەکار هێنانی ژمارەیەکی زۆر لە توێژەرانی (مندوب) فرۆشتن بەڵام لەو حاڵەتەدا کە دامەزراوە توانایی کەمە گرانە لەسەر بەرهەمهێنەر کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ بکات بەکڕیارەکان وا باشترە پشت ببەستێت بە ئامێرەکانی دابەشکردن .

شەشەم. سروشتی بەکاربەر:-

بەکاربەری کۆتایی باشترە مامەڵە لەگەڵ نێوەندەکان بکەن بۆ کڕینی پێداویستیەکان وە سەبارەت بەکڕیاری پیشەسازی وا باشترە بەشێوەیکی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ بەرهەمهێنەر بکەن بۆ ئەوەی سەیری سروشتی هونەری کەل وپەل بەرهەمە پیشەسازیەکە بکەن وەپێداویستیەکانی خزمەتگوزاری وە چاککردنەوە و چاکسازی وەردەگیرێت .

حەوتەم. خزمەت گوزاری پەیوەست بە فرۆشتن :-

لەحاڵەتی کڕینی ئەو کەل وپەلەی کە شێوەیەکی هونەری ئالۆزی هەیە وە پێویستی خزمەتگوزاری دوایی فرۆشتن هەیە وا باشترە کڕیار ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ بەرهەمهێن بکات چونەکە بەرهەمهێنەر توانایی هونەری زۆری هەیە بە بەراورد لەگەڵ دابەشکەرەکان وە نێوەندەکان کە ئەمانە ئەم توانایان نیە .

هەشتەم. بارودۆخی ژینگەی دەوروبەر:-

مەبەستمان لەمە هۆکارەکانی ڕکابەرین وە یاساکانی ڕێکخراو بۆ بە بازاڕکردن یان دەست تێوەردانی حکومی و هیتر لەکاتی بەکارهێنانی بە بازاڕکردنی هاوبەش وە دابەشکردنی هەندێك بەرووبوومی کشتوکاڵی ژمارەی نێوەندەکان کەمە حکومەت بەشداری دەکات لەسەر پەرشتیکردن لە کردارەکانی دابەشکردنی ئەم کەل وپەلە بەلاّم لە بارودۆخی ڕکابەری بەرهەمهێنەر هەڵدەستێت بە لابردنی هەندێك لە ناوەندەکان بەلابردنی پارە (حملە) کە ئەم ناوەندانە وەریان دەگرت بۆ ئەوەی باردۆخی ڕکابەر باشتر بکەین لە چوارچێوەی دابەشکردنی کەل وپەلی دیاری کراو وە پشت بەستن بە کەمترین ژمارە لەدابەش کردن .

**2- دابەشکردنی مادی : ( التوزیع المادی ) :**

**1- تێگەیشتن و ئامانجی دابەشکردنی مادی**

دابەشکردای مادی کۆمەڵێك چالاّکی بەبازاڕکردن لەخۆ دەگرێت کەپەیوەندی هەیە بەگواستنەوەی کەل و پەل لە المورد بۆ بەکاربەری کۆتایی یان کڕیاری پیشەسازی وە ئەم سیستەمە هەوڵدەدات بۆ پڕکردنەوەی ئارەزوی کڕیارەکان وە زیادکردنی ڕەزامەندی بەکاربەرەکان , بەزیادکردنی کەل و پەل بۆ بەکاربەر لە شوێن و کاتی بگونجێ لەگەڵ تێگەیشتنی نوێی بەبازاڕکردن , وە ئامانجی دابەشکردنی مادی ئەمانەی خوارەوەیە :

أ- کەمکردنەوەی تێچوونی گواستنەوە و خەزنکردنی کەل و پەل .

ب- پاراستنی کەل و پەل لەکاتی بەرهەم هێنانی بۆ کاتی بەکاربردنی .

ج- پابەند بوونە بەكاتی گەیاندنی كەل و پەل بۆ لایەنەكەی تر لەكاوەی دیاری كراو كەلەسەری ڕێكەوتوون .

د- زیادكردنی كەل و پەل بە بڕی داواكراو .

هـ- هەمان دامەزراوە هەڵدەستێت بە زیادكرنی پێداویسیەكانی دامەزراوە لە مەواد لەكاتێكی گونجاو .

و- تەحقیق كردنی زیادبوونەكان بۆ دامەزراوە . بەكەمكردنەوەی تێچوونی گواستنەوە و خەزنكردنی كەل و پەل .

2- پێكهاتەكانی دابەشكردنی مادی :

سیستەمی دابەشكردنی مادی تەركیز دەكاتە سەر گواستنەوەی كەل و پەل لەشوێنی بەرهەم هێنانی بۆ ناوەندی بەبازاركردن . ئەم سیستەمە دوو پێكهاتەی گرنگ لەخۆ دەگرێت :-

أ- هۆكارەكانی گواستنەوە :

هۆكارەكانی گواستنەوەی كەل و پەل ئەمانە دەگرێتەوە (هێلی ئاسنین  ئۆتۆمبێڵ  گواستنەوەی ئاوی  بۆڕیەكان  گواستنەوەی ئاسمانی وەك فرۆكە) پێویستە دامەزراوەی بەرهەمهێن دراسەی ئەم هۆكارە جیاوازانەی گواستنەوە بكات لەسەر بنچینەی چەند پێوەرێك لەوانە (خێرایی گەیاندن  ژمارەی شوێنی ئامانجدار واتا ئەو شوێنانەی كە بەرهەمیان بۆ دەنێرین دەبێت بزانین ئەم شوێنانە هەموو هۆكارێكی گواستنەوەی دەگاتێ , وە دڵنیایی لەگواستنەوە , تێچوون  هەروەها وە بۆ گەیشتن بەئامانجەكان پێویستە دامەزراوە ریزبەندیەكی ڕێژەی بكات لەنێوان ئەم هۆكارانە) .

ب- خەزن كردن :

پیشەی خەزنكردن یەكێكە لەپیشە گرنگەكان لە بواری بەبازاڕكردن كە پێویستە بۆ بەرهەمە وەرزیەكان لەماوەی ساڵدا , یان سوودی هەیە بۆ جیاوازی نرخەكان كاتێك دامەزراوە پێشبینی بەرزبوونەوەی نرخەكان دەكات سەبارەت بەكەل و پەلێكی دیاری كراو .

## چوارەم / الترويج :

ترویج پێكهاتەیەكی سەرەكیە لە پێكهاتەكانی مزیجی تسویقی . وە بڕیارەكانی تری پێكهاتەی مزیجی تسویقی كاریگەریان لەسەر ترویج هەیە . لەوانەیە ئەم بڕیارانە ببێتە هۆكارێكی یارمەتیدەر بۆ الترويج پێدانی كەل و پەل و خزمەتگوزاری وە پەسەندكردنی لەبازاڕ , یان لەوانەیە ئەم بڕیارانە ببنە بەربەست لەبەردەم كردای ترویج بۆ ئەم كەل و پەل و خزمەتگوزاریانە .

1- تێگەیشتن و پێناسەی ترویج :

ڕوانین بۆ ترویج وەك یەكێك لە چالاكیەكانی بەبازاڕكردن هەڵدەستێت بەبەخشینی زانیاری بە بەكاربەری كۆتایی و بەكارهێنەرەكان دەربارەی ڕێكخراو و كەل و پەل و نرخەكان و خزمەتگوازاریەكان كە ڕێكخراوەكە پێشبینی دەكات بەئامانجی ئەوەی كار لەڕفتار و ئاڕاستەی بەكاربەر بكەن و وەهەروەها باشكردنی شێوەی زەهنی بۆ ڕێكخراو وە دروستكردنی دڵسۆزی لەلایەن بەكاربەركان بۆ ڕێكخراو و و ئەو كەلوپەل و خزمەتگوزاریانەی كەڕێكخراوەكە پێشكەشی دەكات .

**الترويج** :- بریتیە لەكرداری گەیاندنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و ئاڕاستەكردنی بۆ بەكاربەری ئێستا و وە بەكاربەری پێشبینی كراو یان ڕەنگە ئاڕاستەی لایەنەكانی تر بكرێت بەئامانجی دروستكردنی سوودێكی گەنجاو وە پێگەیاندن و پاڵپشتیكردنی بۆ ڕێكخراو .

2- گرنگی ترویج :

1- ترویج یەكێكە لە پێكهاتەكانی مزیجی تسویقی , پێویستە بۆ دەرخستنی ئامانجی فرۆشتن و قازانج بۆ دامەزراوە .

2- ترویج كرداری گەیاندنە كە بەهۆیەوە زانیاری دەبەخشین بەبەكاربەر دەربارەی دامەزراوە و ئەو كەلوپەل و خزمەتگوزاریانەی پێشكەشی كراوە .

3- ترویج تەنها پێدانی زانیاری بەبەكاربەر نیە بەڵكو زانینی ڕەد فیعلی بەكاربەرەكانیش دەگرێتەوە بۆ ئەو زانیاریانەی پێشكەشیان كراوە .

4- ئەو زانیاریانەی كە پێشكەشی بەكاربەركە دەكەین بەهۆی پەیوەندی ترویجی یارمەتی دەرە لە كاركردنە سەر ڕفتار و ئاڕاستەی بەكاربەرەكە بگونجێ لەگەڵ تێركردنی ئارەزوەكان و ئامانجی دامەزراوە .

5- ترویج بەژداری دەكات لەچاككردنی شێوەی زەهنی بۆ دامەزراوە لەبازاڕ , وەهەروەها دروستكردنی دڵسۆزی كڕیارەكان بۆ دامەزراوە بۆ ماوەیەكی درێژ ز

3- المزيج الترويج :-

مزیجی ترویجی لەچوار پێكهاتەی بنچینەی پێكدێت (الإعلان  البيع الشخصى  تنشيگ المبيعات  النشر) وە گرنگی هەموو پێكهاتەكانی مزیجی ترویجی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی فرۆشتن و زیاد كردنی قازانجە بۆ دامەزراوە , ئەمەش مانای ئەوە نیە هەموو پێكهاتەكانی مزیجی ترویجی بەكاربێنین لەهەموو بارودۆخێك یان هەموو جۆرێكی كەلوپەل یان بازاڕێك .

**بەم پێیە مزیجی ترویجی دیاری دەكەین لەسەر چەند هۆكارێك :**

1- جۆری کەلوپەلەکە :- لەکاتی ترویج پێدانی کەلوپەلی پیشەسازی بیعی شخصی گرنگی هەیە لەبەر ئەوەی کەلوپەلی پیشەسازی سروشتی هەنەری هەیە وە پێویستی بە خزمەتگوزاری پێش فرۆشتن و پاش فرۆشتن هەیە . بەلاّم لەحاڵەتی ترویج پێدانی کەلوپەلی مەیسرە وەك کەلوپەلی بازاڕ واباشترە پشت ببەستریت بە الإعلان و تنشیگ بیعی بۆ بلاّوکردنەوە و دابەشکردنی .

2- دەوری ژیانی کەلوپەل :- زانیمان کە کەلوپەل چەند قۆناغێکی هەیە لەکاتی پێشکەشکردنی کەلوپەل بۆ بازاڕ واتا لە قۆناغی پێشکەشکردن بیعی شخصی و الإعلان دەورێکی گرنگی بۆ ئەوەی باوەڕ بەکڕیارەکان بێنێت بۆ کرینی , بەلاّم لەقۆناغی پێگەیاندن واباشترە پشت ببەسترێت بە الإعلان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕکابەرەکان , بەلاّم لەقۆناغی پێگەیشتن دامەزراوە شێوازی تنشیط مبیعات بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی پارێزگاری لە بارودۆخی ئێستا بکات , لەکۆتایی و دەرکەوتنی قۆناغی لەناوچوون پێویستی بە تنشیط مبیعات و وە پێشکەشکردنی دیاری بەخۆڕایی و دابەزاندنی نرخەکان هەیە بۆ ئەوەی ئەو کەلوپەلە کە لە کۆگاکان ماوەتەوە سەرفی بکات .

3- تایبەتمەندی بازاڕ :- ئەگەر هاتوو ناوەندی بازاڕ لەشوێنێکی جوگرافی دیاری کراوبوو واباشترە پشت ببەسترێت بە فرۆشتنی کەسی لە ترویج پێدانی کەلوپەل  بەلاّم لەحاڵەتی دابەشکردنی کەلوپەل لەچەند شوێنێکی جوگرافی جیاواز واباشترە پشت ببەسترێت بە الإعلان و تنشیط مبیعات .

4- بودجەی ترویج :- لەم کاتەی دامەزراوە بودجەی دیاریکراوە ئەوا شێوازی فرۆشتنی کەسی بەکاردەهێنێت بەلاّم لەم کاتەی بودجەی گەورەیە واباشترە پشت ببەستێت بەشێوازی الإعلان و تنشیط مبیعات .

## 4- پێکهاتەکانی مزیجی ترویجی :

مزیج ترویجی لەچوار رەگەزی بنچینە پێکدێت کە ئەمانەن :-

1- الإعلان .

2- بیع الشخصی .

3- تنشیط مبیعات .

4- النشر .

المرسل الصناعی                المستهلك المستلم

1- الإعلان .
2- البيع الشخصي .
3- تنشيط مبيعات .
4- النشر .

**1- الإعـــــــــــلان :**

**1- تێگەیشتن و ئامانجی ڕاگەیاندن :**

ڕاگەیاندن یەكێكە لە پێكهاتە بنچینەیەكانی بۆ مزیجی ترویجی , كە بریتیە لە پەیوەندیەكی ناڕاستەوخۆ و غیر شخصی بۆ گواستنەوە زانیاری بۆ ئەو كڕیارانەی كە ئامانجمانن . لە ڕێگای ئەو هۆكارانە كە دامەزراوە خاوەنی نین بەرامبەر بڕێك پارەی دیاریكراو .

بەپێی ئەم تێگەیشتنە ئامانجمان لە ڕاگەیاندن ئەمانەی خوارەوەیە :

1- ناساندنی كڕیارە چاوەڕوان كراوەكان بەو كەلوپەل و خزمەتگوزاریانەی كەدامەزراوە پێشكەشی دەكات لەگەڵ تایبەت مەندییەكانیان .

2- بەژداری كردن لەزیاد كردنی خواست لەسەر كەلوپەل و خزمەتگوزاریەكان , وەیارمەتی ڕێكخراو دەدات بۆ سوود وەرگرتن لە توانای بەرهەمهێنانی لەم مەوادانەی كەلە بەردەستی دایە .

3- ڕووبەڕووبوونەوەی ڕكابەرە بازرگانیەكان یاخود ڕاگەیاندنەكان لە كەلوپەل و خزمەتگوزاریە ڕكابەرەكان لە بازاڕ .

4- ناساندنی دامەزراوە و توانای دامەزاوە لەبواری ئابووری بە بەكاربەرەكان .

5- دروستكردنی شێوەیەكی گونجاو بۆ دامەزراوە وە ناوەندێكی جیاكەرەوە بۆ بەرهەمانی لەبازاڕ .

6- بۆ بەردەوام بوونی دامەزراوە لەفرۆشتن وە پاراستنی ئەو دڵسۆزییەی كە كڕیارەكان هەیانە بۆ دامەزراوە .

**2- شێوەكانی یان جۆرەكانی ڕاگەیاندن :**

ڕاگەیاندن چەند شوێنێكی جیاواز لە خۆدەگرێت ,

أ- الإعلام التعليمي : ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە تایبەتە بەناساندنی كەلوپەل و خزمەتگوزاریە نوێیەكان و تایبەتمەندیەكانیان بە بەكاربەرەكانیان , وە ئەم ڕاگەیاندنە یارمەتی وەكیلەكان لە ڕاگەیاندن بۆ كەلوپەل و خزمەتوزاریە نوێیەكان .

ب- الإعلان الإرشادي : ڕاگەیاندنی ڕێنمویی كردن ئەم ڕاگەیاندنە یارمەتی كڕیارەكان دەدات لە زیادكردنی زانیاری تایبەت بەو كەلوپەل و خزمەتگوزاریانەی كە ناسیویانە بەڵام بەشێوەیەكی ناتەواو لە تایبەتمەندیەكان و هۆكارەكانی تێركردنیان .

ج- الإعلان التزكيری : ڕاگەیاندنی وەبیر هێنانەوە ئەم ڕاگەیاندنە تایبەتمەندیەكانی كەلوپەل و خزمەتگوزاری و هۆكارەكانی بەدەست هێنانی بەبیری بەكاربەرەكان دەهێنێتەوە ئەمەش بۆ بەردەوام بوون لە فرۆشتن و پاراستنی بەشی بازاڕ بۆ دامەزراوە .

د- الإعلان اعلامی : ئەم ڕاگەیاندنە یارمەتی وەكیلەكان دەدات لە پەیوەندیكردن بەدامەزاوە , بەهۆی ئەو زانیاریانەی كە دامەزراوە پێشكەشی كردوە بەكڕیارەكان وە بلآوكردنەوەی بۆ بەهێزكردنی پەیوەندیە لەنێوان خۆیان و دامەزراوە , وەئامانجی دروستكردنی باوەڕە بۆ بەكاربەرەكان . وە ڕاستكردنەوەی بیرۆكەی هەڵە لە زەهنی بەكاربەرەكان لە ئاڕاستەكردنیان بۆ ئەو كەلوپەل و خزمەتگوزاریانەی كە دامەزراوە پێشكەشی كردوون .

هـ- الإعلان التنافسی : ڕاگەیاندنی ڕكابەری ئەم ڕاگەیاندنە پەیوەستە بەو كەلوپەل و خزمەتگوزاریانەی كە ناوەندێكی ڕكابەریان هەیە لەبازاڕ یان كەلوپەل و خزمەتگوزاری نوێ بێت و هاوشێوەی هەبێت وە مەرج لەم ڕاگەیاندنە ئەوەیە دەبێت كەلوپەل و خزمەتگوزاریەكە تایبەتمەندیەكی ڕكابەری هەبێت .

**هۆكارەكانی ڕاگەیاندن سوود و كەموكوڕیەكان :**

أ- تەلەفزیۆن : باشترین هۆكار ڕاگەیاندنە لە دەربڕینی رموزەكان و تێڕوانینەكان , بەهۆی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە دەتوانین شێوازی بەكارهێنانی كەلوپەل و خزمەتگوزاریەكە و تایبەتمەندیەكانی و ڕەد فیعلی بەكاربەرەكان ڕوونبكەینەوە . گرنگی ئەم ڕاگەیاندنە ئەوەیە زانیاریەكان دەگەێنێت بەزۆترین ژمارەی سەیركەرەكان لە كڕیارە چاوەڕوانكراوەكان , وە بەكارهێنانی بەوێنە و جووڵە . **كەموكوڕیەكانی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە : ڕاگەیاندن لە تەلەفزیۆن تێچوونی بەرزە** .

ب- ڕادیۆ : هۆكارێكی ڕاگەیاندنە كە تێچوونی كەمە و بلآوكردنەوەی فراوانە , وە گەیاندنی بۆ ژمارەیەكی زۆر لە كەرتەكانی بازاڕ وە گرنگی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە لەبەر ئەوەی تێچوونی كەمە دەتوانین چەند جارێك نامەی ڕاگەیاندنەكە دووبارە بكەینەوە . **كەموكوڕیەكانی : لەوانەیە ئەم نامەیەی كە ڕایدەگەینین نەگات بە كڕیارە چاوەڕوانكراوەكان** .

ج- الوسائل الطبوعة : هۆكارێكی فراوانە لەبلآوكردنەوە , دەتوانین زیاتر لەجارێك ڕاگەیاندنەكە بخونینەوە , گۆڤارەكان زۆرتایبەتن و گونجاون لە گەیاندنیان بۆ كەرتی دیاریكراو لەبازاڕ .

د- البرید المباشر : پەیوەندنی ڕاستەوخۆ لەنێوان ڕاگەیاندكار و كڕیارەكان , ئەم جۆرەش گەیاندنی زانیاری دەگرێتەوە بۆ كڕیارە چاوەڕوانكراوەكان ، **كەموكوڕیەكانی : بەكارهێنانی گرانە بۆ هەندێك لە بەرهەمەكان** .

**بەشێوەیەکی گشتی هەندێك هۆکار هەیە پێویستە لەبەر چاوی بگرین لەکاتی هەڵبژاردنی هۆکارێکی ڕاگەیاندنی گونجاو : ئامانجی ڕاگەیاندنەکە , وە مەودای بلاّوکردنەوەی , لەم هۆکارەی بەکاریدەهێنین , وە گەنجانی هۆکارەکە بۆ داواکاریەکانی نامەکە , وە کات و شوێنی بڕیاردانی فرۆشتن , وە تێچوونی .**

2- **بیعی شخصی :**

**فرۆشتنی کەسی ئاماژەیە بۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان کۆمپانیا و کڕیارەکان . کەبەهۆی ئەمانەوە زانیاریەکان بەشێوەی زارەکی دەگوازرێتەوە بە بەکارهێنانی کەسی فرۆشیاری شوێنکەوتەی کۆمپانیا واتا ئەو کەسانەی کە کەلوپەلەکانی کۆمپانیا دەفرۆشن , فرۆشتنی کەسی سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاری دەربارەی بازاڕ و ڕکابەرەکان , وە باشترین هۆکارە بۆ چاودێریکردنی خزمەتگوزاریەکانی دوای فرۆشتن .**

1- **ئامانجەکانی فرۆشتنی کەسی :**

1- **دروستکردنی پلەیەکی گونجاو بۆ پەسەندکردنی بەرهەمی نوێ لەبازاڕ .**

2- **گەڕان بەدوای کڕیاری نوێ بۆ ئەو بەرهەمانەی ئێستا هەن .**

3- **پاراستنی دڵسۆزی کڕیارەکان بۆ ئەو بەرهەمانەی هەن بۆ بەپێشکەش کردنی خزمەتگوزاری نوێ .**

4- **پێدانی خزمەتگوزاری هونەری بەکڕیارە چاوەڕوانکراوەکان کەپێویستە بۆ ئاسانکردنی کرداری فرۆشتن .**

5- **پێدانی زانیاری بەشێوەیەکی کافی و تەواو دەربارەی کەلوپەل و تایبەتمەندیەکانی .**

6- **کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی پێداویستیەکان و ئارەزووەکانی کڕیارەکان . وەکۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی سیاسەتی ڕکابەرەکان .**

3- **چالاّککردنی فرۆشتن (تنشیط مبیعات):**

**چالاّککردنی فرۆشتن یەکێکە لە چوار پێکهاتەکانی مزیجی ترویج (الإعلان  البیع شخصی - تنشیط مبیعات - النشر) , شێوازەکانی جۆراوجۆرن وەك (پێشانگاکان  پێشبڕکێکان  دیاریەکان - عینات) بەم شێوەی خوارەوە :-**

1- **<u>پێشانگاکان</u> : ڕێکدەخرێت لەماوەی دیاری کراو بەمەبەستی خستنەڕووی بەرهەمەکان بۆ پاراستنی کڕیارەکانی ئێستا وە بەدەستهێنانی کڕیاری نوێ , وە چاککردنی شێوەی زەهنی بۆ دامەزراوە , بۆ گرێنتیکردنی سەرکەوتنی فعلی دامەزراوە و گرنگیدان بەپلان دانان وە ئامادەکردنێکی باش بۆ پێشانگاکان .**

2- پێشبڕکێکان : ڕێکدەخرێن بۆ کڕیارەکان بەمەبەستی ترویج پێدان بۆ بەرهەمەکان , وە ئەم پێشبڕکێیانە پاداشتەکەی پێکدێت لەپارە یان شت (عینیە) وە ئامانج لەم پێشبڕکێیانە بۆ زیادکردنی فرۆشتن , بەدەستهێنانی کڕیاری نوێ بەتایبەتی لەکاتی دابەزینی خواست لەسەر کەلوپەل یان لەو بارودۆخانەی کە ڕکابەری توندە بۆ کەلوپەل لە بازاڕ .

3- دابەزاندنی نرخ : ئەمەش بە مەبەستی خستنەڕووی کەلوپەلەکانە بەنرخێکی کەمتر لەنرخە ئاساییەکەی بۆ هاندانی کڕیارەکان لەکڕینیان , لە وەرزە دیاریکراوەکان یان لەکاتی پێشکەشکردنی کەلوپەلی نوێ .

4- دیاریەکان : دیاری پێشکەش دەکرێت لەکاتی هەڵسان بەکڕینی ژمارەیەکی دیاریکراو لەیەکەکان یان لەکاتی کڕینی کەلوپەل لەسنووری بڕێك پارەی دیاریکراو , ئەو دیاریانەش بریتین لەکەلوپەلی تەواوکەر یان کەلوپەلی تر وەك فتووی چای یان ملاٌکی بچووك یان بریتیە لەبەدەستهێنانی یەکەیەکی بەخۆڕایی کەبەکاربەر جۆرێکی دیاریکراو لەکەلوپەل دەکڕێت .

5- العینات : بریتیە لەناردنی یەکەیەك یان چەند یەکەیەك لە کەلوپەل بۆ ئەو کۆمەڵە کڕیارانەی کە ئامانجمان بەبێ بەرامبەر بۆ ترویج پێدانی کەلوپەلەکە و هاندانی کڕیارەکان لە تاقیکردنەوە و تەجروبەکردنی کەلوپەلەکە و بەکارهێنانی , وە بەمارهێنانی ئەم جۆرە چالاٌکیە لەو حاڵەتەی کە کەلوپەلەکەنوێیە و بۆ ناساندنی بەکڕیارەکان بەباشترین شێوازە .

4- النشـــر :

نەشر یەکێکە لەپێکهاتەکانی مزیجی ترویجی جیاوازە لەپێکهاتەکانی تری مزیجی ترویجی (الإعلان  البیع الشخصی - تنشیط المبیعات) ئەم جۆرە بەبێ بەرامبەرە و بەمرجێك ئەو هەواڵەی کە بلاٌودەکرێتەوە و گرنگ بێت و ئاڕاستەبکرێت بۆ ژمارەیەکی گەورە لە جەماوەر وە کاریگەر لەسەر ڕای گشتی هەبێت بەئامانجی بلاٌوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری دەربارەی دامەزراوە و ئەو کەلوپەلانەی کەمامەڵەی پێدەکات , وە بلاٌوکردنەوەی سیاسەتی تایبەت بە دامەزراوە , وەچاککردنی شێوەی زەهنی بۆ دامەزراوە لەبازاڕ . نەشر شێوەی جۆراوجۆر لە خۆدەکرێت وەك فیلمی تۆمارکراو , یان بلاٌوکردنەوە لە ڕۆژنامە . پێویستە ئامانج لەم نەشرکردنە دیاری بکرێت , واباشترە ئەو پرۆژانەی کە هەوڵنادەن بۆ قازانج واتا ئامانجیان قازانج نیە یان دامەزراوە حکومی پشت ببەستن بەم وەسیلەیە واتا پشت ببەستن بە نەشر .

## بەشی چوارەم / بازاڕ و بەشەكانی  هەلسوكەوتی بەكاربەر  بڕیاری كڕین

**یەكەم : چەمك و پێناسەی بازاڕ :**

دەستەواژەی بازاڕ زۆرجار بەكاردێت بۆ وەصف كردنی پێویستیەكانی مرۆیی , و جۆرەكانی و كۆمەڵەكانی بەكاربەر بۆ ئەو پێویستیانە . ئەوەش لەلایەنی هەلسوكەوت , شوێنی جوگرافی , تایبەتمەندی كۆمەلآیەتی و ئابووریان , لەبەر ئەوە بازاڕ بەرەگەزێكی بنچینەی دادەنرێت لەكرداری خستنەبازاڕ , لەبەر ئەوە ناتوانرێت كاری خستنەبازاڕ ئەنجام بدرێت بەبێ بوونی بازاڕ .

و لەئەنجامی تێڕوانینی جیاواز دەربارەی دەستەواژەی بازاڕ لەبەر ئەوە هەندێك لە توێژەران لە بواری بازاڕ ئاماژە دەكەن بۆ ژمارەیەك لە پێناسە بۆ بازاڕ .

ـ پێناسەكراوە بەوەی كەبازاڕی كلاسیكی " بریتیە لەناوچەیەكی جوگرافی كە كۆمەڵێك كڕیار و فرۆشیار تێدا كۆدەبێتەوە " .

ـ ئەو شوێنە شوێنێكی جیاوازە لە پانتایی و ڕووبەری دیاریكراو یان ئەو كۆمەڵە كەسانەی یان ئەو وڵاتانەی كەتیادا دەكڕن و دەفرۆشن و پەیوەندی لەگەڵ یەك دەكەن دەربارەی ئالوگۆڕكردن و كڕین و فرۆشتنی كالآیەكی دیاریكراو وەهەروەها بازاڕ پێناسە كراوە كە " بریتیە لە كڕیارەكانی ڕاستەقینە و ئەوانەی كە لەوانەیە شت بكڕن بەتێكڕا , كە ئەوانیش هاوشێوە و هاویەكن لە پێداویستیەكان و ئارەزووەكانی و دارایشیان هەیە كە ئامادە كراوە بۆ خەرج كردن , و ئارەزوو لەخەرج كردنی ئەو پارەیە بەمەبەستی تێركردنی پێویستیەكانیان و ئارەزووەكانیان كە تێرنەكراون (دابین نەبووە بۆیان)

ـ هەروەها بازاڕ پێناسە كراوە كە بریتیە " كۆمەڵێك لە ڕێكخراو یان تاكە كەسەكان كە پێویستیان بەكالآیەك یان ڕاژەیەكی دیاریكراو هەیە و تواناشیان هەیە (توانای كڕینیان هەیە) و ئارەزوو و دەسەلآتیان هەیە بۆ كڕین ئەو جۆرە كالآیە یان ڕاژەیە .

ـ بەلآم پیاو بازاڕ پێناسەی بازاڕ دەكات بەوەی كە بریتیە " لەو پێگە و شوێنەی كە تیادا كڕیار و فرۆشیار بەیەك دەگەن بۆ پێشكەشكردنی كالآ و ڕاژەكان بەمەبەستی فرۆشتنیان یان گواستنەوەی خاوەنداریەتیان .

**دووەم : بايەخی بازاڕ :**

1- بۆ تێركردنی پێویستیەكان و ئارەزوەكانی خەڵك لەڕێگای پێشكەشكردنی ڕاژەكان بەم بڕانەی كە داواكراوە و بوونیان بەشێوەیەكی گەنجاو و لەكاتێكی گونجاودا و بەنرخێكی ڕەوا .

2- تواناداان بەڕێكخراوەكانی پیشەسازی و ڕێكخراوەكانی كارەكان لەبەدەست هێنانی پێداویستیەكانی لەكالاَ و ڕاژەكان و پێداویستیەكانی بەرهەمهێنان .

3- بازاڕ دادەنرێت وەك تاقیگەیەك بۆ ڕێكخراوەكانی كار كە تیادا بوواری سەلامەتی و سەروەری بەرهەمهێنان و خستنەبازاڕ دەناسن .

**سێیەم : ئەركەكانی بازاڕ :**

بریتیە لە تەواو كردنی كرداری ئالوگۆڕكردن لەنێوان فرۆشیار و كڕیار .... كە ئەوەش ئەنجام دەدرێت بەچەند جمووجۆڵێك بەم شێوەیەی خوارەوە :-

1- جمووجۆڵی پەیوەندی كردن :

هەر جۆرە پەیوەندیەك لەنێوان كڕیار وفرۆشیار تاكو كڕیارەكە كالاَكەی كە خستراوەتەڕوو دەناسێت و مەرجەكانی فرۆشتن و تایبەتمەندیەكەی و چۆنیەتی بەكارهێنانی دەزانێت . هەروەها فرۆشیار داواكاریەكانی كڕیار دەزانێت و لەگەڵ ئاستی قبوڵ كردنی ئەو كالاَیە , لەڕێگای ئەوەشەوە دەتوانرێت داواكاریەكانی بازاڕ بزانێت .

2- جمووجۆڵی سازش كردن :

ئەو كردارەش دێت لەدوای كرداری پەیوەندی لەنێوان كڕیار و فرۆشیار لەو جمووجۆڵەدا كردەوەی سازش دەست پێ دەكات لەنێوان هەردوو لایەن (كڕیار و فرۆشیار) بۆ ئەوەش لایەنێك كار بكاتە سەر لایەنەكەی تر یاخود بەكاریگەری كڕیار بۆ كەمكردنەوەی نرخی كالاَكە یان ڕاژەكە كە پێویستیەتی یان بەكاریگەری فرۆشیار بۆ فرۆشتنی كالاَكەی بەنرخێكی گەنجاو بۆ كڕیارەكە .

3- جمووجۆڵی ئاڵوگۆڕكردن :

كرداری ئاڵوگۆڕكردن دەست پێ دەكات لە دوای ئەو ڕێكەوتنەی كە بەدەست دێت لەئەنجانی مامەڵەكردن و سازش كردن لەنێوان هەردوو لایەنی كڕیار و فرۆشیار , لێرەدا كڕیار بەهای كالاَكە دەدات بە فرۆشیار و فرۆشیار كالاَكە یان ڕاژەكە دەدات بەكڕیارەكە .

4- جمووجۆڵی دابەشكردن :

دابەشكردنی قەبارەی داوای گشتی لەكالاَ و ڕاژەكان ئەنجام دەدرێت لەنێوان فرۆشیارەكان .

5- جمووجۆڵی هەڵسەنگاندن :

ئەوەی لەمەوبەر باسكرا نرخێكی دیاریكراو بۆ كاڵاكە پەیدا دەبێت كە ئەوەش دەربڕی خەملاندنی هەردوو لایەنە بۆ ئەو نرخەی كە كاڵاكە پێی یەكسانە .

**<u>چوارەم : جۆرەكانی بازاڕ :</u>**

1- ئەو بازاڕانەی بەكاردێت بەرێكخراوەیی :

بریتیە لەو ڕێكخراوانەی كە كۆشش دەكەن بۆ كڕین و بەكارهێنانی كالاّ و راژەكان بەو ئامانجەی كە ببێت بەبەشێك لەو كالاّیە یان راژەی تر كەهەڵدەشتێت بە بەرهەمهێنان و فرۆشتنیان .

2- بازاڕی بەكارهێنەری كۆتایی :

ئەو بازاڕە هەڵدەشتێت بەپێشكەشكردنی كالاّ و راژەكان بەمەبەشتی تێركردنی پێویستیەكانی بەكاربەری كۆتایی و ئەو بازاڕە بەوە جیاوازە كەقەبارەیەكی گەورە و ژمارەیەكی زۆری خەڵكی تێدایە بەگوێرەی سەرژمێری دانیشتوان.

**<u>پێنجەم : چەك و پێناسەی بەشكردنی بازاڕ :</u>**

بەشكردنی بازاڕ دادەنرێت بەبارودۆخێكی پێویست و ئەركە بەبوونی كڕیارەكان كە پێویستی و ئارەزویان هەیە و چێژی جیاجیایان هەیە كە بەشێوەیەكی بەردەوام لەگۆڕان دایە , لەڕێگای بەش بەش كردنی بازاڕ بۆ ژمارەیەك كەرتی بازاڕی كە بنك دەتوانێت خۆی بخزێنتە نێو بازاڕ لە ڕێگای ستراتیجیە جیاجیاكان و پێگەیەك و شوێنێك بۆ خۆی دابین بكات لەو بازاڕەی كە ئامانجیەتی .

بەشكردنی بازاڕ پێناسەكراوە بەوەی كە "ئەو كردەوەیە كەبازاڕ دابەش دەكات بۆ تێكڕای بەرهەمەكان و راژەكان و كە لەگەڵ یەك ناگونجێت بۆ ژمارەیەك لەبازاڕی لاوەكی و جیاجیا لەیەك یان كەرتەكانی بازاڕی هاویەك بەمەبەستی تێركردنی پێویستیەكانی كریارەكان و دابین كردنی داواكاریەكانیان بەشێوەیەكی باش ئەوەش لەڕێگای پێشكەشكردنی پرۆگرامی خستنەبازاڕ و فرۆشتن بۆ هەریەك لەو كەرتانە لەو بازاڕەدا ز

هەروەها بەش بەش كردنی بازاڕ پێناسە كراوە بەوەی كە "كردارێكی دابەشكردنی بازاڕە بۆ كۆمەڵ و گرووپی ڕوون و دیار لەسەر بنچینەی ئەو كڕیارانەی كە پێویستیان هەیە بەكالاّیەك یان راژەیەكی هاوشێوە و تێكەڵەیەكی بازاڕی ئامادە دەكرێت كە ئەو پێداویستیانە بەدی دەهێنێت لەو بەشەی هەڵبژێردراوە " .

هەروەها بەش بەش كردنی بازاڕ پێناسە كراوە بەوەی كە " بریتیە لەو بازاڕەی كە پێك دێت لە ژمارەیەك لەكەرت و بەشەكانی كڕیاران جیاوازن لەگەڵ یەكتری لە لایەنی پێویستیەكان و ئارەزووەكانیان و ئاستی

وەڵامدانەوەیان بۆ ئەو شتانەی كە كاریگەریە وروژاندنیان هەیە بۆ خستنەبازاڕ و فرۆشتن , كەتیادا هەریەك لەو كەرتانە دەربڕی كەرتەكانە كە دەرفەتێكی خستنەبازاڕ و كڕین و فرۆشتنی جیاجیا و سەربەخۆن" .

شەشەم : لایەنە باشەكان و سوودەكانی بەش بەش كردنی بازاڕ :

لەبەر هەبوونی پێشبڕكێ لە نێوان ڕێكخراوەكان و گەشەسەندن و پێشكەوتنی خێرای تەكنەلۆژیا , سەرەڕای ئەو مەترسیەی كە ڕووبەڕووی هەریەك لە بازاڕ دەبێتەوە بەستراتیەتەكی هاویەك , ئەوەش وای كردووە دابەش كردنی بازاڕ شتێكی زۆر گرنگ بێت لە ڕۆژگارێكی ئێستا و دواڕۆژدا .

**بەش بەش كردنی بازاڕ لایەنی باش و سوودی هەیە كە بریتین لە :-**

1- دیاری كردنی كەرتەكانی بازاڕی یارمەتیدەر بۆ گونجان لە نێوان بەرهەمەكان و نێوان ئارەزووی كڕیارەكان و ئەوەی كە تێكەڵاویەكی بازاڕی گونجاو كە تیادا ئەو پێویستیانە و ئارەزوانە تێر دەكرێت .

2- شیكردنەوەی بازاڕەكانی ئاڵۆز و بازاڕەكانی نائاڵۆز و بازاڕەكانی ناهاویەك ئاسان دەكات , وگۆڕینەوەیان بۆ كەرتەكانی هاویەك و چونیەك و دیاریكردنی بەڕێوبردنی و لە ئەنجامدا ڕێكخراو دەتوانێت هەڵسێ بەدیاركدن و خەملاندنی ئەو دەرفەتەی لەبەر دەستە بۆی لەو جۆرە بەشانەی بازاڕدا .

3- ڕێكخراو دەتوانێ ڕێگاكانی ڕاگەیاندن و ڕیكلام بەكاربێنێت كە كاریگەریەكی كارایان هەیە و ئاڕاستەكردنیان بۆ بەشێكی دیاریكراو لەبازاڕە گشتیەكان و یایبەتمەدیەكانی سنووردار .

4- ئاسانكردنی كرداری ڕچاندن و پێدانی باشترین زانیاری خستنەبازاڕ و زیاد كردنی هەستەوەری ڕێكخراوەكان بۆ ئەو گۆڕانكاریانەی كە رەچاوكراوە كە شوێنی خۆیان وەردەگرن لەبازاڕدا كە ئەوەش توانای پێ دەدات هەڵسێت بەئەنجامدانی هەمواركردنی ستراتیجی داواكراو .

5- كرداری هاوسەنگی ئاسان دەكات لەنێوان ئەوەی كە تەرخان كراوە بۆ گشت كەرتێكی تایبەت كە سەر بەوە كە تیادا هاوسەنگی بەدەست دێنن .

6- ڕێكخراوەكە دەتوانێت زیادەرەوی بكات لەسەر ئامانجەكانی بازاڕ و دەتوانێت كار ئەنجامدانەكە بخەملێنێت و بەراوردی بكات لەنێوان كار ئەنجامدان و دەرئەنجامەكان و لەنێوان ئاستەكان و ئامانجەكانیشدا .

7- ڕێكخراو دەتوانێت ڕووبەڕووی هێزی پێشبڕكێ كەرتەكان ببێتەوە , ئەگەر هاتوو ئەو هێزە چڕ ببێتەوە لەسەر یەكێك لەو بەشانەی ئەو بازاڕەدا .

8- لێرەدا ڕێكخراو ئەگەرێكی باشی هەیە بۆ گەشەكردن لەداهاتوودا ئەگەر پەیڕەوی بەش بەش كردنی جۆرەكانی بازاڕكرا .

حەوتەم : بنچینەكانی دابەش كردنی (بەش بەش كردن) بازاڕ :

1- دابەش کردن بەگوێرەی هۆکارەکانی جوگرافی :

ئەو بنچینەیە ڕەچاوی ئەوە دەکات کە ئەو خەڵکانەی لە شوێنێکی جوگرافی جیاجیا دەژین , ئارەزوو و پێویستیەکانیان جیاجیایە لەیەکتر , لەبەر ئەوەی دابەش کردنی بازاڕ بەگوێرەی جوگرافی بۆ چەند هەرێمێکی دیاریکراو و جیاواز .

2- دابەشکردنی بازاڕ بەگوێرەی هۆکارەکانی دیمۆگرافی (پێکهاتەی دانیشتوان):

متمانە دەکاتە سەر کۆمەڵێك لە گۆڕانکاری کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوە :-

(تەمەن  پلەی خوێندەواری  داهات  ڕەگەز  جۆر  ئاین  چینی کۆمەلأیەتی  سوڕی ژیانی خێزان) و بایەخی دابەش کردنی بازاڕ لەسەر بنچینەی هۆکارەکانی دیمۆگرافی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی جیاوازی سەرنج دراو لەهەڵسوکەوتی بەکاربردن لەنێوان چینەکانی تەمەنی جیاواز و هەروەها لەنێوان پیاو ئافرەتیش و هەروەها جیاوازی لەهەڵسوکەوتی بەکاربردن بەگوێرەی جیاوازی داهاتی و چینی کۆمەڵأیەتی و ئاستی خویندەواری و قەبارەی خێزانەکان .

3- دابەشکردنی بازاڕ بەگوێرەی هۆکارەکانی سیکۆ دیمۆگرافی (دەروونی و پێکهاتەی دانیشتوان) :

متمانە دەکاتە سەر کۆمەڵێك لە گۆڕانکاری کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوە :-

(جمووجۆڵەکان  بەهاکان  بایەخدانەکان  شێوەی ژیان و گوزەران  بۆچوون و تێڕوانین.... هتد) ئەو کەسانەی کە کار دەکەن لەبازاڕ ڕوویان کردۆتە ئەو گۆڕانکاریانە لەبەر ئەوەی هۆکارەکانی جوگرافی و دیمۆگرافی دەرفەتی ئەوەیان پێنادات کە کەرتەکانی بازاڕ بناسن بەشێوەیەکی تێروتەسەل .

وە لەوەی کە لەمەوبەر ووترا , کۆکردنەوە لەنێوان گۆڕانکاریەکانی دیمۆگرافی و سیکۆ دیمۆگرافی بەپلەیەکی مەزنتر یارمەتی دەدات لەتێگەیشتنی هەلسوکەوتی بەکاربەرەکان کە پێشبینی دەکرێت و لە دوایشدا تێرکردنی ئارەزوەکانیان بەشێوەیەکی تر .

4- دابەشکردنی بازاڕ بەگوێرەی هۆکارەکانی هەڵسوکەوتی :

ئەو جۆرە دابەش کردنە متمانە دەکاتە سەر دابەشکردنی هەڵسوکەوت , لەلایەنی دابەش کردنی بەکاربەرەکان لەسەر بنچینەی ڕێگای بەکارهێنانیان یان وەلأمدانەوەیان بۆ بەرهەمێکی دیاریکراو و ئەوەی خوارەوە گرنگترین هۆکارەکانە :-

- سوودمەندی  ئارامی  گونجان  باشی و پوختی  ئابووری  تەندروستی  جوانی  خۆشگوزەرانی  دڵنیایی و ئەمان ......هتد
- هەڵوێست  بۆنەکانی ئاینی "مانگی ڕەمەزان"  جەژنەکانی موسڵمانان و کریستیەکان  بۆنەکانی تایبەت  جەژنی لەدایك بوون .
- سەرجەمی بەکارهێنان نیە  کەمە  ناوەندیە  بەچڕیە (زۆرە) .
- بارۆدۆخی بەکارهێنان  لەمەوبەر  ڕەچاو کراو  هەمیشەییە .

❖ لایەنگیری  لایەنگیری بۆ كاڵایەك  ماركەیەك یان بازاڕێك "عمر افندی  Nike " .

هەڵسوكەوتی بەكاربەر :

خاڵی دەستپێكی بۆ لێكۆڵینەوەی هەڵسوكەوتی بەكاربەر , دەسوڕێتەوە بەچواردەوری ئەو بیرۆكەیەی كە دەڵێت بەرهەمهێنەر پێویستە بڕوانێتە كاڵاكە لەڕوانگەی بەكاربەرەوە و نەك لەڕۆانگەی خودی خۆیەوە دەبێت بەرهەمهێنەر ئارەزوەكانی بەكاربەر بدۆزێتەوە و ئەو بەرپرسیاریەتیە كۆمەلایەتیەی خۆی لەبەر چاو بگرێت و بەهەندی وەربگرێت كە یاوەرە لەگەڵ جمووجۆڵی خستنەبازاڕی و دەتوانرێت پێناسەی هەڵسوكەوتی بەكاربەر بكرێت بەوەی كە بریتیە لەو كردار و هەڵسوكەوتە ڕاستەوخۆیانە تاكە كەسەكان بۆ بەدەستهێنانی كاڵایەك یان راژەیەكی دیاریكراو , كەئەوەش بڕیارەكانی كڕین دەگرێتەوە .

ڕۆڵەكانی هەڵسوكەوتەكانی كڕین :

1- دەستپێشخەر : بریتیە لەكەسێك یان مرۆڤێك كە بیرۆكەی كڕینی كاڵایەك یان راژەیەكی دیاریكراو دەخاتەڕوو و ئەوەش دەگۆڕێت بەگوێرەی جۆر و سروشتی كاڵاكە .

2- كارلێكەر : بریتیە لەو كەسەی كەكار دەكات لەبڕیاری كڕینی و ئەوەش متمانە دەكاتە سەر جۆر و سروشتی كاڵاكە .

3- بڕیاردەر : بریتیە لەو كەسەی كە بڕیارێك دەدات بۆ كڕینی شتێك بەشێوەیەكی تەواو یان بەشێكی . ئایا دەكڕم ؟ چی دەكڕم ؟ چۆن دەكڕم ؟ لەكوێ دەیكڕم ؟ .

4- كڕیار ئەو كەسەیە كەبڕیاری كڕین جێبەجێ دەكات یان تاكە كەسێكە یان كۆمەڵە كەسێكە .

5- بەكارهێنەر (بەكاربەر): ئەو كەسەییان ئەو كەسانەن كە كاڵاكە بەكاردێنن بەمەبەستی بەكاربردنی كۆتایی یان پیشەسازی .

## بڕیاری كڕین

بڕیاری كڕین :- بریتیە لەهەڵبژاردنی باشترین لەحیاتیەكان (كاڵاكان) لەنێوان لەحیاتیەكانی تر لە كاڵاكان كەهەن لەلایەن كڕیارەكانەوە بەمەبەستی تێركردنی پێداویستیەكان و ئارەزوەكانیان .

قۆناغەكانی كڕین :

یەكەم : قۆناغەكانی كڕین بەگوێرەی بەكاربەری كۆتایی :-

1- هەستكردن بەپێویستی : بریتیە لەكەمی یان نەبوونی شتێك لەلایەن بەكاربەرەكە كە بەرامبەر تێركردنی دەبێت بەتەواوی یان بەشێكی پێویستیەكەی تێر دەكات .

2- کۆکردنەوەی زانیاری : بریتیە لەکۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کالاکان و جۆرەکانی و لە جێگرەوەکان یان نرخەکانیان و سەرچاوەی کۆکردنەوەی زانیاری بریتیە لە ڕیکلام و ڕاگەیاندنەکان و برادەرەکانی و ئەو کەسانەی کەتاقیان کردۆتەوە .

3- هەڵسەنگاندن و خەملاندنی زانیاری .

أ- ڕێکخستنی زانیاری کە کۆکراوەتەوە ز

ب- هەڵبژاردنی باشترین پێوەر بۆ باشی بەگوێرەی ئەوانەی تر .

ج- ڕێکخستنی لەجیاتیەکانی تر کە هەن بەگوێرەی بەراییەتی .

د- بەراورد کردن لەنێوان لەجیاتیەکان .

ه- هەڵبژاردنی باشترین لەجیاتی .

4- بڕیاری کڕین : بریتیە لەهەڵبژاردنی باشترین لەجیاتی لەنپوان ئەو کالاّ لەجیاتیانەی کە هەن ئەوەش بەگوێرەی پێوەرێکی دیاریکراوی لەمەوپێش کە هەیەتی .

5- هەڵسەنگاندن و خەملاندن لەدوای کڕین و زانیاری پێچەوانەیی یان زانیاری گەڕاوە و ئەوەش دەخەملێندرێت یان بەشێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی . بەگوێرەی ئەوەشەوە بڕیارەکانی کڕیار کەلەداهاتوو دەیدات .

دووەم : هەنگاوەکانی (قۆناغەکانی) بڕیاری کڕین بەگوێرەی بەکارهێنەری پیشەسازی :

1- دڵنیابوون لەبوونی پێویستی : پێویستە لەسەر ئەو لایەنانەی کەداوای کالاّیەك دەکەن دڵنیابن لەوەی کە ئەوان پێویستیان بەو کالاّیە هەیە , و ئایا ئەو کالاّیە لە کۆگای بابەتەکانی ناوبەشەکەدا یان لە لقەکەدا هەیە یان نا , و ئەوەش لەبەر بەرزی نرخەکەی و درێژی ئەو ماوەیە کە دانوستان لەسەر دەکرێت .

2- وەصف کردن و دیاریکردنی پێویستیەکە لەگەڵ ئەو بڕانەی کە پێویستن : ئەو پێویستیە دەبێت دیار بکرێت و ڕوون بکرێتەوە لەلایەن لایەنەکانی تەکتیکی کە پەیوەندە بەجۆری باشی و تایبەتمەندی کالاّکە بەلاّم بەگوێرەی دیاریکردنی بڕەکانی ئەوە بریتیە لە پسپۆڕی بەڕێوبەرایەتی کڕینەکان .

3- لێکۆڵینەوە دەربارەی هاوردەکان : واتا کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بەدابین کردنی کالاّ پیشەسازیەکە بۆ ڕێکخراوێك .

4- هەڵسەنگاندنی هاوردەکارەکان . پێوەری دیاریکراو هەن بۆ ئەنجامدانی کاری هەڵسەنگاندنی پێویست لە نێوان هاوردەکارەکان و ئەوەش لەپێناو هەڵبژاردنی ئەو هاوردەکاری گونجاو , یان کۆمەڵێك لە هاوردەکارەکان و ئەو پێوەرانەش وەك باشی و نرخ و ڕاژەکە و جۆریەتیەکە و لەدواییدا ڕیزبەندی دەکرێت بۆ هاوردەکارەکان بەگوێرەی بەرایەتیان .

5- هەڵبژاردنی هاوردەکاری گونجاو : ئەوە وەك بڕیاری کڕینە .

6- هەڵسەنگاندنی دوای كڕین : واتا هەڵسەنگاندن بۆ هاوردەكارەكان دەكرێت كە هەڵساون بەدابین كردنی كاڵاكە و ئایا ئەوان توانیویانە پێویستیەكان و ئارەزووەكانی پیشەسازی تێر بكەن یان نەخێر . وە بۆ زانینی ئەوە ئەگەر هاتوو مامەڵە لەگەڵیان ئەنجام دەدرێت لەمەودوا یان مامەڵەیان لەگەڵ ناكرێت .

## بەشی پێنجەم / سیستەمی زانیاریەكانی خستنەبازاڕ و توێژینەوەكانی خستنەبازاڕ

**یەكەم : سیستەمی زانیاریەكانی خستنەبازاڕ :**

سیستەمی زانیاریەكانی خستنەبازاڕ لە گشت ڕێكخراوەكاندا بایەخێكی تایبەتی هەیە و ئەوەش لەسەر بنەمای ئەوەیە كە ئەو زانیاریانەی كە دەدرێت و بەردەستن ڕاست و دروستن و نوێن دەربارەی بازاڕەكە و ڕامیاریەكانی پێشبڕكێكارەكان و هەروەها ئاڕاستەكانی بەكاربەرەكان و ئارەزووەكانیان , و ئەو گۆڕانكاریانەی كە ڕەچاو كراوە ڕوویدات لەچێژ و زەوقەكانیان , ئەوەش دەبێتە مایەی كارلێك كردنی ڕێكخراوی لاوەكی (فرعی) بۆ بەرهەمهێنان و پارەپێدان و كەرستەكانیان و ئەوانەی تر . لە ڕێگای پێدانی زانیاریەكان كە یارمەتی دەر دەبێت لەدانانی پلانێكی تێكڕایی و تێروتەسەلی ڕێكخراوەكە .

سیستەمێكی شێوەی زانیاری خستنەبازاڕ نیە كە بتوانرێت جێبەجێ بكرێت و كاری پێ بكرێت لەگشت ڕێكخراوەكاندا لەبەر ئەوەی داڕشتنی ئەو جۆرە سیستەمە دەبێت بەگوێرەی ئامانجەكانی ڕێكخراوەكە و ستراتیجیەكانی خستنەبازاڕی ئەو دادەڕێژرێت و ئەوەش جیاوازە لە ڕێكخراوێكی تر .

كۆمەڵێك هۆكار هەن یارمەتی دەر دەبن بۆ زیاد كردنی زانینی ئەو بایەخی ڕێكخستنی زانیاری خستنەبازاڕ و گرنگترینیشان ئەمانەن :-

1- بڵاوبوونەوەی ڕێكخستنی خستنەبازاڕی ئەلیكترۆنی و خێرایی زانینی ئەو بارودۆخانەی كە لە نوێوە دێنە ئاراوە و پەیدا دەبن لەو بوارەدا .

2- زیادبوونی متمانە كردن لەسەر بەكارهێنانی شێوازی بڕ لە بواردانی بڕیارەكانی خستنەبازاڕ .

3- پێشكەوتنی خێرا لە بواری ئامادەكردن و دابین كردنی داتاكان بەشێوەیەكی ئەلیكترۆنی .

4- پێشبڕكێی بازاڕ بەمەبەستی ڕازی كردنی بەكاربەرەكان و تێركردنی ئارەزووەكانیان .

5- گۆڕانی بەردەوام لە ئارەزووەكان و چێژ و زەوقی بەكاربەرەكان و پێویست بوونی بایەخدانی ڕێكخراوەكان تاكو لەگەڵ ئەو جۆرە گۆڕانكاریانەدا بڕۆن لەگەڵی .

سیستەمی باشی زانیاریەکانی خستنەبازاڕ , ئەو تایبەتمەندیەی باشانەی خوارەوەی هەیە :-

1- دەستەبەرکردنی زانیاریەکانی خستنەبازاڕ و بەگوێرەی پێویستیەکانی ڕێکخراوەکە کە ئەوەش جیاوازە لە ڕێکخراوێك بۆ ڕێکخراوێکی تر .

2- سادە و ساکاری بەو شێوەیە دەبێت کە سیستەمی زانیاریەکان دەبێت ئەو زانیاریانەی کە پەیوەستن و داواکراون لەخۆ بگرێت .

3- ئابووریانە : بەشێوەك بێت کە سیستەمە داهاتێك بەدەست دێنێت کە زیاترە لە خەرجی و تێچوونی ئامادەکردن و داڕشتنی کالاْکە یان ڕاژەکە .

4- کێشمان : بەشێوەیەك دەبێت کە دەتوانرێت ئەو سیستەمە هەموار بکرێت و بەپێش بخرێت بەگوێرەی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەوانەیە لە بازاڕدا ڕوو بدەن .

5- تێکڕایی (تێروتەسەلی) : بەشێوەیەك دەبێت کە ئەو سیستەمە گشت زانیاریەکان دەگرێتەخۆ کە یارمەتی دەر دەبێت لەدانی بڕیارەکانی خستنەبازاڕ .

6- شارەزاییەتی : بەشێوەیەك دەبێت کە شارەزایی پێویست دەستەبەر دەکات بۆ داڕشتن و کارپێکردنی سیستەمەکە .

<u>سیستەمی لاوەکی (فرعی) بۆ سیستەمی زانیاریەکانی خستنەبازاڕ</u> :

سیستەمی زانیاریەکانی خستنەبازاڕ پێك دێت لەژمارەیەك سیستەم و ڕێکخستنی لاوەکی کە بەستراوەتەوە بەپێویستیەکانی ڕێکخراوەکە لەو زانیاریانەی کە پەیوەندە بە جمووجۆڵەکانی لقەکە بۆ بەڕێوەبردنی خستنەبازاڕ و بەگوێرەی ئەو پێوەرەی بوارەکانی بەکارهێنانی سیستەمی زانیاری خستنەبازاڕ , ئەو سیستەمە لەو سیستەمە لاوەکیانەی خوارەوە پێك هاتووە :-

1- سیستەمی لاوەکی بۆ بەرهەمەکان .

2- سیستەمی لاوەکی بۆ دابەشکردن .

3- سیستەمی لاوەکی بۆ نرخ دانان .

4- سیستەمی لاوەکی بۆ رەواج کردن .

و هەریەك لەو سیستەمە لاوەکیانە ژمارەیەك لە خستنەناو و کردارەکان و هاتنەدەرەوەکانی هەیە . بۆ نموونە سیستەمی لاوەکی بۆ بەرهەمەکان لەوەی کە خراوەتە ناووە (بەکارهاتووە لە بەرهەمهێنان , ڕنگدانەوەی ئەو زانیاری و داتایەیە دەربارەی ئەو بەرهەمانە کە ئەوان دەگۆڕدرێن لە ڕێگای بەکارهێنانی کردارەکانی کارپێکردن و شیکردنەوە و دەبێتە دەرشاوێشتەکان (ئەوەی بەرهەم دێت).) لەسەر شێوەی زانیاریەکان کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ دانی بڕیارەکان و ئەوەش بەگوێرەی سیستەمە لاوەکیەکانی تریش هەروایە . وەك دابەش کردن  نرخ دانان  ڕەواج کردن و بەکارلێکردنی ئەو سیستەمە لاوەکیانە لەگەڵ یەکتر و بەکارلێکردنیان لەگەڵ سیستەمی گشتی

ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە بەدی دەهێنرێت , هەروەها کار ئەنجامدانی گشتی سیستەمەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەر کەموکورتیەك و کەلەبەرێك کە لەوانەیە ڕووبدات لەهەر یەکێك لەو سیستەمە لاوەکیانەدا .

دووەم : توێژینەوەکان (لێکۆڵینەوەکان)ی خستنەبازاڕ :

1- چەمکی توێژینەوەکانی خستنەبازاڕ :

پەیوەندە بە توێژینەوەکانی خستنەبازاڕ لە کۆکردنەوە و تۆمارکردن و شیکردنەوەی ڕاستیەکان کە پەیوەندن بەگیروگرفتەکانی خستنەبازاڕی کالاًکان یان ڕاژەکان ئەوەش بەمەبەستی دابین کردن و دەستەبەری زانیاریەکانی ڕاست و دروست بۆ مەبەستی دانی بڕیارەکانی خستنەبازاڕی . ئەوەی سەرنج دەدرێت لەو چەمکەدا تێکڕاترەلەچەمکی توێژینەوەکانی بازاڕ . ئەوەش بریتیە لەبەشێك لەو توێژینەوەکانی خستنەبازاڕ کە سەرەرای توێژینەوەکانی بازاڕ هەردوو لایەنی توێژینەوەی تر دەگرێتەوە لە توێژینەوەکانی بەرهەمەکان و توێژینەوەکانی نرخ دانان و توێژینەوەکانی دابەش کردن و توێژینەوەکانی ڕەواج کردن و ڕیکلام و ڕاگەیاندن و ئەوانەی تریش . هەروەها توێژینەوەکانی خستنەبازاڕ تەنها بریتی نیە لەو لێکۆڵینەوانەی کە ئەنجام دەدرێت لە دوای فرۆشتنی کالاًیەك یان ڕاژەیەکی زانراو کە کاردانەوەی بەکاربەرەکە بەرامبەر کرداری فرۆشتنە . سەرەرای ئەوەش ئەنجامدانی توێژینەوەی بەر لە بەرهەمهێنان دەگرێتەوە بۆ زانینی ئارەزوەکان و پێویستیەکانی بەکاربەر و هەروەها بەردەوام دەبێت لە ماوەی قۆناغەکانی دابەشکردنی کالاًکە و یان ڕاژەکە و تاکو دەگاتە بەکاربەری کۆتایی یان بەکارهێنەری کۆتایی . لەڕۆژگاری ئێستادا کە پێشبڕکێ توندتر دەبێت بە بازاڕەکان بۆ تێرکردنی ئارەزوەکانی بەکاربەر یان بەکارهێنەر لەبەر ئەوە بایەخدان بەتوێژینەوەکانی خستنەبازاڕ زیاد بووە بۆ زانینی ئارەزوەکان و چێژ و زەوقی بەکاربەران و کارکردن لەپێناو رەچاو کردنی گونجان و هاویەکی تایبەتمەندیەکان و سیفاتەکانی کالاًکە یان ڕاژەکە لەگەڵ گۆڕانی ئارەزوەکان و پێویستیەکانی بەکاربەر یان بەکارهێنەر . لەبەر ئەوەی ئەو ئارەزوانە تایبەتمەندی گۆڕانی هەیە و بەجێگیری نامێنێتەوە کە ئەوەش وا دەکات شتێکی گران بێت لەکرداری رازی کردنی بەکاربەر و دابین کردنی پێویستیەکانی کە ئەوەش دەبێتە قورسایی و بارگرانی لەبەرپرسیارەتی لێکۆڵینەوەکانی خستنەبازاڕ و بایەخەکانیان لە ڕێکخراوەکاندا .

2- گرنگی توێژینەوەکانی خستنەبازاڕ :

سەرنجماندا لەو چەمکەی پێشوو دەربارەی توێژینەوەکانی خستنەبازاڕ , ئامانجەکەی ئەوەیە کە زانیاری ڕاست و دروست و گونجاو دەستەبەر بکات بۆ دانی بڕیاری خستنەبازاڕ کە پێویستە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتێکی دیاریکراو , لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوەکانی خستنەبازاڕ لەهەر ڕێکخراوێکدا بایەخەکەی سەرچاوە دەگرێت لەوانەی خوارەوە :-

1- دەستەبەرکردنی زانیاری سوودبەخش بۆ بڕیاردانی خستنەبازاڕ .

2- بەدیهێنانی تواناداری رەواج کردن بۆ بەرهەمەکان لەکالاً و ڕاژەکان .

3- زانینی ئارەزووەکان و چێژی بەکارهێنەرەکانی کۆتایی یان کڕیارەکانی پیشەسازی و بەدواداچوونی گۆڕانکاریەکان کە رەچاو دەکرێت ڕوودەدات .

4- یارمەتی دان لەبەرهەمهێنانی راژە و کالاکانی گونجاو بۆ ئارەزوو و پێویستیەکانی بەکاربەری کۆتایی یان بەکارهێنەری پیشەسازی .

5- کەمکردنەوەی خەرجی و تێچوونی خستنەبازاڕ بەشێوەیەکی گشتی .

6- هاوبەشی کردن لە دانانی ئامانجەکانی خستنەبازاڕ ئەوەش لەڕێگای زانینی ئاراستەکانی پێشبڕکێ لەو بازاڕەی کە ئامانجە .

3- <u>گیروگرفتەکانی توێژینەوەی خستنەبازاڕ</u> :

سەرەرای بایەخی ڕوون و بەرچاو بۆ توێژینەوەکانی خستنەبازاڕ لەبواری بەدیهێنانی فرۆشتنەکان و قازانج کردنی ڕێکخراوەکە کەچی گیروگرفت هەن کە سنوور دادەنێن بۆ کردارەکانیان کە لەوانە :-

1- نادروستی و ناڕاستی لە کۆکردنەوەی زانیاریەکان دەربارەی کالاکان و ئەو راژانەی کە داواکراوە بۆ خستنەبازاڕی.

2- هەندێك لەبەڕێوبەرەکان باوەڕیان نیە بەبایەخی توێژینەوەی خستنەبازاڕ بەتایبەت لە بارودۆخی کە فرۆشیارەکان بالا دەستی بازاڕیان هەیە ز

3- گرانی بەدەستهێنانی هەندێك زانیاری تایبەت بەگیروگرفتەکانی خستنەبازاڕی کالاکان و راژەکان .

4- گرانی پێوانی هەندێك لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەی خستنەبازاڕ .

5- تەرخان نەکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ توێژینەوەکانی خستنەبازاڕ لەلایەن هەندێك لە دام و دەزگاکان کە ئەوەش دبێتە مایەی بەرز بوونەوەی تێچوون و خەرجیەکانی هەڵسان بەو جۆرە توێژینەوە .

6- نەبوونی شارەزایی و لێهاتووی مرۆیی کە پێویستن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکانی خستنەبازاڕ لە لایەن هەندێك لە ڕێکخراوەکان .

4- <u>جۆرەکانی توێژینەوەی خستنەبازاڕ</u> :

 توێژینەوەکانی خستنەبازاڕ پێك دێت لەسێ جۆری بنچینەیی کە بریتین لە :توێژینەوەکانی دۆزینەوە توێژینەوەکانی ڕوون کردنەوە و وەصف کردن و توێژینەوەکانی ئەزموونی .

1- توێژینەوەکانی دۆزینەوەی :

ئەو توێژینەوانە بایەخ دەدات بەدیاریکردنی گیروگرفتەکانی بنچینەیی بەشێوەیەکی وردتر و ڕاستر ئەوەش لەڕێگای لێکۆڵینەوەی دیاردەکانی گیروگرفتێك و زەمینەکانیان و دانانی ئەگەر بۆ شیکردنەوەی ئەو جۆرە دیاردانە , و بۆ بەدیهێنانی ئەوە لێکۆڵینەوەکان دەست دەکات بەکۆکردنەوەی زانیاریەکان و ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی کەسی , لەدواییدا هەڵدەستێت بە بەدواداچوونی دیارکردنی سەرەتایی بۆ بەدەستهێنانی لایەنەکان و هۆیەکانی

گیروگرفتەکە و دەست نیشان کردنی چارەسەریەکی پرۆگرام کراو کە تایبەتە پێی و بەو جۆرە توێژینەوانەش دەگوترێت وەرگرتنی بیرورا .

2- توێژینەوەکانی وەصف کردن (ڕوون کردنەوە) :

ئەو جۆرە توێژینەوانە بایەخ دەدات بەشیکردنەوەی زانیاریەکان کە کۆکراونەتەوە و تۆمارکراون لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەی بیرورا وەرگرتن ئەوەش بەمەبەستی ئەوەی کە بگات بەدانانی ڕوونکردنەوە و وەصفێکی وورد و ڕاست بۆ ئەو کۆمەڵگایەی کە توێژتنەوەکەی لێکراوە و گۆڕانکاریەکانی گیروگرفتەکە کە بابەتی توێژینەوەکەیە . ئەوەش بەئامانجی بەدەستهێنانی دەرئەنجامەکان و بۆ بەدەستهێنانی ئەوە پێویست دەکات بەرچاو کردنی وردی و ڕاستی لە هەڵبژاردنی کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی راست و دروست و دەست نیشانکردنی بوارەکانی توێژینەوە بەئاگاداری و وریایی لەو لایەنانەی کە ئایا لەو توێژینەوە متمانە دەکرێتە سەر توێژینەوەی ئەو بارودۆخانەی کە وەصفی گیروگرفتەکە دەکەن یان متمانە دەکاتە سەر شێوازی ئاماری و لێرەشدا دەکەوێتە سەر سروشت و گۆڕانکاریەکانی ئەو گیروگرفتەی کە توێژینەوەی لەسەردەکرێت .

3- توێژینەوەکانی ئەزموونی :

لەو جۆرە توێژینەوەدا پەیوەندی لەنێوان ئەو گۆڕانکاریانەی کە کاریگەرن لەسەر ئەو دیاردەیەی کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەیە بەکاردەهێنرێت و ئەوەش بەئامانجی هەڵبژاردنی راستی و دروستی ئەو ئەگەرانە کە ئەو دیاردەیە لێك دەدەنەوە . و بەدەست هێنانی ئەو دەرئەنجامانەی کە یارمەتی دەر دەبێت بۆ پێشکەشکردنی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو گیروگرفتەی کە بابەتی توێژینەوەکەیە .

5- <u>قۆناغی لێکۆڵینەوەی خستنەبازاڕ</u> :

لێکۆڵینەوەی خستنەبازاڕ بەو قۆناغانەی خوارەوە تێدەپەڕێت کە بریتین لە :-

1- دیارکردن و دەست نیشان کردنی گیروگرفتەکان .

2- ئامادەکردنی پلانی توێژینەوە .

3- کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاریەکان .

4- بەدەستهێنانی دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان .

1- دیارکردن و دەست نیشان کردنی گیروگرفتەکان :

دیارکردن و دەست نیشان کردنی گیروگرفتەکان بریتیە لە بنچینەی توێژینەوەی خستنەبازاڕ لەبەر ئەوەی بنچینەیەکە بۆ گەیشتن بە چارەسەری راست و دروست بۆ گیروگرفتەکان . لەبەر ئەوەی دیارکردن و دەستنیشان کردنی راست و ووردی گیروگرفتەکە یارمەتیدەر دەبێت لەزانینی سەرچاوەی زانیاریەکان کە یارمەتی دەدات لەشیکردنەوەی گیروگرفتەکە و دانانی ئەگەرەکانی زانستی کەلێکی دەداتەوە , ولەماوەی قۆناغی دیارکردن و

دەستنیشان كردنی گیروگرفتەكە لێكۆڵەرەوەكە دەتوانێت ئامانجەكانی توێژینەوەكە دیاری بكات كە ئەوەش بەشێوەیەكی بنچینەیی بریتیە لەهەڵبژاردنی راست و دروستی ئەگەرەكانی تایبەت بەو توێژینەوە .

2- ئامادەكردنی پلانی توێژینەوە :

ئامادەكردنی پلانی توێژینەوەكە پێویست بەوە دەكات كە ئەو كۆمەڵگایەی توێژینەوەی لێ دەكرێت وەصف بكات و دیاركردنی سەرچاوەی زانیاری و داتاكان و شێواز و ڕێگای كۆكردنەوەی ئەو زانیاریانە , و چۆنیەتی ڕێكخستن و داڕشتنی لیستەكانی وەرگرتنی بیروڕاكانی تایبەت بەو كۆمەڵە و توێژینەوەكە .

❖ لەلایەنی وەصف كردنی ئەو كۆمەلگەی كە توێژینەوەی تیادا دەكرێت :

گرنگە بایەخ بدرێت بەدیار كردنی كۆمەلگەی توێژینەوە بەشێوەیەكی وورد و راست و ئەوەش واتاكەی ئەوەیە كەگشت یەكەكانی كەتایبەتمەندیەكی دیاریكراوی تیادا هەیە ,و دەكەوێتە سەر دیاركردنی ئەو جۆرە كۆمەلگایە بەگوێرەی ئامانجی توێژینەوەكە و هەروەها پێویستە دەست نیشانی یەكەكەی لێكۆڵینەوە یان كەس كە داواكراوە وەلآمی پرسیار دەداتەوە .

❖ دەتوانرێت متمانە بكرێتە سەر دوو سەرچاوە بۆ بەدەست هێنانی ئەو زانیاریانەی پێویستە بۆ لێكۆڵینەوەی خستنەبازاڕ كە ئەوانەش بریتین لە : سەرچاوەی لاوەكی كە ئەوەش بریتیە لە تۆمارەكانی ڕێكخراوەكە و ئەو ئامارانەی بلآوكراونەتەوە و هەروەها سەرچاوەی بەراییەكان كە بریتین لە كۆكردنەوەی داتا و زانیاری لە سەرچاوەكانی بەرایی بەبەكارهێنانی لیستەكانی بیروڕا وەرگرتن و لە زۆرینەی بارودۆخەكان هەردوو سەرچاوەی ئاماژە پێكراو لەگەڵ یەك كۆدەكرێتەوە لەكاتی ئەنجامدانی توێژینەوەی خستنەبازاڕ .

❖ لەلایەنی شێوە و ڕێگای كۆكردنەوەی زانیاریەكانی سەرەتایی (بەرایی) :

ئەو جۆرە زانیاریانەی كۆدەكرێتەوە یاخود لەپێناو كۆكردنەوەی گشتی تێكڕایی , واتا لێكۆڵینەوەی كۆكردنەوەی یەكەكانی كۆمەلگای توێژینەوەكە و ئەوەش لەو بارودۆخە دەبێت ئەو كۆمەلگایە بچووك بێت بۆ نموونە كە ژمارەی تاكەكانی لە (50) كەس تێنەپەڕێت یان بە متمانە كردنە سەر شێوازی نموونەكان لەو بارودۆخەی كە كۆمەلگاكە گەورە بێت , بەشێوەیەك كە نموونەی كۆمەلگای توێژینەوە نوێنەرایەتی كۆمەلگاكە دەكات بەشێوەیەكی راست و دروست و هەروەها لێكۆڵەرەوەكە ئەوە دەست نیشان دەكات كە چۆن ئەو نموونەی هەڵبژاردووە . و ئایا ئەو نموونەیە لەوانەیە (احتمال) هەبێت و یاخود لەوانەیە نەبێت . ڕێگای كۆكردنەوەی زانیاری سەرەتایی بریتیە لەهەردوو لە كۆكردنەوەی بیروڕا و تێبینی و ئەزموونكاری . ڕێگای وەرگرتنی بیروڕا باشترین ڕێگایە بۆ كۆكردنەوەی ئەو جۆرە زانیاریانەی بەبەراورد كردن لەگەڵ هەردوو ڕێگای تێبینی و ئەزموونكاری , لەكاتی داڕشتنی لیستی وەرگرتنی بیروڕا پێویستە بایەخ بدرێت بەداڕشتنی پرسیارەكان بەشێوەیەك كە دەبێتە مایەی بەدەست هێنانی زانیاری ڕاست و دروست لەو كەسانەی كە زانیاریەكانیان لێ وەردەگیرێت .

3- كۆكردنەوە و شیكردنەوەی زانیاریەكان :

شێوەی زۆری هەیە بۆ كۆكردنەوەی زانیاریەكان لەوانەش : چاوپێكەوتنی كەسی  پۆستە  تەلەڤزیۆن . و لەدوای كۆكردنەوەی زانیاریەكان توێژەرەكە هەڵدەستێت بەنووسینەوە یان بەدەست ئەگەر هاتوو زانیاریەكان كەم بوون یان بەشێوەیەكی ئامێر دەیكات ئەگەر زۆر بوون ئەوەش بەئامانجی شیكردنەوەی ئاماری یان بڕگەكەی بۆ بەسەركردنەوە و تاقیكردنەوەی راستی ئەگەرەكانی توێژینەوەكە بۆ ئەو گیروگرفتەی كە بابەتی لێكۆڵینەوەكەیە .

4- بەدەست هێنانی دەرئەنجامەكان و راسپاردەكان :

لەدوای شیكردنەوەی زانیاریەكان و بەسەركردنەوەی راستی و دروستی ئەگەرەكانی توێژینەوەكان ئینجا لێكۆڵەرەوەكە هەڵدەستێت بەئامادەكردنی ڕاپۆرتێك كە دەرئەنجامەكانی بەدەست هاتوون لەگەڵ راسپاردەكانی پەیوەندن بە چارەسەری ئەو گیروگرفتەی كە خراونتەڕوو دەگرێتەوە , و لێرەشدا پێویستە بایەخ و ئاگاداری بدرێت بەباش ئامادەكردنی ئەو ڕاپۆرتە تاكو تێكڕایی و سەرانسەری ڕوون و دیار بێت بۆ گشت دەرئەنجامەكان و چارەسەریەكان .

## بەشی شەشەم / خستنەبازاڕی ڕاژەكان ( خزمەتگوزاریەكان )

**پێشەكی :**

**خستنەبازاڕی راژەكان لە ڕۆژگاری ئێستا بایەخی زیاد دەبێت لەبەر ئەوەی پێویستی هەیە بە هەوڵدانانی خستنەبازاڕی یەكتر تەواوكەر . كە ژڕ دەبێتەوە لەداواكاریەكان و ئارەزوەكانی مامەڵەكارەكان كە داوای راژەكە دەكەن لەبازاڕەكانی جیاجیا . خستنەبازاڕی راژەكان بایەخەكەی لەوە سەرچاوە دەگرێت كە زیاد بوون لەسەر داواكردنی راژەكە هەیە لەئەنجامی ئەو هۆكارانەی خوارەوە :-**

**1- بەدیار كەوتنی بەرهەمەكانی نویٚ كە پەیوەندن بەزۆر راژەكان كە ئاسانكاری دەكات لەئەنجامدانی ئەركەكانی ئەو وەك راژەكانی كۆمپیتەر و هۆیەكانی پەیوەندی ..... هتد .**

**2- بەرزبوونەوەی داهاتی تاكەكەس بۆ زۆر لەتاكە كەسەكانی كۆمەڵگایەك ئەوەش دەبێتە مایەی زیاد بوونی پلەكانی خۆشگوزەرانی بۆ ئەو جۆرە چینە و لە دواییشدا بەكارهێنانی جۆری دیاریكراو لە راژەكانی جیا و دەگمەن وەك راژەكانی پاككردنەوە و شوشتنی جل و بەرگ بەئامێر .**

**3- زیاد بوونی ئاڵۆزی و هەمەجۆری لەكەرتی ڕاژەكان كە پێشكەش دەكرێت , ئەوەش زۆر لە دام و دەزگاكانی پاڵدا بۆ ئەوەی توێژینەوە بكەن دەربارەی كۆمپانیایەكی تایبەتمەند و پسپۆر یان بەكارخستنی پسپۆران بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە راژانە .**

**بۆ نموونە ئەو یاسایانەی دانراون تایبەتە بەباجی داهات , بەپلەیەك ئاڵۆز بوونە كە پێویستیان بەتوێژینەوە هەیە دەربارەی نوسینگەكانی ژمێریاری پسپۆر بۆ یارمەتیدان لە لێك دانەوە و شیكردنەوە و ڕێكخستنی ئەو جۆرە راژەیە .**

**یەكەم : چەمك و سروشتی راژە :**

**دەتوانرێت راژە پێناسە بكرێت بەوەی (جمووجوڵێكە كە بەرجەستە نیە) واتا بەدەست ناگیرێت (مادی نیە) كە ئامانجەكەی لەبنچینەدا بریتیە لە تێركردنی ئارەزوەكان و داواكاریەكانی بەكاربەرەكان , بەشێوەیەك ئەو جۆرە**

جمووجۆڵە نابەسترێتەوە بەكالاْ یان راژەیەكی تر , و بەگوێرەی ئەو پێناسەیە ئەو راژانە هەردوو لایەنی راژەكانی پیشەیی وەك پارێزەری  ژمێریاری  راژەكانی تەندروستی , هەروەها راژەكانی دارایش دەگرێتەوە وەك راژەكانی بانك و گواستنەوە و نیشتەجێ كردن و پاككردنەوە و راژەكانی فێربوون و خوێندن ......هتد . هەندێك بنچینە هەن لەكاتی پۆلێن كردنی راژەكان متمانەیان دەكرێتەسەر كە بریتین :-

1- جۆری بازاڕ : لەبەر ئەوە دەتوانرێت راژەكان دابەش بكرێت بەگوێرەی جۆری بازاڕەكە یان مامەڵەكارەكە یان دام و دەزگاكە كە ئەو جۆرە راژانەیان پێشكەشدەكرێت , زۆرجار ئەو تێكەلاْویەی خستنەبازاڕ جیاوازە بەگوێرەی ئەو جۆرانەی دابەش كردنی راژەكانی تیایدا پێشكەش دەكرێت .

2- پلەی چڕ كاركردن : ژمارەیەك لە راژەكان هەن لەكاتی پێشكەش كردنیدا پێویستیان هەیە بە دەستەبەركردن و بوونی شارەزایی و لێهاتووی لەو كەسانەی كەئەو راژانە پێشكەش دەكەن وەك راژەكانی فێركردن و خوێندن و بانكەكان و كۆمپانیاكانی فڕۆكەوانی و زۆرجار پلەی رەزامەندی مامەڵەكارەكان دەوەستێتە سەر هەڵسوكەوتی ئەو كارمەندانەی كە راژەكە پێشكەش دەكەن لەماوەی ئەنجامدان و پێشكەش كردنی ئەو راژەیە .

3- پلەی پەیوەندی مامەڵەكارەكان : لەبەر ئەوەی هەندێك لەراژەكان هەن كەپەیوەندی مامەڵەكارەكان زیاترە بەو كۆمپانیایانەی كە ئەو جۆرە راژەیە پێشكەش دەكەن وەك راژەكانی هۆتێل و زانكۆكان و راژەكانی تەندروستی لەبەر ئەوەی ڕواڵەتی مادی هاوبەشە لەو ئاسانكاریانەی كەپەیوەندن بەو راژەیە وەك پاكوخاوێنی و بینایەكان .....هتد . لەهەڵسەنگاندنی مامەڵەكارەكە بۆ باشی و پەختی ئەو جۆرە راژەیە .

4- ئاستی شارەزایی كە راژەكە پێشكەش دەكەن : هەندێك لەراژەكان مەیلی ئاڵۆزبوونیان هەیە وەك راژەكانی پیشەیی . ئەوەش لەبەر ئەوەیە بەشێوەیەكی ئاسایی دەبێت ئەوەی كە مامەڵەكارەكە هەلیدەبژێرێت بۆ پێشكەش كردنی ئەو جۆرە راژانە دەبێت بەپلەیەكی وریایی و تێبینی سەرنج و لێكۆڵینەوەیەكی باش بێت .

5- ئامانجی پێشكەشكاری راژەكە : لەبەر ئەوەی خستنەبازاڕی راژەكان ئامانجی بەدەست هێنانی قازانجە و جیاوازە لەخستنەبازاڕی ئەو جۆرە ڕاژانە , ئەوانەی كەئامانجیان بەدەست هێنانی قازانج نیە .

6- پلەی ملكەچی راژەكە بۆ ئەو یاسایانە و ڕێسایانەی میری كە دانراوە لەبەر ئەوەی هەندێك لە راژەكان بەپلەیەكی زۆر مەلكەچ و پابەندی دەوێت بەو جۆرە یاسایانەی كە دانراوە وەك راژەكانی بانك و كارەبا ...هتد لەهەمان كاتدا هەندێك راژەی تر هەیە كەمتر مەلكەچ و پابەندیان هەیە بەو جۆرە یاسایان وەك راژەكانی پاك و خاوێنی .

## دووەم : تایبەتمەدیەكان و ڕواڵەتەكانی راژەكان :

دەتوانرێت ئەو ڕواڵەتانەی كە خستنەبازاڕی راژەكان جیادەكاتەوە لەخستنەبازاڕی ئەو كالاْیانەی كە بەرجەستەن و پوختەكەی بریتیە لەوەی خوارەوە :-

1- ڕاژەكانی ئەو شتانەی كە بەرجەستەنین , بەواتایەكی تر ناتوانرێت دەست بدرێت یان ئەو ڕاژانە بەدەست بگیرێن هەروەكو ڕوو دەدەن لەبارودۆخی ئەو بەرهەمە مادیانەی كە بەرجەستەن (واتا بەدەست دەگیرێن) و لەدوایدا شتێكی گران دەبێت بۆ مامەڵەكارەكە تاكو باشی و پوختەی ئەو جۆرە ڕاژەیە بزانێت بەبەكارهێنانی هەستەوەریەكانی جیاجیای بۆ نموونە بەدەست گرتن یان تام كردن یان بینین و یان گوێ گرتن و یان بۆن كردن .

2- هاویەكی تەواو و گونجان لەنێوان پێشكەش كردنی ڕاژەكە و بەكارهێنانەكەی بەواتایەكی تر نەبوونی توانا لەسەر لێك جیاوازكردنەوەی كاتی بەرهەمهێنانی ڕاژەكە و كاتی بەكاربردنی .

3- گرانی ڕێگا و شێوەی ڕاژەكە , بەواتایەكی تر نەبوونی توانا لە پێشكەشكردنی ڕاژەكانی گونجاو لەگەڵ گشت مامەڵەكارەكان لەبەر ئەوەی كار ئەنجامدانی پێشكەشكاری ڕاژەكە جیاوازە لەكەسێك بۆ كەسێكی تر و لەكاتێك بۆ كاتێكی تر .

4- نەمانی ڕاژەكە . واتا نەمان و ونبوونی ڕاژەكە لەدوای پێشكەشكردنی و لە دوایشدا نەتوانینی لە كۆگا دانان و عەمبار كردنی بۆ سوود لێ وەرگرتن لە دەرئەنجامەكانی جارێكی تر .

5- ئەو ڕاژەی كەپێویستی نیە بەبەكارهێنانی چڕی كەناڵەكانی دابەشكردنی مادی , هەروەكو ئەو بارودۆخە هەیە لەكالاْ مادیەكان كە ئەوەش داكۆكی دەكات لەسەر بایەخی پەیوەندنی ڕاستەوخۆ لە نێوان كۆمپانیاكانی ڕاژە و مامەڵەكارەكان .

<u>سێیەم: لایەنەكانی بنچینەیی بۆ باشی و پوختی خستنەبازاڕی ڕاژەكان :</u>

پوختی و باشی لەخستنەبازاڕی ڕاژەكان سێ لایەن كاری تێ دەكات كەبریتین, ناودەنگی پێشكەشكەری ڕاژەكە , شارەزاییەكانی پیاوەكانی فرۆشتن كە كاردەكەن لەلایەن كۆمپانیاكانی ڕاژەكە , و بەهای و نرخی ئەو ڕاژانەی كەیاریدەدەرن یان تەواوكەرن , كەلێرەدا ئەو لایەنە سروشتی هەڵوێستی پێشبڕكێ كردن دیاری دەكەن لەبواری پێشكەش كردنی ئەو ڕاژانە , ئەو لایەنانەی ئاماژە كراوە بایەخەكانیان وەردەگرن لەوانەی خوارەوە :-

1- ناودەنگی پێشكەشكاری ڕاژەكە : ئەوە بریتیە لەیەكێك لەو نیشاندەرە گرنگەكتن لە خستنەبازاڕی ڕاژە و بەتایبەت لەبارودۆخی خستنەبازاڕی ڕاژەكانی پیشەیی , وەك ڕاژەكانی پزیشكی یان یاسایی و ژمێریاری , ئەوە سەرەڕای ئەوەی كە ئەو ڕاژانانەی كە خەوش دارنن (عەیب دارن) ناتوانرێت بگەڕێندرێتەوە جارێكی تر پێشكەشكاری ئەو جۆرە ڕاژانە .

2- شارەزایی ئەو كەسانەی كە ئەو ڕاژانە پێشكەش دەكەن لەیەكێك لەنیشاندەرەكانی گرنگ كە فەرمان دەكات و بڕیار دەدات لەسەر ئاستی باشی و پوختی پێشكەش كردنی ئەو ڕاژانە , لەبەر ئەوەی شتێكی گرانە هەروەكو لەمەوبەر ڕوونمان كردەوە ئەنجامدانی كاری شێوەی تەواوی ئەو شارەزاییانە بزانێت بۆ ئەو كەسەی كە ئەو ڕاژانە پێشكەشدەكات لە گشت كات و ساتەكاندا , لەبەر ئەوەی باشی و پوختی ئەنجامدانی ڕاژەكە جیاوازە لەكەسێك بۆ كەسێكیتر و لە كاتێك بۆ كاتێكی تر .

3- بەهای سەربار بۆ ئەو ڕاژانەی یاریدەدەرن ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە هەڵسەنگاندن و فەرماندان لەسەر ئاستی باشی و پوختی ئەو ڕاژەیەی کە پێشکەش کراوە لەبەر ئەوەی ئەو ڕاژە یاریدەدەرانە دادەنرێت بەیەکێك لەو میکانزمانەی پێشبڕکێ کردن کە باشی و پوختی هەندێك ڕاژەکان جیا دەکاتەوە لەوانەی تر و ئەوەش زۆر بەڕوونی دیارە لە کەرتی ڕاژەی بانکی .

<u>چوارەم : ڕەگەزەکانی تێکەڵاوی خستنەبازاڕ لەکەرتی ڕاژەکان (7پ)</u> :

کۆمەڵێك لەڕەگەز یان گۆڕانەکان یان جمووجۆڵەکانی خستنەبازاڕی یەکتر تەواوکەر و بەیەك بەستراوە کە دەردەبڕێت بە (7پ.س)(ڕاژە  نرخ  دابەش کردن  ڕەواج کردن  خەڵك  کردارەکانی پێشکەش کردنی ڕاژە  ژینگەی مادی) کە هەندێکیان متمانە دەکەنە سەر ئەوەی تر , و لەڕێگایەوە ڕێکخراوەکانی ڕاژەیی دەتوانن کۆنترۆڵی لەسەر بکەن و ڕێکی بخەن و بیخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان (حوکمی بکەن) هەروەها هەماهەنگی و گونجان و هەموارکردنی بۆ بکەن بەمەبەستی تێرکردنی پێویستیەکان و ئارەزوەکانی کڕیارەکان کە ئەوەش پێویستی بە تێکەڵاویەکی خستنەبازاڕی بەکردەوە هەیە (فعلی) و دەبێت گونجاو بێت بۆ پێدانی و دەستەبەری پێداویستیەکانی ئامانجی بازاڕەکە .

1- پلان دانانی ڕاژەکە : پێویستە ئەوانەی خوارەوە بگرێتەوە :

 دەست نیشان کردنی تێکەڵاوی ڕاژەکانی داواکراو بۆ ئەوەی پێشکەش بکرێت بۆ مامەڵەکارەکان , و ئەوەی پەیوەندە بەو لەلایەن بڕیارەکانی پەیوەند بە فراوانی و قووڵی ئەو جۆرە تێکەڵاویە .

 بایەخدان بەپێشکەش کردنی ڕاژەکانی نوێ , هەموارکردنی ,گۆڕینی , یان پوژەڵ کردنی هەندێك لەو ڕاژانەی کە ئێستا هەن . 2

2- نرخ دانانی ڕاژەکان : پێویستە ئامانجەکەی ئەوەی خوارەوە بێت :

 پێشکەشکاری ڕاژەکە نرخ بەکاردێنێت بۆ سووك کردن و کەمکردنی کاریگەری هەڵچوون و دابەزینەکان (کەم بوون و زیاد بوون) لە داواکاری ڕاژەکان , واتا پێشکەشکاری ڕاژەکە دەتوانێت نرخەکە دابەزێنێت لەو کاتەی کە داواکاری لەسەر ئەو ڕاژەیە دادەبەزێت و کەم دەبێت , هەروەها دەتوانێت نرخەکەشی بەرزبکاتەوە لە بارودۆخێکی بەپێچەوانە بەمەبەستی ڕێکخستنی داواکاری لەسەر ئەو ڕاژەیە ز

 دەتوانرێت ڕێگای تێکڕای تێچوون بەکاربهێندرێت سەرەرای پەراوێزی قازانجی دیاریکراو لەکاتی نرخ دانان بۆ ڕاژەکان و بۆ نموونە بەتایبەت لەبواری ڕاژەکانی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکان , هەروەها دەتوانرێت نرخ دابنرێت بۆ ئەو ڕاژەیەی کە پێشکەش دەکرێت لەژێر ڕۆشنایی ئاراستەکانی داواکاری لەسەر ئەو ڕاژەیە و

بارودۆخی پێشبڕكێ كردن لەبازاڕدا و بەتایبەت لەبواری راژەكانی پیشەیی , بۆ نموونە وەك ڕاوێژكاریەكانی كارگێڕی و ژمێریاری و ئەندازەیی و راژەكانی پزیشكی و پارێزەر ....هتد .

3- دابەش كردنی راژەكان : دەبێت ئەوەی خوارەوەی تێدا ڕەچاو بكرێت :

- پێویست بوونی بەكارهێنانی كەناڵەكانی راستەوخۆی دابەش كردن لەكاتی دابەشكردنی ئەو راژانەی كە بەكارهێنانی ناوبژیكار تیادا گرانە , كەئەوەش دەرفەتێك دەدات بۆ هەڵسەنگاندنی راژەی باشتر بۆ مامەڵەكارەكان و بەردەست كردنی زانیاری پێچەوانەبووەوە . كە یارمەتی پێشكەشكاری راژەكە دەكات تاوەكو كار ئەنجامدانەكەی باشتر بكات .
- دەتوانرێت ناوبژیوان بەكاربهێندرێت (ناوەند) لەكاتی دابەشكردنی ئەو راژانەی كە پێویستیان نیە بە پەیوەندیەكانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ مامەڵەكارەكان وەك راژەكانی فرۆشتنی فلیمەكان و كارتەكانی تەلەفۆن و هەروەها راژەكانی بریكارەكانی گەشت و گوزار .

4- ڕەواج كردنی راژەكان : پێویستە ئەوانەی خوارەوە تێدا رەچاو بكرێت :

- دەبێت ڕاگەیاندن یان ریكلام پەیوەست بێت بەسوود و سوود بەخشی داهات كە بەكاربەر بەدوای دەگەڕێت لەئەنجامی بەكارهێنانی راژەیەكی دیاریكراو .
- دەبێت هەروەها ڕاگەیاندن و ریكلام چڕ ببێتەوە لەسەر باشكردنی ئاراستەكانی كارمەندان و بیروڕا و هەستیان بەرامبەر ئەنجامدانی ئەو راژەیەی كە پێشكەش دەكرێت ئەوەش بەكەبەستی چاكردنی هەڵوێستی پێشبڕكێ دەزگایەكی دیاركراو .
- دەتوانرێت فرۆشتنی كەسی ڕۆڵێكی دیار و بەرچاوی هەبێت لە خستنەبازاڕی راژەكان , بەهۆی پەیوەندی پتەوی نێوان كڕیار و فرۆشیار . لەدواییدا ڕاهێنان و مەشقی باش بۆ ئەو پیاوانەی كە كاری فرۆشتن دەكەن , یارمەتیدەرە بۆ باشكردنی ناودەنگی دام و دەزگاكە لەلایەن مامەڵەكارەكان و كڕیارەكانی ئەوەش .
- زۆرجار دام و دەزگای راژەیی كە ئامانجی بەدەست هێنانی قازانجە متمانە دەكاتە سەر ڕاگەیاندن و ریكلام بەشێوەیەكی مەزن لەبەر ئەوە ئەو دام دەزگایە وای دەبینێت كە كڕیار و مامەڵەكارەكان بەزۆری دەڕوانن ریكلام و ڕاگەیاندنەكان بەشێوەیەك كە زیاتر بابەتی بێت لە ڕاگەیاندنەكان و ریكلامەكان .

5- خەڵك : هێزی كاركەر (كەسەكان) لەكەرتی راژەكاندا دادەنرێت بە دڵنیاییەك بۆ بەدیهێنانی سەركەوتن لە گشت ڕێكخراوەكان كە كاری لێ دەكات لەبواری پێشكەشكردنی راژە , لەبەر ئەوەی سروشتی ئەو راژەی كە پێشكەش دەكرێت بۆ كڕیار و مامەڵەكارەكان بەڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو دەبێت , لەبەر ئەوەی پێویستە لەو كارمەندانەی كە كاردەكەن لەبواری شارەزایی و لێهاتووویشیان هەبێت لە پەیوەندی و هەڵسوكەوتی ڕاستەوخۆ

لەگەڵ مامەڵەكارەكان ئەوەش هەمووی دەبێتە مایەی ئەوەی كە كرێكارەكە ببێت بە بەشێك لەو راژەیەی كەپێشكەشی دەكات بۆ كڕیارەكانی .

6- كرداری پێشكەش كردنی راژەكان : كرداری پێشكەش كردنی راژەكان گشت ئەرك و فەرمان و رامیاری و كردارەكان و ڕێگاكان و میكانزمەكان و خشتەكان و جمووجۆڵەكان و شێوە و ڕێگاكان كە پەیڕەو دەكرێت لەلایەن ئەو كەسەی كە راژەكە پێشكەش دەكات دەگرێتەوە , ئەوەش بۆ دابین كردنی پێشكەش كردنی راژە بۆ مامەڵەكارەكە و چۆنیەتی ئاراستەكردنی مامەڵەكارەكە و هەلسوكەوت و مامەڵەیان و ئەو شێوە و ڕێگایەی ڕادەكێشن و دەبێتە پاڵنەر و هاندان بۆ بەژداریەكی كاریگەرانە لە كرداری بەرهەمهێنانی راژە و پێشكەش كردنی .

7- ژینگەی مادی (بەڵگەی مادی) : بەڵگەكانی دارایی بریتین لەیەكێك لەو ڕەگەزانەی تێكەڵاوی خستنەبازاڕی راژەیی , كە ئەوە بریتیە لەو هۆكارەی لە چواردەوری ژینگەكەیە لەگەڵ گشت بەڵگەكانی مادی و بەرجەستە كە پەیوەندیدارن لەبەر ئەوەی مامەڵەكارەكان ئەو شتانە بەهەند وەردەگرن بۆ نموونە ڕەچاوی دیكۆرەكان و بەڵگەكانی مادی لەنێو ڕێكخراوەی هوتێلی . لەبەر ئەوە ژینگەی مادی بریتین لەو لایەنانەی كە بەرجەستەن و دەبینرێن وەك كەرستە و كەلوپەل و دیكۆر و ڕەنگ و داڕشتن و دیزاینی ناوەخۆیی و شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلەكان و بوونی هەرا و هۆریا و دەنگەدەنگ و ئەو كاڵایەی كە راژەكەی ئاسانە .

## بەشی حەوتەم / بازرگانی ئەلیترۆنی

**<u>یەکەم : سروشت و چەمکی بازرگانی ئەلیکترۆنی , ئایا بازرگانی ئەلیکترۆنی چیە ؟</u>**

**سروشت و چەمکی بازرگانی ئەلیکترۆنی (The Nature and Meaning of E- Commerce) :**

**لەگرنگترین و دیارترین پێشکەوتنەکان کە ئابووری جیهان بەخۆیەوە بینیوە بریتیە لە پێشکەوتنی سەرسوڕهێنەر لە تەکنەلۆجیا بەشێوەیەکی گشتی , بەتایبەتی لە تەکنەلۆجیای دیجیتال (ژمارەیی) و لەدواییدا کرداری تێکەڵاو کردن لەنێوان ئەو دووانە بووە مایەی دەرکەوتنی ئەوەی کە ناسراوە بەتەکنەلۆجیای زانیاریەکان کە ئەویش بەرۆڵی خۆی هەڵسا بە بەهێزکردنی تەکنەلۆجیای پەیوەندیەکان لەنێوان دەوڵەتان لەدواییشدا ئەوە شتێکی سروشتی بوو کە ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر ئەوەی کە ناسراوە بە بازرگانی ئەلیکترۆنی کە بریتی بوو لە قۆناغێکی چۆنیایەتی نوێ کە باو دەبێت لە جیهان لەسەدەی (21) دا .**

**بازرگانی ئەلیکترۆنی تەنها بریتی نیە لەکردارەکانی کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕکردنی کاڵاکان لە ڕێگای ئینتەرنێت و هەروەها گۆڕینەوەکان و مامەڵەکانی دارییش ئەنجام دەدات . ئەو بوارە فراوان بوو تاکو کردارەکانی کڕین و فرۆشتنی زانیاریەکانیش بەخودی خۆی گرتەوە لەبەر ئەوە ئەو دەروازانەی کە بازرگانی ئەلیکترۆنی دەیکاتەوە و بەردەستیان دەکات بۆ کۆمپانیاکان و دام و دەزگاکان و تاکە کەسەکان تەنها بەو ئاستە ناوەستێت , چەمکی بازرگانی ئەلیکترۆنی ناوەستێت لەسنووری بەکارهێنانی ئامراز و ڕێگاکانی ئەلیکترۆنی لەکرداری کڕین و فرۆشتن و ئەوەی یاوەریەتی لە گۆڕینەوە و ناردن و یەکلاکردنەوەی دارایی کە بەدوای کڕین و فرۆشتنەکە دێت , بەلأم سنوورەکە دەبەزێنێت و دەچێت بۆ بواری ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و ئەنجامدانی دانوستان و گفتوگۆ کە ئەوەش پەیوەندە بە تایبەتمەندی و سیفاتی جۆریەتی و لێکۆڵینەوەی بازاڕەکان . واتا دەتوانرێ بوترێت کە ئەو بازرگانیە زۆربەی هەرەزۆری قۆناغەکان و بازنەکانی بەرهەم هێنان دەگرێتەوە .**

**کۆمپانیا مەزنەکان ڕێگا و هۆکاری ئەلیکترۆنی بەکاردێنن بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان یان هەندێك لە قۆناغەکاندا . و هەر لەسەرەتای حەفتاکان و سەدەی بیستەم , لەوانەیە هەروەها بانکەکانیش دەستیان کرد بەو کارە بەسیستەمی گۆڕینەوەی کاڵایەك لر باڵادەستی ئەو بنچینەیەی دراوی کاغەز , لەدواییدا دەرکەوتنی ئەوەی**

کە ناسراوە ئێستا بەپارەی هێمایی یان ژمارەیی (Digital Money) , هەروەها لە دام و دەزگاکانی کە جمووجۆڵەکەیان بەشێوەیەکی بنچینەیی دەربارەی دراو و جۆرەها شێوەکان .

**چ شتێك لە ئینتەرنێت هەیە ؟**

هەریەکێك لەلایەن لاپەڕەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی لەسەر تۆڕی ئەلیکترۆنی دەربڕ و نوێنەرایەتی ناونیشانێك دەکات (URL) کە ئەوەش کورتەی (Uniforn Resource Locator) , کە دەتوانێ ئەو ناونیشانە بەکاربێت بۆ گەیشتن بەلاپەڕەیەکی دیاریکراو لەپێگەیەکی ئەلیکترۆنی (Website) یان دۆسیەیەکی دیاریکراو و لەو بارودۆخەدا پێویستە لەسەر بەکارهێنەر ناونیشانی ئەو لاپەڕەیە یان ئەو پێگەیە بزانێت . بەڕێگای ئەویشەوە دەتوانێ زانیاری و بەرهەمەکانی هەزارەها کۆمپانیای جیاجیا بزانێت , یەرەرای دەیان ملیۆن لەهاوبەشەکان کە ژمێریاری ئەلیکترۆنیان هەیە واتا پۆستی ئەلیکترۆنی (Email) لەتۆڕەکەدا . سەرەرای زانیاریەکانی کە بەردەستن و دەدرێن لەلایەنی ئامارەکانی میری و ئامارەکانی دارایی و نرخی پشکەکان و ڕوون کردنەوەی تێروتەسەل لەسەر داهاتەکانی داهێنان . و سەرچاوەکانی خستنەبازاڕ و دابەشکردنی و لایەنەکانی تر . دەتوانی ئینتەرنێت بەکاربێنی بۆ زانینی دەنگوباسی دونیا و چاودێری نرخی پشکەکان بکەیت و بگەڕێیت بۆ کڕیارەکانی کە ڕەچاو کراون و بارودۆخی دارایی بپشکنی و گفتوگۆ لە گیروگرفتەکان بکەی لەگەڵ پسپۆڕان و زانینی ئەو پێشکەوتنە نوێیانە کە دێتە ئاراوە و هەروەها دەتوانی کۆمپانیای تایبەتی خۆت بخەیتە بازاڕ لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە .

**ئایا بازرگانی ئەلیکترۆنی چی یە (What is E-Commerce) ؟**

بریتیە لەکۆمەڵێك لە ئالوگۆڕکردنی ئەلیکترۆنی کەپەیوەستە بەچەندین جمووجۆڵی بازرگانی . چەمکی بازرگانی ئەلیکترۆنی تەنها لە سنوورێك ناوەستێت کە بریتیە لەبەکارهێنانی هۆکار و ئامرازی ئەلیکترۆنی لەکرداری کڕین و فرۆشتن و ئەو کردارانەی کەبەدوا دادێت لەناردن و ئالوگۆڕی دارایی کەچی سەرەڕای ئەوە سنوورەکە دەبەزێنێن بۆ بەرهەم و گۆڕینەوەی زانیاری و ئەنجامدانی دانوستان لە ڕێگای ئەوەی کە ناسراوە بەگۆڕینەوە و ئالوگۆڕی زانیاریەکانی ئەلیکترۆنی .

ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری گەشەپێدان پێناسەی کردووە کە دەڵێت بەشێوەیەکی گشتی وەصفی دەکات دەڵێت "مامەڵەکانی بازرگانیە کە ئەنجام دەدرێت لەلایەن تاکەکەسەکان و دەستەکان کەمتمانە دەکاتە سەر چارەسەری و گواستنەوەی زانیاریەکانی ژمارەیی . لەگەڵیشاندا وێنە و دەنگ و ڕەنگ ئەوەش لەڕێگای ئەو تۆڕانەی کراونەتەوە وەك ئینتەرنێت . لەبەر ئەوە ئەو چەمکەی کە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی بۆی چووە کە دەڵێت ئەو بازرگانیە کردارەکانی بەرهەمهێنان و رەواج کردن و فرۆشتن و دابەشکردنی بەرهەمەکان دەگەڕێتەوە ئەوەش لەڕێگای پەیوەندی تۆڕی ئەلیکترۆنی و ئامرازەکانی تر , وەك تەلەفۆن و فاکس و تەلەفزیۆن و ئالوگۆڕی ئەلیکترۆنی

زانیاریەكان و پۆستی ئەلیكترۆنی و ئینتەرنێت لەڕێگای پێگە (World Wide Web www) كەئەوەش چەمكێكی نوێیە هەڵدەستێت بەڕوون كردنەوەی كرداری فرۆشتن و كڕین یان ئالوگۆڕی و گۆڕینەوەی بەرهەمەكان و راژەكان و زانیاریەكان ئەوەش لەڕێگای تۆڕەكانی ئامێری لەگەڵیشیاندا ئینتەرنێت .

و بازرگانی ئەلیكترۆنی بریتیە لەسیستەمێكی كراوە كەلە ڕێگای ئینتەرنێت مامەڵەكان و ئالوگۆڕی و جووڵەكانی فرۆشتن و كڕینی كالآكان و راژەكان و زانیاریەكان بەردەست دەكات (دابین دەكات) و گشت جووڵە ئەلیكترۆنیەكان دەگەڕێتوە كە پاڵپشتی دەسكەوتی داهات دەكات وەك ئەو كردارانەی كە داواكاری بەهێز دەكەن لەسەر ئەو كالآ و راژانە و زانیاریانە و ئەو كردارانەی كە پشتگیری و پاڵپشتی فرۆشتنەكان و راژەكانی كڕیارەكان دەكات .

كەچی ژمارەیەك تێڕوانین (روانگە) هەیە لەپێناو پێناسەكردنی بازرگانی ئەلیكترۆنی كە ئەو تێڕوانینانە بریتین لە :-

- لەڕوانگەی جیهانی پەیوەندی بازرگانی ئەلیكترۆنی پێناسە دەكرێت بەوەی كە بریتیە لەو ئامراز و ڕێگایە كە لە پێناو پەیوەندی كردنی زانیاریەكان و یان بەرهەمەكان دەبێت ئەوەش لەڕێگای هێڵەكانی تەلەفۆن یان تۆڕەكانی كۆمپیتەر یان هۆكار ڕێگایەكی تەكنیكی .
- لەڕوانگەی كارە بازرگانیەكان پێناسە دەكرێت بەوەی كە بریتیە لەكرداری جێبەجێ كردنی تەكتیكی لەپێناو ئەوەی كە مامەڵە بازرگانیەكان وا بكات بڕوات بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی وە بەخودی خۆی و خێرایە .
- لەكاتێكدا كە راژەكان پێناسەی بازرگانی ئەلیكترۆنی دەكەن بەوەی كە بریتیە لە ئامرازێك لە پێناو بەدیهێنانی ئارەزوەكانی كۆمپانیاكانی و كۆمپانیاكان و بەكاربەرەكان و بەڕێوبەرەكان دایە لەلایەن دابەزاندن و كەكردنەوەی تێچوونی راژەكانی و بەرزكردنەوەی لێهاتوویی و تواناداری و كاركردن لەسەر بەخێراكردنی گەیشتنی راژەكان .
- وە دوجار و نەلەجاری كۆتایی , جیهانی خستنەبازاڕ بازرگانی ئەلیكترۆنی پێناسە دەكات بەوەی كە بریتیە لەكردنەوەی بوارەكان و دەرفەت بۆ كڕین و فرۆشتن و دۆزینەوەی ئالۆگۆڕی و گۆڕینەوەی بەرهەمەكان و راژەكان و زانیاریەكان لە ڕێگای ئینتەرنێت .

<u>دووەم : كورتە مێژوویەك دەربارەی گەشەكردنی بازرگانی ئەلیكترۆنی( E-commerce Historical Developmment f) :</u>

جێبەجێ كردنەكان بازرگانی ئەلیكترۆنی سەریان هەڵدا لە سەرەتای حەفتاكان لە سەدەی بیستەم . وە لە گرنگترین جێبەجێ كردنەكان مامەڵەكان و ئالۆگۆڕكردنی ئەلیكترۆنی بۆ داراییەكانی كاش (EFT) بەلآم ئەو سنوورەی نەبەزاند بۆ جێبەجێ كردنی كۆمپانیاكانی بازرگانی زەبەلاح . بەلآم هەندێك لەدام و دەزگا بازرگانیە بچووكەكان ئەنجامیان دەدا , لەدواییدا ئەوە دەركەوت كە پێی دەگونرێت ئالوگۆڕكردنی ئەلیكترۆنی بۆ زانیاریەكان (Electronic Data Interchanging EDI) كەئەوەش چوارچێوەی جێبەجێ كردنی بازرگانی ئەلیكترۆنی

فراوان کرد , لەو بارودۆخەی کە تەنها بریتی بوو لەمامەڵەکانی دارایی و گۆڕی و فراوانی کرد بۆ مامەڵەکانی تر , ئەوەش وایکرد هاوبەشی کۆمپانیاکان لەو جۆرە تەکنیکە لە دام و دەزگاکان و کۆمپانیاکانی دارایی زیاد ببێت بۆ دروستکەر و فرۆشتنی تاك و دام و دەزگاکانی راژەیی و فرۆشتن و کڕینی پشکەکان لەسەر ئینتەرنێت و لەو هۆیانەی کە بووە مایەی گەشەسەندنێکی گەورە لە ژمارەی جێبەجێ کردنەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنی بریتی بوو لەهۆی پێشکەوتنی تۆڕەکان و پرۆتۆکۆلەکان و پرۆگرامەکان و بەهۆیەکی تر بوو بۆ ئەو زیادبوونە , کە ئەوەش بریتی بوو لە دەرئەنجامێك بۆ زیاد بوونی توندی پێشبڕکێ لە نێوان کۆمپانیاکان .

لەپێناو جێبەجێ کردنی ئەو جێبەجێکاریانە پێویستە ئەو زانیاریانەی کە پشتگیری و پاڵپشتی و ئەو سیستەم و ئەو ژێرخانە بەدەست بێت کە ئەوەش متمانە دەکاتە سەرچوار لایەنی گرنگ :-

1- تاکەکان  کەسایەتیەکان  سوودمەندەکان  بەکارهێنەرەکان .

2- رامیاری گشتی .

3- پێوەرەکان و پرۆتۆکۆلەکانی تەکتیکی .

4- کۆمپانیاکانی تر .

<u>سێیەم : سروشتی زانستی بازرگانی ئەلیکترۆنی (The Scientific Nature of E-Commerce)</u> :

بازرگانی ئەلیکترۆنی زانستێکی نوێیە لە بوارێکی نوێدا , لەبەر ئەوەی تا ئێستا بەبەردەوام لە پێشکەوتنی بۆچوونەکانی زانستی و تیۆرش دایە و ئەوەی ڕوون و دیارە کە بازرگانی ئەلیکترۆنی متمانە دەکاتە سەر هەندێك لەزانستی جیاجیا و لەوانەش :-

1- زانستی خستنەبازاڕ : زۆر لەو بابەت و لایەنانەی کە پەیوەندیان هەیە بەخستنەبازاڕ لەجیهانی ڕاستەقینەدا دەبینین کە پەیوەندی هەیە بەجیهانی ئینتەرنێت وەك راگەیاندن و ڕیکلام و رەواج کردن و فرۆشتن و کڕین .

2- زانستی کۆمپیتەر : هەندێك جار پێویستە لە تواناداری و زانینی زمانەکانی پرۆگرام و تۆڕەکانی ئەلیکترۆنی لەپێناو پێشخستن ە بەکارهێنانی پێگەکان و دامەزراندنی بازاڕی ئەلیکترۆنی .

3- دەروون و هەڵسوکەوتی بەکاربەر : هەڵسوکەوتی بەکاربەر بریتیە لە کلیلی سەرکەوتن لە بازرگانی کۆمپانیا بۆ بەکاربەرەکانی و هەروەها هەڵسوکەوتی کڕیار بایەخێکی تری هەیە .

4- زانستی سەرچاوەکانی دارایی : بانکەکان و بازاڕەکانی دارایی دادەنرێت بەگرنگترین بەکارهێنەرانی بازرگانی ئەلیکترۆنی و هەروەها گۆڕینەوە و ئالوگۆڕکردنەوەکان و ڕێکەوتنەکانی دارایی شوێنێکی گەورەی هەیە لەجیهانی ئینتەرنێت .

5- زانستی ئابووری : بازرگانی ئەلیکترۆنی دەکەوێتە ژێر کاریگەری هێزی ئابووری و کاریگەریشی بەهێزیشی هەیە لەسەر ئابووریەکانی جیهان و ئابووریەکانی وولاتان .

6- بەڕێوەبردنی سیستەمی زانیاری : بریتیە لەو بەشەی كە بەرپرسە لەبەكارهێنان و بەڕێوەبردنی بازرگانی ئەلیكترۆنی و زۆر لایەن دەگرێتەوە وەك شیكردنەوەی سیستەم بۆ تەواوكاری سیستەمە بەزیادكردنی بۆ سیستەمی پلاندانان و ئاسایش و جێبەجێ كردن .

7- ژمێریاری و ووردبینی فەرمی بۆ ژمێریاریەكانی بازرگانی : ئەو كردارانە ئەنجام دردرێن لەدوای نووسینگەكانی مامەڵەكانی ئەلیكترۆنی زۆر جیاواز نیە لە مامەڵەكانی ئاسایی .

8- زانستی كارگێڕی : پێویستە بازرگانی ئەلیكترۆنی بەشێوەیەكی باش بەڕێوە ببردرێت و لەبەر هۆی چوونە ناویەك و تێكەڵبوونی زۆر لە زانستەكان لەنێو زانستی بازرگانی ئەلیكترۆنی دا , لەبەر ئەوە بەڕێوبەر پێویستە لەسەری كەخۆی پێش بخات و بۆچوونە نوێیەكان بدۆزێتەوە لەزانستی كارگێڕی .

9- یاساكانی بازرگانی و خوڕەوشت : لایەنە یاساییەكان و خوڕەوشتەكان , لەبابەتە گرنگەكانن لە جیهانی بازرگانی ئەلیكترۆنی بەتایبەت لە بازاڕەكانی جیهاندا و هەروەها چۆنیەتی و بەڕێوەبردنە ئینتەرنێت و چۆنیەتی هەڵسوكەوت لەگەڵ دەرفەت بۆ ئەو لایەن و بابەتە یاساییانەی كە گرنگن .

**چوارەم : تایبەتمەندی و سوودەكانی بازرگانی ئەلیكترۆنی :**

بازرگانی ئەلیكترۆنی ژمارەیەك لەلایەنی باش و جیاواز و سوودمەندی دەگەیەنن كە توانا دەدەن بەوەی كە سوود وەربگرێت لێیان لەلایەن كۆمپانیاكان و تاكەكەسەكان بەشێوەیەكی زۆر و لەوانەش :-

1- ئاسانی بەردەستی زانیاریەكان : راستی و دروستی و ڕوونی لەو زانیاریانەی كە بەردەستن بەشێوەیەكی رێژەیی لەڕێگای ئینتەرنێت دادەنرێت بنچینەیەك بۆ پێشكەوتنی بازرگانی ئەلیكترۆنی و پتەو كردت و بەهێزی باوەڕ پێیان وەك ئامرازێك و ڕێگایەكی سەرەكی بۆ گۆڕینەوە و ئالوگۆڕی كالآكانی نێودەوڵەتی .

2- كاریگەری خستنەبازاڕ و داهاتی زۆرتر : متمانە كردنی كۆمپانیاكان لەسەر ئینتەرنێت لە خستنەبازاڕدا دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێنێت كە بەرهەمەكان و راژەكانیان بخەنەڕوو لە جۆرەها بەشەكانی جیهاندا بەبێ هیچ پچڕانێك لەماوەی (24) كاتژمێر بەبەردەوامی لەڕۆژێكدا (360) ڕۆژ لە ساڵێك , وە ئەوەش بۆ ئەو كۆمپانیایانە دەرفەتی گەورەتر دابین دەكات بۆ بەدەستهێنانی قازانجی سەربار سەرەرای گەیشتینیان بۆ زیاترن لەكڕیارەكان .

3- ئازادی هەڵبژاردن : بازرگانی ئەلیكترۆنی دەرفەتی زیادبوونی جۆرەها شێوەی شوێنەكانی ئەلیكترۆنی دەستەبەر دەكات لەسەر ئینتەرنێت و سەرەرای ئەوە هەڵدەستێت بەپێدانی زانیاری تەواو بۆ كڕیارەكان دەربارەی بەرهەمەكان بەبێ هیچ كۆسپ و تەگەرەیەك و پاڵەپەستۆیەك لەلایەن پیاوانی فرۆشتن .

4- پاشەكەوت كردنی كات و هەوڵدان : بازاڕەكانی ئەلیكترۆنی ئەو سروشتەی هەیە كە كاردەكات بەشێوەیەكی بەبێ پشوو و وەستان كە ئەوەش وادەكات ئاسان بێت بۆ كڕیارەكان بۆ ئەوەی هەوڵ و كاتیان پاشەكەوت بكەن و بەفیڕۆی نەدەن بەتایبەت بۆ ئەو كالآیانەی كەپێویستیان بەگەشت هەیە یان بەچاوەڕوانی هەیە و هەروەها

پێویست ناكات ئەوان ئەو كالآیە بگوازنەوە بۆ ماڵەكانیان , سەرەرای بوونی كارتەكانی دڵنیایی متمانەیی لەسیستەمی پارەدانی گونجاو و بەكارهێنانی (ATM) یان كاشی (پارە) ئەلیكترۆنی (E-Money) .

5- كەم كردنەوە و دابەزاندنی تێچوونی گۆڕینەوە (ئالوگۆڕكردن) : لەبەر ئەوەی بازرگانی ئەلیكترۆنی هەڵدەستێت بەكەمكردنەوەی ماوەی ئابووری كە بەرهەمهێنەرەكان جیادەكاتەوە لەگەڵ بەكاربەرەكان كەئەوان دەتوانن راستەوخۆ هەلسن بەئەنجامدانی كرداری كڕین بەبێ ئەوەی پەنا ببەنە بەر ڕێگاكانی ئاسایی و بازرگانی بەكۆمەڵ . و بوونی توانای داواكردنی كالآیەك كە دەگونجێت لەگەڵ پێویستیەكانی تایبەتی كڕیارەكان . واتا لەرادەست كردنی لەكاتێكی دیاریكراو بۆ ئەو راژانە و كالآیانەی كە بەرجەستەن نین (مادی نین) و لەهەر جۆرە شێوەیەكی ژمارەیی بن .

6- دابەزاندنی نرخەكان : ژمارەیەكی زۆر لە كۆمپانیاكان هەن لەسەر ئینتەرنێت كە كالآ و راژەكانیان دەفرۆشن بەنرخێكی كەمتر بەبەراورد لەگەڵ شوێنەكانی بازرگانی ئاسایی و ئەوەش لەبەر ئەوەی خستنەبازاڕ و فرۆشتن لەسەر ئینتەرنێت زۆر لەتێچوون كە خەرج دەكرێت پاشەكەوت دەكات لە فرۆشتنی خستنەبازاڕی ئاسایی , و بەواتایەكی تر خستنەبازاڕ لە چاخی ئینتەرنێت دادەنرێت لە خستنەبازاڕێكی پێچەوانەكردنەوە , لەبەر ئەوە كڕیارەكان بەخودی خۆیان زانیاریەكان دیاری دەكەن دەربارەی كالآیەك یان راژەكان خستنەڕوو و پارەپێدان كە دەگونجێت لەگەڵ تواناكانی كڕین و ئارەزوەكانی .

7- بەدەست هێنانی ڕەزامەندی بەكارهێنەر : كردارەكانی ئینتەرنێت پەیوەندی كارلێك كردنی راستەوخۆ دەستەبەر دەكات بەشێوەیەك بۆ ئەو كۆمپانیایاتەی كە لە بازاڕی ئەلیكترۆنی دا هەن . یان لەسەر تۆڕی جاڵجاڵۆكەیی هەن دەتوانن سوود وەربگرن لەو لایەنە باشە و تایبەتمەندیە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی كڕیار بەو پەڕی خێرایی كە ئەوەش وادەكات راژەیەكی باشتر بۆ ئەوانە دابین بكات لەگەڵ بەدەست هێنانی لایەنگیریان .

8- دابەزاندنی خەرجی كۆمپانیاكان : كرداری ئامادەكردن و نوێ كردنەوەی پێگەی بازرگانی ئەلیكترۆنی لەسەر تۆڕی جاڵجاڵۆكە زیاتر ئابووریانەیە لەدروست كردن و دابەش كردنی بازاڕ , لەبەر ئەوەی پێویست ناكات بەزۆر لەخەرجی دارایی لەسەر دابینكردنكانی لایەنەكانی رەواج كردنی كارگێڕی و راژەی كڕیارەكان لەبەر ئەوە بنچینەی زانیاریەكان هەیە لەسەر ئینتەرنێت كە بەراوردی كردارەكانی كڕین و فرۆشتن و ناوی كڕیارەكان لەكۆمپانیاكان دەپارێزێت , كەئەوەش وادەكات كە ڕەگەزی مرۆیی كەم بكاتەوە و هەروەها بۆ ئەو تاكە كەسە بەتەنیا دەتوانێت زانیاریەكان بۆ خۆی بگێڕێتەوە .

<u>پێنجەم : بەشەكانی جێبەجێ كردنی بازرگانی ئەلیكترۆنی :</u>

جێبەجێ كردنەكانی بازاڕی ئەلیكترۆنی دابەش دەكرێت بۆ سێ بەش :-

1- كڕین و فرۆشتنی بەرهەمەكان و راژەكان ئەوەی كە ناو دەبرێت بەبازاڕی ئەلیكترۆنی .

2- ئاسانکردن و ڕواندن و ڕژانی زانیاری و پەیوەندیەکان و هاریکاری لەنێوان کۆمپانیاکانی و لە نێوان بەشەکانی جیاجیای یەك کۆمپانیا .

3- دابین کردن و دەستەبەری راژەی کڕیارەکان .

شەشەم : جمووجۆڵەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنی (Activities of E-Commerce) :

بازرگانی ئەلیکترۆنی لەلایەنی سروشتی مامەڵەکانەوە پۆلێن دەکرێت بۆ ئەو پۆلانەی خوارەوە :-

1- بازرگانی ئەلیکترۆنی لەکۆمپانیاکان بۆ کۆمپانیاکان :

بەشێوەیەکی کورت بەهێمای (B2B) ئاماژەی بۆ دەکرێت ئەوەش بریتیە لە کردارێکی کڕین و فرۆشتن لە نێوان کۆمپانیاکان و بریتیە لە گۆڕینەوە و ئالوگۆڕی بازرگانی ئەلیکترۆنی لەنێوان کۆمپانیایەك و کۆمپانیایەکی تر و زۆرینەی مامەڵەکانی بازرگانی دەکەونە ژێر ئەو خانەیە وە ئەوەش بریتیە لەسیستەمی زانیاری لەنێوان کۆمپانیاکان و مامەڵەکردنەکانی بازاڕی ئەلیکترۆنی لەنێوان ڕێکخراوەکاندا .

2- بازرگانی ئەلیکترۆنی لەکۆمپانیای بەکاربەر (Business To - Consumer) :

بەکورتی ئاماژەی بۆ دەکرێت بەهێمای (B2C) کە ئەوەش بریتیە لەفرۆشتنی کالاّ و راژەکان لە کۆمپانیاکانی بەکاربەر و مامەڵەکارەکانیان ئەوەش لەڕێگای فرۆشتنی بەدانە بۆ بەکاربەر , نموونەش بۆ ئەوە کۆمپانیای (Amazon . com) بۆ فرۆشتنی پەرتوك بۆ بەکاربەرەکان دادەنرێت لە چوارچێوەی ئەو خانەیە .

3- بازرگانی ئەلیکترۆنی لەبەرکاربەر بۆ بەکاربەرێك (Consumer – To - Consumer) :

بەکورتی ئاماژەی بۆ دەکرێت بەهێمای (C2C) و لێرەدا فرۆشتنی بەکاربەرێك بۆ بەکاربەرێکی تر بەشێوەیەکی راستەوخۆ و نموونەش بۆ ئەوە لەکاتی کە بەکاربەرێك هەڵدەستێت بەدانانی ڕیکلام و راگەیاندن لە پێگەی تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی لەسەر ئینتەرنێت لەپێناو فرۆشتنی شتومەکی کەسی یان شارەزاییەکی بەرجەستەکراو .....هتد هەروەها بوار هەیە بۆ فرۆشتن بەزیاد کردن لەسەر ئینتەرنێت وەك (EBay) .

4- بازرگانی ئەلیکترۆنی لەبەرکاربەرێك بۆ کۆمپانیا (Consumer – To - Business) :

بەکورتی ئاماژەی بۆ دەکرێت بەهێمای (C2B) کە لێرەدا تاکە کەسەکان و مرۆڤەکان دەگرێتەوە کە هەڵدەستن بەفرۆشتنی بەرهەمەکان یان راژەکان بۆ کۆمپانیاکان وەك ناوبژیکار .

5- بازرگانی ئەلیکترۆنی بێ قازانج (Non Profit E-Commerce) :

ئاماژەی بۆ دەکرێت بە (Non - PEC) لەبەر ئەوەی دەبینین کە زۆر لەکۆمپانیاکانی کەبێ قازانجن , جۆرەها بازرگانی ئەلیکترۆنی جیاواز بەکاردێنن وەك دام و دەزگاکانی ئاینی و کۆمەلأیەتی و خێرخوازی , ئەوەش لەپێناو کەمکردنەوەیتێچوونی کارگێڕی ئەو دامودەزگایانە یان بۆ مەبەستی چاکردنی بەڕێوەبردنی ئەو دەزگایە و راژە کردنی کڕیارەکانیان و شێوەی هزری کۆمپانیاکە .

6- بازرگانی ئەایکترۆنی لەنێوان ڕێکخراوەکان (دام و دەزگاکان)(Within Business) :

ئاماژەی بۆ دەکرێت بە (Intra - Organzation) و گشت جمووجوڵەکانی ناوەخۆیی ڕێکخراوەکە دەگرێتەوە کە ئەوەش زۆرجار تەواو ئەنجام دەدرێت لەسەر تۆڕی ناوەخۆیی کۆمپانیاکە و گۆڕینەوەی بەرهەمەکان یان راژەکان یان زانیاریەکان دەگرێتەخۆ , ئەو جۆرە جمووجوڵأنە فراوانتر دەبێت تاکو فرۆشتنی بەرهەمەکانی کۆمپانیاکە دەگرێتەوە بۆ فەرمانبەرەکانیان بۆ ئەو جمووجوڵأنەی کە ئامانجی سنووردانە بۆ تێچوونی کارگێڕی ڕێکخراوەکە و ڕاهێنانی کارمەندەکانی ئەوەش بەبەکارهێنانی تۆڕەکان .

<u>حەوتەم : سیستەمەکانی زانیاری لەنێوان دام و دەزگاکان (ڕێکخراوەکان) لەبازرگانی ئەلیکترۆنی دا , و جۆرەکانی سیستەمی زانیاری لەنێوان ڕێکخراوەکان :</u>

<u>سیستەمی زانیاری لەڕێکخراوەکان لەبازرگانی ئەلیکترۆنی</u> .

E-Commerce and Business Information system

سیستەمەکانی زانیاری لە نێوان دام و دەزگا و ڕێکخراوەکان بریتیە لەو سیستەمەی کە ژمارەیەك لەلایەنەکانی بازرگانی بەیەك دەبەستێتەوە تاکو کۆمپانیاکەش بگرێتەوە و لەگەڵ دابینکەرەکان و بەکاربەرەکانیش بگرێتەوە و لە ڕێگای سیستەمەکانی زانیاری لەنێوان ڕێکخراوەکاندا فرۆشیار و کڕیار دەتوانێ مامەڵەکاری بازرگانی ڕۆتینیان ڕێکبخەن و ئەنجامی بدەن , ئەوەش دەکرێت بەگۆڕینەوەی زانیاری لەڕێگای تۆڕەکانی پەیوەندی گونجاو تاکو تەلەفۆن و بەڵگەنامەی کاغەزی و پەیوەندیەکانی بازرگانی بەکارنەیەت . لەمەوبەر سیستەمەکانی زانیاری لەنێوان ڕێکخراوەکان ئەنجام دەدرا لەڕێگای تۆڕەکانی پەیوەندی تایبەت . بەلأم ئاراستەی ئێستا بریتیە لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ ئەو مەبەستانە .

<u>جۆرەکانی سیستەمی زانیاری لەنێوان دام و دەزگاکانی بازرگانی ( Types of Business Information System)</u> :

1- گۆڕینەوەی ئەلیكترۆنی بۆ زانیاریەكان (EDI)(Electronic Data Interchange) :ئەو جۆرە پەیوەندی كردنی كۆمپانیاكە بەكۆمپانیایەكی تر دابین دەكات بەشێوەیەكی پارێزراو و ئاسایش , ئەوەش لەڕێگای تۆڕەكانی بەهای سەربار (Value Added Network) .

2- تۆڕەكانی سەربار (Exranet) كە ئەوەش پەیوەندی كۆمپانیاكە بەكۆمپانیاكانی تر دابین دەكات بەشێوەیەكی پارێزراو لەڕێگای ئینتەرنێت .

3- گواستنەوەی ئەلیكترۆنی بۆ سەرمایە (Electric Funds Transfer) .

4- پەیوەندی یەكتر تەواوكەر (Integrated Communication) : كە ئەوەش بریتیە لە كرداری ناردنی نامەی ئەلیكترۆنی و بەڵگەنامەی فاكس لە ڕێگای سیستەمێكی یەكگرتوو بۆ ناردنی ئەلیكترۆنی .

5- بنچینەی زانیاریەكانی هاوبەش (Sharing Data Base) : لێرەدا ئەو زانیاریانەی كە عەبار كراون (دانراون) لەبنچینەی زانیاریەكان دەتوانرێت ببینرێت و چاویان پێ بخشرێتەوە لەلایەن گشت لایەنەكانی هاوبەش لەو بازرگانیە . وە مەبەستیش لەو هاوبەشیە بریتیە لە كەمكردنەوەی ئەو كاتەی كە پێویستە بۆ ناردنی زانیاریەكان وە وەرگرتنیان ئەگەر هاتوو زانیاریەكە نەخسترابێتە ڕوو بۆ گشتیان و هاوبەش بن و هاوبەشی دەتوانن سەیری بكەن بەڕێگای تۆڕەكانی سەربار .

6- بەڕێوەبردنی زنجیرەی دابین كردن (Supply Chain Management) كە ئەوە بریتیە لە هاریكاری لەنێوان كۆمپانیاكان و دابینكەرانی بەكاربەرەكانی لەبواری پێشبینی كردن بەداواكاری و بەڕێوەبردنی لیستی هاوێرد كردن (جرد) و كۆتایی هێنانی داواكاریەكانی بازرگانی كە ئەوە هاریكاریە دەبێتە مایەی كەمكردنەوەی ئەو كاڵایانەی كە لە كۆگا دانراون و دەبێتە مایەی خێرا كردنی ناردنی كاڵاكان و ڕێگادان بە دروست كردنی یان پیشەسازی كردن .